# گوڵان

بۆ ئەمڕۆ و سبەی

ساڵی سییەم (١٣٩٣)- (١١)ی کانونی یەکەم ٢٠٢٣




هاوخەمی بۆ قوربانییانی
ئاگرکەوتنەوەکەی شاری سۆران

# لە کابینەی نۆیەمدا ٣٣٠ پڕۆژە بە سەرمایەی زیاتر لە ١٥ ملیار دۆلار جێبەجێ کراون

لەکەرتی پیشەسازی ٢،٥ ملیار دۆلار سەرمایە و لە کەرتی گەشتیاری زیاتر لە ٧ ملیار دۆلار بەگەڕ خراوە

ناوچەی پیشەسازی و کارگەی ڕیسایکلین دوو پڕۆژەی گەورەی ستراتیژین و بەردی بناغەیان لە زاخۆ بۆ دانراوە

کارگەی ڤان ستیل ساڵانە ٧٠٠ هەزار تۆن شیش بەرهەم دەهێنێت و هەلی کاری ڕاستەوخۆ بۆ زیاتر لە ٩٠٠ کرێکار و کارمەند زامن دەکات






# ماڵئاوایی بریمەر

## ٩٤

دوای دەرچوونی بڕیاری ژمارە (١٥٤٦)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و دامەزراندن و پێکهێنانی حکوومەتی ئینتیقالی، ئەرکی بریمەر کۆتایی هات، هەرچەند بڕیار بوو ڕۆژی ٣٠ی حوزەیرانی ٢٠٠٤ سەروەریی عێراق ڕادەستی حکوومەتی ئینتیقالی بکرێتەوە، بەڵام بریمەر زووتر لە کاتی خۆی و لە ٢٨ی حوزەیرانی ٢٠٠٤ ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتی کرد و دەستبەجێ عێراقی بەجێهێشت و گەڕایەوە ئەمەریکا. بەر لە جێهێشتنی عێراق بە مەبەستی خواحافیزی ڕۆژی ٢٢ی حوزەیرانی ٢٠٠٤ سەردانی سەلاحەددینی کرد و بۆ بەسەرکردنەوە و بینینی ناوچەکە پێکەوە سەردانی بێخاڵمان کرد و ناوچەکەم پێی نیشان دا. لە کاتی تێپەڕبوونمان بە گەلی عەلی بەگدا پێم گوت: (بریمەر ئەگەر پێشمەرگە نەبان دە تیرۆریست لەناو گەلی عەلی بەگدا بن و ڕێگە بگرن هەموو بارودۆخەکە تێک دەچێت و دەشێوێندرێت). لە وەڵامدا ڕایگەیاند: (دۆستەکەم، کۆتایی بەو بابەتە هات و تەواو).

بەڕاستیش لەسەرەتادا هیچ شارەزاییەکی نەبوو و کەسێکی ناشارەزا بوو، بەڵام دوای ماوەیەک و تێکەڵبوون و شارەزابوون و تێگەیشتن لە بارودۆخ و ناوچەکە گۆڕانێکی زۆر بەسەر تێڕوانینەکانیدا هات، بەڵام زۆر درەنگ بوو. بۆ ئەو، ئەزموونێکی نوێ بوو وەک چۆن بۆ ئێمەش بابەت و ئەزموونێکی نوێ بوو. هەر چەندە ئێمە بارودۆخی ئەمەریکامان زۆر لەبەرچاو دەگرت، بەڵام بەداخەوە ئەمەریکا بەو شێوەیە حسابیان بۆ کورد نەدەکرد، بەڵێنەکانیان بەجێ نەگەیاند و بە تەواوی ئەو پەندە کوردییەیان جێبەجێ کرد کە دەڵێت (بەپێیەکان بگرن، بێپێیەکان هی خۆمانن). ئێمەش هەڵەیەکی زۆرمان کرد و دەرفەتی باشمان لە دەست دا.




(کورد لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا) ناونیشانی کتێبێکی بەڵگەنامەییە کە برای نووسەر (فەیسەڵ دەباغ) لە عەرەبییەوە کردوویەتی بە کوردی، ئەم کتێبە لە بڵاوکراوەکانی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستانە، بە قەبارەی گەورە و (٢٣٠) لاپەڕە کەوتووەتە بەر دیدی خوێنەرانەوە. کتێبەکە کۆمەڵێك بەڵگەنامەی بەریتانی لەخۆ دەگرێت و لە بنەڕەتدا- هەر وەك وەرگێڕەکەی دەڵێت- لەلایەن دکتۆر عوسمان عەلی لە زمانی ئینگلیزییەوە کرابووە عەرەبی، ئەویش ئەرکی وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە بۆ کوردی لە ئەستۆ گرتووە.

ئەو بابەتانەی لەم کتێبەدا بڵاوکراونەتەوە هەموویان لە عەرەبییەوە وەرگیراون و کراون بە کوردی، جگە لە بابەتی یەکەمی نێو کتێبەکە کە تایبەتە بە شێخ ئەحمەد بارزانی و کۆمەڵەی پشتیوانی کوردان، کە کاتی خۆی وەرگێڕو نووسەر لە گۆڤاری کوردستان ٢١ دا بڵاوی کردووەتەوە. کتێبی(کورد لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا) چەندین ناونیشانی گرنگی بەڵگەنامەیی مێژوویی تێدا بەرچاو دەکەون، لەوانە: مەلا مستەفا بارزانی و نووری سەعید، دۆخی کوردستان لە ساڵی ١٩٢٩دا، بەکر سدقی و کورد و کەمە نەتەوەکان لە عێراقدا، پرۆژە ئۆتۆنۆمییەکەی مستەفا کەمال پاشا بۆ کوردستانی تورکیا ١٩٢٢، پەیوەندیی کورد و ئەڵمانیای نازی، بزووتنەوەی شێخ سەعیدی حەفید ١٩٠٩، سمکۆی شکاك و مستەفا پاشا و مارشەمعون، شێخ مەحموود و سمکۆی شکاك.

لە بەشی کۆتاییدا، نووسەر و وەرگێڕی ئەم کتێبە نزیکەی (٨٠) لاپەڕەی بە تەواوی دەقی بەڵگەنامەکان بە زمانی عەرەبی بڵاوکردووەتەوە. ئەم بابەتانەی نێو کتێبەکە دەبنە سەرچاوە و ژێدەری گرنگ و بەردەست بۆ قوتابیانی ماستەر و دکتۆرا کە دەتوانن بۆ نووسین و ئامادەکردنی توێژینەوە و نامەکانیان سوودی لێ ببینن، دانەیەك لەم کتێبە لەلایەن کاک فەیسەڵ دەباغەوە پێشکەش بە گوڵان کراوە، وێڕای دەستخۆشی و بەرهەمی زیاتر هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازین.

شۆڕش شەهباز :

## لە پرۆسەکانی کۆمەڵکوژیی ئەنفالدا کوردانی فەیلی و بارزانییەکان پێکەوە جینۆساید کراون



پ. د.کامەران ساڵحی



## کارەساتێکی مەترسیداری کەم ئاوی و کەشوهەوا بەڕێوەیە

پەرژین جەعفەر حاجی ڕۆستەم



## مەحاڵەکانی بەردەم عەرەبی سوننەی عێراق

عەبدولکەریم وەیسی :

## پەکەکە بیری نەتەوەیی و نیشتمانی بۆ کورد و کوردستان نییە



پرۆفیسۆر گلێن ئەریک ئەندرێ دیزەن :

## ڕووسیا لە پرۆسەی بردنەوەی شەڕەکەدایە







■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگران:
کەمال ئاکرەیی
هاوکار ڕەحمان

بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

*Web: www.gulanmedia.com*

دکتۆر ڕەقیب سەعید مزووری :

## هەر کەسێک ئینتمای بۆ نیشتمانەکەی نەبێت ئیمانی تەواو نییە



## خانمانی کەرکووک گەڕانەوەی پارتی بۆ شارەکەیان بە دەستکەوتێکی مەزن دەزانن



عەبیر سەبری:

## هاوسەرەکەم لە زۆر شتدا ئامۆژگاریم دەکات



## ئەگەر ڕۆژانە ٣٠٠ کالۆری لە خۆراک کەم بکەیتەوە!



## فووتەی زیرەک ئاسانکاری بۆ ئەندازیاران



لۆزان فایەق :

## گەیشتن بە هەڵبژاردەی عێراق یەکێکە لە ئامانجەکانم و هەموو هەوڵێکی بۆ دەدەم



# هاوخەمی بۆ قوربانییانی ئاگرکەوتنەوەکەی شاری سۆران

ڕووداوی ئاگرکەوتنەوەکەی شەوی (٨)ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٣) لە باڵاخانەیەك کە ١٢ یەکەی نیشتەجێبوونی لە خۆی گرتووە لە شاری سۆران و لە ئاکامدا ٢١ قوربانیی لێ کەوتەوە، کە ١٤ لەو قوربانییانە گیانیان لەدەست دا، کارەساتێکی ناخهەژێن بوو بۆ هەموو هاووڵاتیانی کوردستان و هەموومانی ڕاچڵەکاند.

ئەم ڕووداوە کارەساتبارە لەگەڵ ئەوەی ڕووداوی ئاگرکەوتنەوەیە، بەڵام هیچ کام لە قوربانییانی ئەم کارەساتە بە سووتان گیانیان لەدەست نەداوە، بەڵکو بەهۆی گیرخواردنیان لە ناو باڵاخانەکەدا و بە هۆی زۆریی دووکەڵی ئاگرەکەوە خنکاون، هەر بۆیە دەستبەجێ دوای بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە لەسەر فەرمانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بڕیار درا کە وەزارەتی ناوخۆ لەگەڵ ئیدارەی سەربەخۆی سۆران لیژنەیەك بۆ بەدواداچوونی ئەم کارەساتە دابنرێت و ئەو هۆکارانە ئاشکرا بکرێن، کە دانیشتووانی ئەو باڵاخانەیە نەیانتوانیوە لە کاتی کەوتنەوەی ئاگرەکەدا خۆیان ڕزگار بکەن و لە باڵاخانەکە بێنە دەرەوە.

لە سەرەتای کەوتنەوەی ئەم ئاگرەدا، هەواڵەکە وا بڵاو کراوەیە، کە ئەم باڵاخانەیە یەکێکە لە بەشە ناوخۆییەکانی زانکۆی سۆران، بەڵام دواتر لە کۆنگرەیەکی میدیاییدا سەرۆکی زانکۆی سۆران بە ڕۆژنامەنووسانی ڕاگەیاند: «ئەم باڵاخانەیە ماوەی سێ ساڵە بەشی ناوخۆیی زانکۆی سۆران نییە، لەبەر ئەوەی مەرجی پێویستی سەلامەتی و تەندروستیی تێدا نەبووە و، ئەو مامۆستا و قوتابیانەی خوێندنی باڵاش کە لەم باڵاخانەیەدا گیانیان لەدەست داوە، خۆیان ئارەزوومەندانە یەکەی نیشتەجێی ئەم باڵاخانەیەیان بە کرێ گرتووە و تێدا نیشتەجێ بوون».

لەگەڵ ئەوەی هەتا نووسینی ئەم دێڕانە هیچ ئاکامێکی ئەو لێکۆڵینەوەیە لەلایەن ئەو لیژنە تایبەتەوە ڕانەگەیەندراوە کە بۆ لێکۆڵینەوە لەم ڕووداوە پێك هێنراوە، بەڵام وەك سەرۆکی زانکۆی سۆران ئاماژەی پێ کرد، پێشتر زانراوە ئەو باڵاخانەیە مەرجە پێویستەکانی سەلامەتیی تێدا نییە و ناشێت بکرێتە بەشی ناوخۆیی بۆ قوتابیان و مامۆستایان، کە ئەمە لایەنێکی زۆر گرنگە و دەبوو لایەنی پەیوەندیدار ئەمەی بەسەردا تێنەپەڕیبایە و، پێشتر ئەو مەرجانەی بەسەر ئەو باڵاخانەیەدا بسەپاندایە. بەتایبەتی کە باس لەوە دەکرێت، لە نهۆمی خوارەوەی ئەم باڵاخانەیە کارگەی دروستکردنی قەنەفە هەبووە و ئاگرەکەش لەو کارگەیەوە کەوتووەتەوە، کە هەموو کەلوپەلەکانی بە ئاسانی ئاگر دەگرن، هەروەها ئەو پەیژەیەشی لە ڕووکاری پشتەوەی باڵاخانەکە بۆ ڕزگاربوون دروست کراوە، وەك لە شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە بینیمان، تەنیا پەیژەیەکە و لە ناو قەفەزێکی لوولەییدایە، کە هەموو کەس ناتوانێت بە ئاسانی پێیدا بێتە خوارەوە و خۆی ڕزگار بکات.



لایەنێکی دیکە کە قەبارەی ئەم کارەساتەی زۆر گەورە کردووە، شێوازی مامەڵەکردنی خێرای فەرمانگەکانی بەرگریی شارستانی بووە بۆ کوژاندنەوەی ئاگرەکە و ڕزگارکردنی دانیشتووانی گیرخواردی ناو باڵەخانەکە، بەپێی بەدواداچوونە سەرەتاییەکان، پێدەچێت لەم لایەنەشەوە جۆرێك لە شڵەژان و کەمتەرخەمی کرابێت، بۆیە نەتوانراوە ئەو خەڵکانە ڕزگار بکرێن، بەتایبەتی کە ئەم دیمەنانە دێنینەوە بەرچاوی خۆمان:

- ئەم ئاگرە لەبەر ئەوەی لەو نهۆمە کەوتووەتەوە کە کارگەی دروستکردنی قەنەفەی تێدا بووە و کارگەکەش کەسی تێدا نەبووە، ئەوا هەتا ئاگرەکە تەواو پەرەی نەسەندووە و دووکەڵی زۆر نەهاتووەتە دەرەوە کەس نەیزانیوە، پاش ئەوەی ئەو ئاگرە گەورەیە هەستی پێ کراوە، ئینجا پەیوەندی بە فەرمانگەی ئاگرکوژێنەوە کراوە، هەتا ئۆتۆمبێلەکانی ئاگرکوژێنەوە گەیشتوونەتە شوێنی ڕووداوەکە، ئاگرەکە زیاتر کڵپەی سەندووە.

- کاتی هەوڵدانی تیمەکانی ئاگرکوژێنەوە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئاگرەکە، هێندەی تەرکیزیان لەسەر کوژاندنەوەی ئاگرەکە بووە، هێندە تەرکیزیان لەسەر ڕزگارکردنی دانیشتووانی ناو باڵەخانەکە نەبووە، بەتایبەتی ئەم باڵەخانەیە کە تەنیا پێنج نهۆمە و بەرزییەکەی نابێت لە ٢٠-٢٥ مەتر زیاتر بێت، ئەم بەرزییەش بۆ ئێستای ئامێرە بەردەستەکانی بەرزکردنەوە کە لەسەر ئۆتۆمبێلەکانی بەرگریی شارستانی و فەرمانگەی کارەبا و تەنانەت ئەهلییش، زۆر ئاسان بەردەست دەبن و دەگەیشتنە هەموو نهۆمەکانی ئەو باڵەخانەیە، کە دەتوانرا بە ئاسانی ئەو خەڵکە ڕزگار بکەن و، ئەم کارەساتە گەورەیە ڕووی نەدابایە.

بە هەرحاڵ هۆکارەکانی هەرچییەك بن، لیژنەی لێکۆڵینەوەی تایبەت بەم ڕووداوە زیاتر بۆمان ئاشکرا دەکات، بەڵام هۆکاری ڕووداوەکانی کوردستان و بە تایبەتیش ئاگرکەوتنەوە، زۆربەیان لەیەك دەچن، کە هۆکاری سەرەکییان کەمتەرخەمییە لە مەرجەکانی سەلامەتی بۆ پاراستنی گیانی هاووڵاتیانی ناو ئەو باڵاخانانە، هۆکاری دیکەش شڵەژان و کەم ئەزموونیی تیمەکانی بەرگریی شارستانیی خۆمانە، لە مامەڵەکردنی لەگەڵ کۆنترۆڵکردنی ئاگرەکە و ڕزگارکردنی گیانی هاووڵاتیان لە ناو ئاگرەکەدا.

لەم پەیامە هاوخەمییەدا بۆ کەسوکاری قوربانیانی ئەم کارەساتە و تەواوی دانیشتووانی شاری سۆران و کوردستان، دووبارە هاوخەمیی خۆمان بۆ ئەم کارەساتە ناخهەژێنە دەردەبڕین و ئومێدەوارین حکومەتی هەرێمی کوردستان دوای ڕاگەیاندنی ئاکامی لێکۆڵینەوەکانی ئەم ڕووداوە، هەڵمەتێکی چڕی چەسپاندنی مەرجەکانی سەلامەتی بەسەر هەموو باڵاخانە و هۆتێل و مۆتێلەکانی کوردستاندا بە توندی بچەسپێنێت، بۆ ئەوەی کارەساتی لەو شێوەیە جارێکی دیکە ڕوو نەداتەوە.

### دیدگای شاندی هەرێمی کوردستان لە کۆنگرەی لایەنەکان (کۆپ٢٨)

# لە ڕوانگەی پلانی خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانی کەشوهەوا

ئەمساڵیش وەك ساڵانی پێشوو کۆنفرانسێکی دیکەی لایەنەکان لەبارەی گۆڕانی کەشوهەواوە بەڕێوە چوو، کە ئەویش بۆ جاری بیست و هەشتەمینە دەبەسترێت و، هەر ساڵێکیش وڵاتێك میوانداریی دەکات، هەر ساڵەو لە کیشوەرێك دەبێت، ئەمساڵ لە کیشوەری ئاسیا بوو لە وڵاتی ئیمارات.

کۆنفرانسی لایەنەکان لە ماوەی دوو هەفتەدا چەندین کۆبوونەوەی جۆراوجۆری ئەنجام دا، بە ڕەچاوکردنی ئاستەکانی بەرپرسیارێتی وەك: کۆبوونەوەی سەرۆکانی وڵاتان و سەرۆك وەزیران و وەزیرەکانی ژینگە و نوێنەرانی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان و زانکۆکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و چالاکوانە تاکەکان.

بۆ ئەمساڵیش لە (کۆپ٢٨) بە هەمان شێوەی ساڵانی پێشوو شاندی دەستەی ژینگە و نوێنەرانی وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشداریی کارایان کرد، هەروەها لە کۆنفرانسی ئەمساڵ بەشدارییەکی کاراتری هەرێمی کوردستان بینرا، ئەوەیش بەشداریکردنی گرنگ و چالاکیی ڕێزدار سەرۆکی هەرێمی کوردستان و ڕێزدار سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو لە (کۆپ٢٨) لە دوبەی.

دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێمی کوردستانیش لە ڕێگەی لێژنەی باڵای تایبەت بە گۆڕانکاریی کەشوهەوا لە هەرێمی کوردستان، ماوەیەکی زۆر بوو لەگەڵ نوێنەرانی وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی دیکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان چەندین کۆبوونەوە و وۆرکشۆپیان لە نێوخۆی هەرێمی کوردستان و دەرەوەدا ئەنجام دابوو، هەتا دواجار (پلانی هەرێمی کوردستان بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانی کەشوهەوا) ئامادە کرا.

ئێستا پلانەکە بە زمانی ئینگلیزی ئامادە کراوە، کە (٩٩) لاپەڕەیە و لەبەر ڕۆشنایی پلانەکەشدا شاندی دەستەی ژینگە و نوێنەرانی وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە کۆنگرەی لایەنەکان (کۆپ٢٨)دا دیدگا و داواکارییەکان دەخەنە ڕوو لە ڕووانگەی ئەم خاڵانەی لای خوارەوە:


یەکەم: پشتبەستن بە چەمکی خۆگونجاندن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گۆڕانی کەشوهەوا لە هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی:

١- کارکردن لەسەر ناساندنی بەڵگەنامەی (پلانی هەرێمی کوردستان بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانی کەشوهەوا) ناسراو بە(لاپ).

٢- داواکردنی هاوکاریی تەکنیکی بۆ هەرێمی کوردستان لەپێناو جێبەجێکردنی (پلانی هەرێمی کوردستان بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانی کەشوهەوا).

٣- دۆزینەوەی سەرچاوەی دارایی بۆ پرۆژە و بەرنامە و پێداویستییەکانی (پلانی هەرێمی کوردستان بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانی کەشوهەوا).

دووەم: جەختکردنەوە لەسەر چۆنیەتی سوود وەرگرتن لە (سندوقی لەدەستدان و زیانەکان) و میکانیزمی هەڵسەنگاندنی ئەو زیانانەی بەهۆی



**عەبدولڕەحمان سدیق**
بۆ گوڵانی نووسیوە

گۆڕانی کەشوهەواوە دێنە ئاراوە، لە ڕێگەی:
١- داواکردن بۆ دانانی بنەمای ڕوون و ئاشکرا لە هەژمارکردنی لەدەستدان و زیانەکان.
٢- گەشەدان بە بەرنامەکانی بنیادنانی تواناکان لە بواری کەمکردنەوەی زیانەکانی گۆڕانی کەشوهەوا، لەسەر کەرتەکانی ئاو و کشتوکاڵ و دارستانەکان و گەشتیاری و تەندروستی.
٣- هەڵسەنگاندنی بارودۆخی توێژە لاواز و زیانلێکەوتووەکان بەهۆی گۆڕانی کەشوهەواوە و، دابینکردنی هاوکاری و کۆمەککردنیان.
سێیەم: خستنەڕووی ڕێکارەکانی هاوکاریکردنی هەرێمی کوردستان لە کاتی ڕووداوە نەخوازراوەکانی پەیوەست بە گۆڕانی کەشوهەواوە، لە ڕێگەی دابینکردنی هاوکارییەکان بۆ تواناداركردنی هەرێمی کوردستان لە بواری میکانیزمەکانی کەمکردنەوەی کاربۆن.
چوارەم: وەبەرهێنانی سەوز بۆ پاڵپشتیکردنی کارەکانی کەشوهەوا لە هەرێمی کوردستان، لە ڕێگەی هاندان و بەهێزکردنی بەشداریکردنی کەرتی تایبەت لە پرۆژە ژینگەییەکاندا، بە ئاراستەی بەدیهێنانی ئامانجەکانی ڕێککەوتننامەی پاریس.
پێنجەم: پاڵپشتیکردنی گواستنەوەی تەکنۆلۆژیای ژینگەدۆست لە وڵاتانی پێشکەوتووەوە، لە ڕێگەی بنیادنانی توانا هونەری و زانستییەکانی پەیوەست بە کەشوهەواوە، لە دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان، لە ڕێگەی:
١- پشتگیریکردنی داهێنانەکانی پەیوەست بە کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا و خۆگونجاندن لەگەڵ ئاسەوارەکانیدا.
٢- هاوکاریکردنی پرۆسەی هەڵسەنگاندنی پێداویستییە نوێیەکانی پێویست بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا.
بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدان (یو. ئێن. دی. پی)یش، بۆ دوای تەواوبوونی لە کۆنگرەی لایەنەکان (کۆپ٢٨) هەنگاوی دیکە دەنێت لە بارەی (پلانی هەرێمی کوردستان بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانی کەشوهەوا)دا بەپێی دەرئەنجامەکانی ئەو وۆرکشۆپانەی کە پێشتر بۆ خۆئامادەکردن بۆ (کۆپ٢٨) ئەنجام دران، لە نێوان دەستەی ژینگە و نوێنەرانی وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە لایەك و، بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدان لە لایەکی دیکەوە، ئەو هەنگاوانەش کە دەنرێن لە ماوەیەکی نزیکی داهاتوودا، لە بارەی پلانی خۆگونجاندنی هەرێمی کوردستانی بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانی کەشوهەواوە، بریتین لە:
یەکەم: پلانەکە بە زمانی ئینگلیزیی ئامادە کراوە کە (٩٩) لاپەڕەیە.
دووەم: وەرگێڕانی پلانەکە بۆ هەر دوو زمانی کوردی و عەرەبی.
سێیەم: خستنەڕووی پلانەکە بۆ لایەنە فەرمییەکان.
چوارەم: ڕاگەیاندنی پلانەکە لە سەرەتای چارەکی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٤ لە هەرێمی کوردستان.



## با سەرکردەکانی عێراق ئاگادار بن

# کارەساتێکی مەترسیداری کەم ئاوی و کەشوهەوا بەڕێوەیە



**پ. د.کامەران ساڵحی**

شرۆڤەکاری سیاسیی سەربەخۆ

بۆ گوڵانی نووسیوە

پێش ماوەیەکی کەم دەسەڵاتدارانی پەیوەندیدار لە وڵاتی تورکیا، دوای چەندین توێژینەوەی قووڵ و تێر و تەسەلی زانستی گەیشتنە ئەو بڕیارەی کە ستراتیژیەتێکی تایبەت بە گرنگیی ئاو بۆ ئابووری و ژێرخانی دەوڵەتی تورکیا بگرنە بەر، بۆیە ئەم دەوڵەتە کۆمەڵێك بەنداوی زەبەلاح و قەبارە مامناوەندی دروست کرد، بە شێوەیەك ژمارەیان گەیشتە (٥١٩) بەنداو، مەبەستی حکومەتی تورکیاش لە دروستکردنی ئەو بەنداوانە دابینکردنی ئاو بوو بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیی ناوخۆی وڵات، هاوکات بۆ بەرهەمهێنانی وزەی کارۆئاوی و بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو، تێکڕا و پوختەی قەبارەی گلدانەوە و کۆگاکردنی ئاو لەم بەنداوانە **٦٩١** کیلۆمەتری سێجایە، ئەمە وێڕای (٢١٠) بەنداوی دیکە کە ئێستا لە قۆناغی دامەزراندندان، بەم جۆرە، کارەساتێکی مەترسیداری ئاو و ژینگە، ڕوو لە هەر یەك لە سووریا و عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە دەکات.

زۆر پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، کە توانای کۆگاکردنی پڕۆژەی(GAP - گاپ) لەسەر هەردوو ڕووباری دیجلە و فورات دەگاتە (١٥٥) ملیار مەتری سێجا، واتا سێ ئەوەندەی توانای کۆگاکردنی کۆی بەنداوەکانی سووریا و عێراق بە بەنداوی دووکان و دەربەندیخانیشەوە لە هەرێمی کوردستان.



**تورکیا کۆمەڵێک بەنداوی زەبەلاح و قەبارە مامناوەندی دروست کرد، بە شێوەیەک ژمارەیان گەیشتە (٥١٩) بەنداو، ئەمە وێڕای (٢١٠) بەنداوی دیکە کە ئێستا لە قۆناغی دامەزراندندان**

**بەنداو و کۆگاکانی ئاو لە عێراق و سووریا ڕووبەڕووی مەترسیی بوومەلەرزە دەبنەوە**

**قەبارەی ئاو لە بەنداوی ئەتاتورک کە گرنگترین بەنداوی پڕۆژەی (گاپ)ە، بریتییە لە (٤٨,٧) ملیار مەتری سێجا**

ئەم پڕۆژەیە دەتوانێت (٨,٥) ملیۆن هیکتار زەوی ئاو بدات، بەمەش سوودێکی زۆر دەگەیەنێت بەتایبەتی بۆ دەوڵەتی تورکیا، لە کاتێکدا هەر یەك لە سووریا و عێراق ڕووبەڕووی دابەزینێکی زۆری ئاستی ئەو ئاوە بوونەتەوە کە دەڕژێتە خاکەکەیانەوە، ئەوەش بەو واتایەیە کە زەویی کشتوکاڵ لەم دوو دەوڵەتە تووشی بەبیابانبوون و گەردەلوولی تۆزوبا دەبنەوە، ئەمە سەرباری کەمیی بەرهەمهێنانی وزەی کارۆئاوی، بەتایبەتیش لە عێراق، چونکە تەواوبوونی بەنداوی گاپ کە ئێستا دروست دەکرێت، کاریگەریی دەبێت بۆ سەر داخستنی چوار وێستگەی بەرهەمهێنانی وزەی کارۆئاوی لە عێراق، کە ٤٠٪ی وزەی کارەبا لە عێراق بەرهەم دەهێنن.

ئەگەر وای دابنێین قەبارەی ئەو کارەساتانە چەند دەبن کە ڕووبەڕووی عێراق و سووریا دەبنەوە بە هۆی دروستکردنی ئەو بەنداوانە، ئەوا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە چەندین دەریاچە و زۆنگاو و کانی وشك دەبن، هەروەها زەویی کشتوکاڵی ڕووبەڕووی بەبیابانبوون و گەردەلوولی تۆزوبا دەبێتەوە، ئەمە وێڕای لەناوچوونی سامانی ماسی و ئاژەڵ، جگە لە تێکچوونی گوزەرانی دانیشتووان و ئاوارەبوونی جووتیاران لە گوند و شوێنەکانی خۆیان، هاوکات بەنداو و کۆگاکانی ئاو لە عێراق و سووریا ڕووبەڕووی مەترسیی بوومەلەرزە دەبنەوە، بۆیە پێویستە ئەوە لەبەر چاو بگرین کە قەبارەی ئاو لە بەنداوی ئەتاتورک کە گرنگترین بەنداوی پڕۆژەی (گاپ)ە، بریتییە لە (٤٨,٧) ملیار مەتری سێجا، هەروەها هەشت تۆربید بۆ بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا هەن کە (٢,٤٠٠) میگاوات کارەبا بەرهەم دەهێنن، دوای ئەمە بەنداوی (کیان) و سێزدە بەنداوی دیکە دێن، هەمووشیان وێستگەی کارۆئاوییان تێدایە، بۆیە لە حاڵەتی تەواوبوونی بەنداوگەلی دیکە، وەك بەنداوی پیرەجك و قرقامیش ئاستی ئەو ئاوە بۆ کەمترین ڕێژە کەم دەکەنەوە کە دەگاتە سووریا، بەڵام سەبارەت بە عێراق ئەوا بەنداوی (ئەلیسۆ) لەسەر ڕووباری دیجلە دوای بەنداوی ئەتاتورك دێت کە لەسەر ڕووباری فورات دروست کراوە، پانتایی کۆگاکردن لەو بەنداوە دوای بەنداوی ئەتاتورکە، هەروەها ئەو وێستگەی کارۆئاوییەی لەسەری دامەزراوە گەورەترینی چوار وێستگەیە لە تورکیا.

بە گوێرەی ڕاپۆرتی شارەزایان لە فاو، بەنداوی ئەلیسۆ لەسەر ڕووباری دیجلە کاریگەریی نەرێنی هەیە بۆسەر کەرتی کشتوکاڵ لە عێراق، چونکە گوزەری ئاو بۆ ڕووباری دیجلە ساڵانە لە (٢٠) ملیار مەتری سێجاوە بۆ کەمتر لە نیوەی دادەبەزێت، بەپێی ئەو ڕاپۆرتانەی کە لەلایەن شارەزایانی عێراقییەوە بڵاو کراونەتەوە، بەم شێوەیە زیاتر لە (٨٠) هەزار کەس لە (١٩٩) شار و گوندی عێراق ئاوارە دەبن، ئەمەش بە واتای ئەوەی کە ئاستی وشکبوونی هۆڕ و زۆنگاو مەترسیدارە، کە ناکرێ لەبەر ئەو وشکبوونە برنج لەو ناوچانە بچێنرێت، بۆیە بە گوێرەی ڕاپۆرتی کۆمەڵەی ئاوی ئەورووپایی، ئەگەر ئەم کێشەیە لەگەڵ تورکیای دراوسێدا چارەسەر نەکرێت، ئەوا عێراق لە ساڵی ٢٠٤٠ بە تەواوی ڕووبەڕووی لەدەستدانی ئاو دەبێتەوە لە هەردوو ڕووباری دیجلە و فورات، هەر وەك لە ڕاپۆرتی ئەم دواییەی ڕۆژنامەی نیویۆرك تایمزدا هاتووە کە بەنداوی ئەلیسۆ لە تورکیا بووەتە هۆی ژێرئاوکەوتنی ناوچە شوێنەوارییەکان لە گوندی (حەسەن کیف)ی کوردنشین کە ناوچەیەکی شوێنەوارە و مێژووەکەی بۆ چاخی نوێی بەردین دەگەڕێتەوە.

بە گوێرەی ئەو ڕاپۆرتانەی کە شارەزایانی جیۆلۆجی بڵاویان کردوونەتەوە، ئەو ناوچانەی کە بەنداوەکانی تورکیایان لەسەر دروست کراون ڕووبەڕووی بوومەلەرزە دەبنەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە سەرباری ئەو مەترسییانەی ناوچەکانی تورکیا تووشی دەبنەوە، ڕووخانی ئەم بەنداوانەش دەبنە هۆی کاولکاریی تەواوی ڕۆژهەڵاتی سووریا و ڕۆژئاوای عێراق کە هەموو شارو گوندەکان لەگەڵ خۆیان ڕادەماڵێت.

بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی فاو ئێستا ئاستی ئاو لە ڕووباری فورات (٥٦) سانتیمەترە لە شاری ناسریە کە ئەمەش بووە هۆی وشکبوونی ٩٠٪ی هۆڕەکانی نزیك لەم ڕووبارە. هەروەها ئامارە فەرمییەکانی عێراق

دووپاتـی دەکەنـەوە، کـە یەدەگـی بەردەسـت لـەو ئـاوەی کـە لـە کـۆگاکان هەیـە لـە نێـوان (٧ بـۆ ٧,٥) ملیـار مەتـری سـێجایە لـە کـۆی توانـای کۆگاکردنـی (١٥٠) ملیـار مەتـر سـێجا، ئەمـەش بـەو واتایـەی کـە یەدەگـی ئـاو لـە عێـراق نزیکـە لـە کەمبوونـەوەی یەکجاریـی ئـاو کـە کارەساتێك بـە دوای خۆیـدا دەهێنێـت، تەنانـەت بـۆ ئـاوی خواردنـەوە، ئـەوەی پەیوەسـتە بـە رووبـاری دیجلـەوە، لـە حاڵەتـی تەواوبوونـی هەمـوو بەنداوەکانـی تورکیـا، ئـەوا تێکـرای سـاڵانەی هاتنـە نـاوەوەی ئـاوی رووبـاری دیجلـە، کـە پێشـتر لـە (٢١) ملیـار مەتـر سـێجا کەمتـر نەبـوو، زۆر کـەم دەبێتـەوە، بـە هـۆی ئـەوەی ئـەو بەنداوانـە نزیکـەی ٨٠٪ی ئـەو ئـاوە دەگرنـەوە کـە ساڵانە دەرژێتە رووباری دیجلەوە، واتـا عێـراق پشـت بـە لقـە رووبارەکانـی ناوخـۆ دەبەسـتێت، کـە ئەوانیـش لـە هەمـان کاتـدا بـەرەو نەمـان و کەمبوونـەوە دەچـن، بەهـۆی ئـەوەی کـە ئێـران چەندیـن بەنـداوی دروسـت کـردووە، لەسـەر سـەرچاوەکانی ئـاو لەنێو سنوورەکەی خۆیدا، وەك رووبـاری سـیروان لـە شـارۆچکەی کـەلار لـە هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق، بۆیـە دوور نییـە عێـراق بـە هەرێمـی کوردستانیشـەوە لـە مـاوەی چەنـد ساڵی داهاتـوودا رووبـەڕووی کارەساتێکی ئـاو ببێتـەوە، ئەگـەر عێـراق و تورکیـا و ئێـران نەگەنـە رێککەوتنـی نێودەوڵەتـی بـۆ رێکخسـتنی مافـەکان لـە بـواری ئـاودا، لەگـەڵ دارشـتنەوەی هەیکەلبەندیـی گەشـەپێدانی کۆمەڵایەتـی و ئابـووری و کشـتوکاڵی و ئاودێـری، لەسـەر بنەمـای ئـەو سـەرچاوانەی ئـاو کـە بەردەسـتن، واتـا عێـراق و هەرێمـی کوردسـتان سـوود لـە سـەرچاوەکانی ئـاوی خۆیـان وەربگـرن لـە چوارچێـوەی بەرنامەگەلێـك بـۆ بنیادنانـی سەرتاسـەریی ژێرخانـی هایدرۆلیکـی (بەنداوەکان و سیستەمگەلی ئاودێری و بیرەکانی ئـاوی ژێر زەوی).

ئەوەی لەم وتارەدا خرایە روو، ئەوە دەسەلمێنێت کـە هەمـوو کاریگەرییـەکان بەڵگـەن بـۆ ئـەوەی کـە سەرتاسـەری عێـراق لـە مـاوەی سـاڵانی داهاتـوودا رووبـەڕووی کارەسـاتێکی راسـتەقینەی ئـاو دەبێتـەوە، ئەگـەر ئەمـە چارەسـەر نەکـرا، چونکـە کەمیـی سـەرچاوەکانی ئـاو رۆڵـی دەبێـت لـە هێنانەکایـەی گۆڕانکارییەکانـی کەشـوهەوا، وەك زیادبوونـی تێکـڕای بەهەڵمبـوون و وشکەساڵی و هەڵکردنی گەردەلـوول و رەشـەبا، دواجار داخورانی زەویـی کشـتوکاڵ و پیسـبوونی هـەوا بـە هـۆی تۆزوبـاوە، کـە ئەمـەش خـۆی لـە خۆیـدا مەترسـییە بـۆ سـەر تەندروسـتیی هاووڵاتیـان.

جا لەبـەر ئـەوەی کـە دەگوترێـت ئـاو پێکهاتەیەکی فراوانی تەندروستی و کۆمەڵایەتی و مێـژوو و سیاسـەت و ئابـووری و گەشـەپێدان و ژینگـە و کەشـوهەوایە، واتـا پێکهاتـەی مانـەوەی ژیانـە، بۆیـە داوا دەکرێـت، ئەمـڕۆ و بـێ دواکەوتـن کـە هـەر یـەك لـە تورکیـا و عێراق و سووریا بگەنە رێککەوتنێکی کۆتایی لەبـارەی دابەشـکردنی ئـاوی دیجلـە و فـورات، لەسەر بنەمـای پاراسـتنی بەرژەوەندییەکانی ئـەم دەوڵەتانـە بەپێـی پرەنسـیپەکانی دادپـەروەری و ویـژدان، هەروەها بەپێی پرەنسیپەکانی دراوسێتی و بەرژەوەندییە هاوبەشـەکان و زیـان نەگەیانـدن بـە گەلانـی ئـەم دەوڵەتانـە، کـە مافـی هەموویـان پارێـزراو بێـت، هـاوکات ئاشـتییانە کێشـە و ناکۆکییەکانیـان چارەسـەر بکـەن.

لـە ئێسـتادا هەرێمـی کوردسـتان دەرك بـەوە دەکات و لـەوە گەیشـتووە کـە مەترسـییەکانی کەمبوونـەوەی ئـاو کاریگەریـی نەرێنییـان دەبێـت بـۆ سـەر هەمـوو کایەکانـی ژیانـی کۆمەڵگـەی کوردسـتانی، بۆیـە پێویسـتە سـتراتیژیەتێکی روون و دیار بگیرێتە بەر بۆ گەشـەپێدان و پاراسـتنی ئاسایشـی ئـاو و خـۆراك.

پێویستە رۆڵـی حکومەتـی ئێسـتای هەرێمـی کوردسـتان و، دەستپێشـخەرییەکەی بـۆ دانانـی چارەسـەر تایبـەت بـە کێشـەی سـەرچاوەکانی ئـاو لـە هەرێـم، بـەرز بنرخێنیـن. هـاوکات لـە رووی گرتنەبـەری سیاسـەتی دروسـتکردنی بەنـداو و پۆنـد و پاراسـتنی ئـاوی ژێـر زەوی، لـە هەمـان کاتـدا داوا لـە حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان دەکرێـت کـە هۆشـیاری بـڵاو بکاتـەوە و رێنمایـی تونـد دەربـکات بـۆ بەفیڕۆنەدانـی سـامانی ئـاو و پارێزگاریکـردن لـە سـەرچاوەکانی، ئەمـەش بـۆ ئـەوەی وڵاتمـان لـە ئێسـتا و لـە ئاینـدەدا رووبـەڕووی کارەسـاتی ژینگەیـی و کەشـوهەوا نەبێتـەوە.

**بەپێی ئەو راپۆرتانەی کە لەلایەن شارەزایانی عێراقییەوە بڵاو کراونەتەوە، زیاتر لە (٨٠) هەزار کەس لە (١٩٩) شار و گوندی عێراق ئاوارە دەبن**

**بەنداوی ئەلیسو لە تورکیا بووەتە هۆی ژێرئاوکەوتنی ناوچە شوێنەوارییەکان لە گوندی (حەسەن کیف)ی کوردنشین کە ناوچەیەکی شوێنەوارە و مێژووەکەی بۆ چاخی نوێی بەردین دەگەڕێتەوە**

**پێویستە رۆڵی حکومەتی ئێستای هەرێمی کوردستان و، دەستپێشخەرییەکەی بۆ دانانی چارەسەر تایبەت بە کێشەی سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێم، بەرز بنرخێنین**



**دکتۆر محەمەد شوکری**
سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان بۆ گولان:

# لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ٣٣٠ پڕۆژە بە سەرمایەی زیاتر لە ١٥ ملیار دۆلار جێبەجێ کراون

# داتا و ئامارەکان .. هەڵکشانی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان دەردەخەن

ئامارو داتاکان نیشاندەری بەردەوامیی ئەنجامدانی پڕۆژە و کارەکانی وەبەرهێنانن لە هەرێمی کوردستان، کە وێڕای ئاستەنگ و بەربەستەکان بە دەیان پڕۆژە و کارگە لە ناوچە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستاندا دادەمەزرێن. دوا پڕۆژە و هەنگاوەکانی چاککردن و پەرەپێدانی ژینگەی ئابووری و وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستاندا تەوەری دیداری گۆڤاری گوڵان بوون لەگەڵ دکتۆر محەمەد شوکری سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان . لێرەدا پوختەی قسەکانی بڵاو دەکەینەوە.

* بارودۆخی ناوچەکە و عێراق و جیهان هاوکار نەبووە بۆ دابینکردنی ژینگەیەکی لەبار بۆ وەبەرهێنان، با سەرەتای پرسیارەکەمان لەوەوە دەست پێ بکەین، وێڕای هەموو ئەم ئاستەنگ و بەربەستانەی بەردەم وەبەرهێنان چی لەپشت بەردەوامیی پڕۆژەکانی وەبەرهێنان و هەڵکشانی سەرمایەی وەبەرهێنانەوەیە لە هەرێمی کوردستان؟

- پێم خۆش بوو لەو پرسیارەوە دەستمان پێ کرد، ڕەنگە خوێنەر و هاووڵاتیانیش ئەو بۆچوونەیان لا گەڵاڵە بێت، کە تا چەند بارودۆخی خراپی ئابووریی جیهان و ناوچەکە و ناسەقامگیری و جەنگ و ململانێکان و نەناردنی پشکی بودجە و مووچەی هاووڵاتیان ڕێگر دەبن لە بەردەم هەوڵەکانی پەرەپێدانی ئابووری و جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی وەبەرهێنان، یان چی وای کردووە، بەسەر هەموو ئەم ئاستەنگ و بەربەستانەدا زاڵ بین و ژمارەی پڕۆژەکان لە ٢٠٠٦ ـەوە تاکو ئەمڕۆ بۆ ١،١٧٦ پڕۆژەی وەبەرهێنان بە سەرمایەی نزیکەی ٧٠ ملیار دۆلار زیاد بکات، کە تەنیا لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بە پاڵپشتیی بەڕێز مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ٣٣٠ پڕۆژە لەسەر ڕووبەری ١٦،٠٩٣ دۆنم بە سەرمایەی زیاتر لە ١٥ ملیار دۆلار جێبەجێ بکرێن. ساڵ بە ساڵیش ژمارەی پڕۆژەکان لە ڕووی قەبارە و سەرمایەشەوە ڕووی لە زیادبوون کردووە، بۆ نموونە:

لە ٢٠١٩ – ١٥ پڕۆژە بە سەرمایەی زیاتر لە ٢٣٥ ملیۆن دۆلار و لە ٢٠٢٠ – ٧١ پڕۆژە بە سەرمایەی نزیکەی ٢ ملیار دۆلار و لە ٢٠٢١ – ٧٠ پڕۆژە بە سەرمایەی زیاتر لە ٨ ملیار و ٥٠٠ ملیۆن دۆلار و لە ٢٠٢٢ – ٩٤ پڕۆژە بە سەرمایەی زیاتر لە ٢ملیار و ٢٠٠ ملیۆن دۆلار و لە ٢٠٢٣ – ٨٠ پڕۆژە بە سەرمایەی زیاتر لە ٢ ملیار و ١١١ ملیۆن دۆلار .

ئەم گۆڕانکارییە نەوعی و گەورەیە هەمووی بۆ دیدگا و ستراتیژیەتی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە، کە وێڕای ئاستەنگ و بەربەستەکان زۆربەی

**بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی وەبەرهێنانمان لە هەڵەبجە و چوار فەرمانگەمان لە هەر چوار ئیدارە سەربەخۆکەی کوردستان کردووەتەوە**

**ژمارەی پڕۆژەکان لە ٢٠٠٦ ـەوە تاکو ئەمڕۆ بۆ ١،١٧٦ پڕۆژەی وەبەرهێنان بە سەرمایەی نزیکەی ٧٠ ملیار دۆلار زیاد بووە**



**کارگەی ڤان ستیلی تایبەت بە دروستکردن و بەرهەمهێنانی شیشی ئاسن لە هەولێر بە پڕۆژەی ستراتیژیی پیشەسازیی گەورەی وەبەرهێنان دادەنرێت**

کارنامە وەزارییەکەی جێبەجێ کرد، بەتایبەتی لە بواری وەبەرهێناندا، لە دواکۆبوونەوەشیدا لەگەڵ وەبەرهێنەرە سەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان، داوای لێکردن وەبەرهێنانیان زیاتر بکەن و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ وەبەرهێنەرانی بیانی فراوان بکەن، حکومەت و دامەزراوەکانیش هاندەر و پاڵپشتیان دەبێت، لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانیشدا داوای لە سەرجەم وەزیر و سەرۆکی دەستە و فەرمانگەکان کرد و ڕایسپاردن بۆ پێشکەشکردنی کارئاسانیی زیاتر بۆ وەبەرهێنەران.

*** بەڵام وەکو ئاگاداریت وەبەرهێن و سەرمایەدار بەردەوام بەدوای ژینگەی لەبار و گونجاودا دەگەڕێن، پرسیار ئەوەیە ئێوە لە دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان توانیوتانە ئەو دڵنیاییە دروست بکەن و ئەم پڕۆژانە لە سەرانسەری هەرێمی کوردستاندا ئەنجام بدەن؟**

- چاککردنی ژینگەی ئابووری و وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستاندا کارێکی هەر وا ئاسان نییە، بەتایبەتی لەگەڵ هەموو ئەو قەیرانانەی ڕووبەڕووی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و جیهان بوونەتەوە، هەر لە کۆرۆنا و قەیرانی دارایی و وشکەساڵی و گۆڕانکاریی کەشوهەوا و ڕاوەستانی هەناردەکردنی نەوت و ئاستەنگەکانی بودجە و مووچە لەلایەن بەغداوە، لەگەڵ هەموو ئەمانەش لەسەرجەم سێکتەرەکان و لە هەموو پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان قەبارەیەکی گەورەی وەبەرهێنان ئەنجام دراون و کارئاسانیشمان زیاتر کردووە بۆ وەبەرهێنەران بەتایبەتی لەو شوێنانەی بەهەر هۆکارێك بێت وەبەرهێن کەمتر ڕووی تێ دەکەن، ئەوەتا لەو ٣٣٠ پڕۆژەیەی وەبەرهێنان کە مۆڵەتیان پێ دراوە ١٤٦ پڕۆژە لە هەولێرن کە وەکو پایتەخت و سەنتەری هەرێمی کوردستانە، لە پارێزگای سلێمانی ٨٠ پڕۆژە و لە ناوچەی گەرمیان ١٨ پڕۆژە و لە ڕاپەڕین ٧ پڕۆژە و لە دهۆك ٥٩ پڕۆژە و لە زاخۆ ١٢ پڕۆژە و لە سۆران ٥ پڕۆژە و لە هەڵەبجە ٣ پڕۆژە بوون. واتا پڕۆژەکانی وەبەرهێنان لەسەرجەم هەرێمی کوردستاندا مۆڵەتیان پێ دراوە، بەپێچەوانەوە زیاتر هانی وەبەرهێنەرانمان داوە ڕوو بکەنە ئەو ناوچانەی کەمتر پڕۆژە و کاری تێدا



دەکرێت، بەڵام دواجار ئەوە دیراسەی کەڵکی ئابووری و خودی سەرمایەدارەکەیە بڕیار دەدات پڕۆژە و کارەکانی لە چ ناوچەیەکدا بەپێی سوود و قازانجی خۆی بەگەڕ دەخات. لەگەڵ ئەمەشدا ئێمە لە دەستەی وەبەرهێنان کارئاسانیی باشمان پێشکەش بە وەبەرهێنەرانمان کردووە، بەماوەیەکی کەم لە سێکتەرە جۆراوجۆرەکان مۆڵەتمان داوە، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی وەبەرهێنانمان لە هەڵەبجە و چوار فەرمانگەمان لە هەر چوار ئیدارە سەربەخۆکەی کوردستان کردووەتەوە. لە نەخشەی وەبەرهێنان دەیان پڕۆژەی گەورە و مامناوەند و بچووکمان ڕاگەیاندووە، کار بۆ ئەوە دەکەین دەرفەتەکانی وەبەرهێنان لەو ١٥٠٠ دەرفەتەی لەناو ڕێبەری وەبەرهێنان خراونەتە ڕوو لە سەرانسەری هەرێمی کوردستاندا بێت و پڕۆژەی ستراتیژی و گەورە بن.

*** مەبەستت لە پڕۆژەی ستراتیژی و گەورە بە هاوشێوەی پڕۆژەی کارگەی (ڤان ستیل)ی تایبەت بە دروستکردنی شیش بوو، کە سەرۆکی حکومەت لە چەند هەفتەی ڕابردوو کردیەوە؟**

- بەڵێ، کارگەی ڤان ستیلی تایبەت بە دروستکردن و بەرهەمهێنانی شیشی ئاسن لە هەولێر بە پڕۆژەی ستراتیژیی پیشەسازیی گەورەی وەبەرهێنان دادەنرێت، ئەم کارگەیە لە ئاستی عێراقدا بێ وێنەیە و توانای دابینکردنی پێداویستیی کوردستان و عێراقی بە ڕێژەی لە ١٠٠٪ هەیە و، ساڵانە ٧٠٠ هەزار تۆن شیش بەرهەم دەهێنێت و هەلی کاری ڕاستەوخۆی بۆ زیاتر لە ٩٠٠ کرێکار و کارمەند زامن کردووە، هەروەها ٥٠٠٠ هەلی کاری دیکەی ناڕاستەوخۆش سوود لەم کارگەیە وەردەگرن، لەمەش گرنگتر بە ڕێژەی لە ٩٢٪ی کرێکارەکانی کارگەکە کرێکاری نێوخۆیین. هاوکات دانانی بەردی بناغەی ناوچەی پیشەسازی و کارگەی ڕیسایکلینیش لە زاخۆ لەلایەن سەرۆکی حکومەتەوە ئەمیش بە هەمان شێوە بە پڕۆژە ستراتیژییەکان دادەنرێت، هەروەکو چۆن کردنەوەی کارگەی دستار یا ئاری لە دهۆکیش بە سەرمایەی ٢٠ ملیۆن دۆلار گرنگیی خۆی بۆ بووژانەوەی کەرتی کشتوکاڵ و وەرگرتنی گەنمی جووتیارانی قەزای سێمێل و تەواوی سنووری پارێزگای دهۆك هەیە.

**سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان مەرجی بەکارخستنی کرێکارانی نێوخۆیی لەسەر وەبەرهێنەران بەرز کردووەتەوە بۆ ٧٥٪ و بگرە لەسەر ڕاسپاردەی جەنابیان بۆ ئەمساڵ ئەم مەرجەمان قورستر کردووە**



**بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی توانا و کارامەیی کرێکارانی نێوخۆش مۆڵەتمان بە ١١ پڕۆژە داوە بۆ دروستکردنی پەیمانگەی فێرکردن و ڕاهێنانی پیشەیی لە پارێزگاکان**

**ژمارەی ئەو پڕۆژانەی لە بواری پیشەسازی لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا مۆڵەتیان پێ دراوە، گەیشتووەتە ٩٥ پڕۆژە و پڕۆژەکانی گەشتیاری ٤٢ پڕۆژە و کشتوکاڵی ١٥ پڕۆژە و تەندروستی ٢١ و فێرکردن ٣١ و هونەری ٢ و وەرزشی ٧ و خزمەتگوزاری ٢ و بانکەکان ٢ و نیشتەجێبوونیش بۆ ٣٢ پڕۆژە**

*** وەبەرهێنانی بیانی و هاوبەش تاچەند ڕووی لە زیادبوون کردووە؟ ئایا جگە لە ئاسانکاری و پاڵپشتییەکانی دەستەکەتان، توانراوە مەرج و بەدواداچوون بۆ بەگەڕخستنی گەنجەکانمان لە پڕۆژەکانی وەبەرهێنان بسەپێنن؟**

- سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان مەرجی بەکارخستنی کرێکارانی نێوخۆیی لەسەر وەبەرهێنەران بەرز کردووەتەوە بۆ ٧٥٪ و بگرە لەسەر ڕاسپاردەی جەنابیان بۆ ئەمساڵ ئەم مەرجەمان قورستر کردووە، بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی توانا و کارامەیی کرێکارانی نێوخۆش مۆڵەتمان بە ١١ پڕۆژە داوە بۆ دروستکردنی پەیمانگەی فێرکردن و ڕاهێنانی پیشەیی لە پارێزگاکان. چەندین هەوڵ و گرێبەستیشمان هەیە بۆ ئەوەی توانای مرۆیی فەرمانبەرانی خۆمان بەرز بکەینەوە و لە بری ئەوەی ڕۆتین و ڕێگر بن لە هاتنی وەبەرهێنەران، ببنە ڕێنیشاندەر بۆ وەبەرهێنان، هاوکات هێنانی کارمەند و شارەزایانی بیانی لەسەر بنەمای بەرزی توانا و پسپۆڕایەتی و سوودوەرگرتن بێت لە دەستی بیانی، واتا دەبێت لەسەر بنەمای پسپۆڕایەتی و شارەزایی کرێکار و کارمەندانی بیانی ڕابکێشرێنە نێوخۆی کوردستانەوە.

*** لە دوادیدارتان لەگەڵ گۆڤاری گوڵان، ئاماژەتان بەو وەرچەرخانە دا لە وەبەرهێنان کە جگە لە پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون، وەبەرهێنەرانتان ئاراستەی هەر سێ سێکتەری (پیشەسازی و کشتوکاڵ و گەشتیاری) کردووە، ئەمە هیچ پێشکەوتن و گۆڕانکاریی نوێی بەسەردا هاتووە؟**

- ژمارەی ئەو پڕۆژانەی لە بواری پیشەسازی لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا مۆڵەتیان پێ دراوە، گەیشتووەتە ٩٥ پڕۆژە و پڕۆژەکانی گەشتیاری ٤٢ پڕۆژە و کشتوکاڵی ١٥ پڕۆژە و تەندروستی ٢١ و فێرکردن ٣١ و هونەری ٢ و وەرزشی ٧ و خزمەتگوزاری ٢ و بانکەکان ٢ و نیشتەجێبوونیش بۆ ٣٢ پڕۆژە، خۆ ئەگەر سەیری قەبارەی ئەم پڕۆژانەش بکەین، ئەوا تەنیا لەکەرتی پیشەسازی بە بەهای نزیکەی ٢،٥ ملیار دۆلار سەرمایە بەگەڕ خراوە و لە کەرتی گەشتیاری زیاتر لە ٧ ملیار و ٣٠٩ ملیۆن دۆلار بەگەڕ خراوە، واتا تەنیا لەم دوو سێکتەرە زیاتر لە نیوەی سەرمایەی بەگەڕخراوی وەبەرهێنان دەگرێتەوە، ئەمەش پێی دەوترێت وەرچەرخان لە پڕۆژەکانی وەبەرهێنان بەرەو پڕۆژەکانی پیشەسازی و گەشتیاری و کشتوکاڵی کە لە کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هاتووە بۆ ئەوەی ئەوەندە پشت بە داهاتی نەوتی نەبەستین، هەر لە بواری گەشتوگوزاریدا لە ئێستادا ٦٧ پڕۆژەی گەورەی گەشتیاری لەناو نەخشەی وەبەرهێنان ئامادەیە بدرێتە وەبەرهێنان و کاری لەسەر بکەن.



*** بەڵام دروستکردنی ژینگەیەکی لەبارتر بۆ وەبەرهێنان پێویست بەوە دەکات، بەسەر کۆمەڵێك ئاستەنگ و بەربەستدا زاڵ بن. ئایا تا چ ڕادەیەك دەتوانن زەمینەیەکی لەبارتر و گونجاوتر بۆ وەبەرهێنان دروست بکەن؟**

- بەڕێز مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و کابینە وەزارییەکەی خاوەنی دیدگایەکی ڕوون و باشی وەبەرهێنان و بونیادنانەوەی ژێرخانی ئابووری و پەرەپێدانی ئابووریی هەرێمی کوردستانن، نەخشە ڕێگایەکیش دانراوە بۆ ئەوەی لە ٢٠٢٣ تاکو ٢٠٢٥ حکومەتی هەرێمی کوردستان بە دیجتاڵی و گۆڕانکاری لە سیستەمی بانکی بکرێت و ژێرخانی ئابووری بونیاد بنرێتەوە و یاساکان لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەمدا بگونجێن و، زەوی بۆ ناوچە پیشەسازییەکان دابین بکرێت و، هەماهەنگیی زیاتری نێوان وەزارەتەکان و دەستە و فەرمانگەکان دروست بکرێت، لە دواکۆبوونەوەی وەبەرهێنانیشدا لە ئەنجومەنی وەزیران سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان فەرمانی کرد، زەمینەیەکی گونجاوتر بۆ وەبەرهێنان و ڕاکێشانی وەبەرهێنانی بیانی لە هەرێمی کوردستان دروست بکەین، بۆ ئەم مەبەستە لێژنەیەکی باڵای پەیوەندیدار لە زۆربەی وەزارەت و دامودەزگاکان پێکهاتووە و کار دەکەین بۆ ئەوەی نەخشەیەکی باشی وەبەرهێنان دروست بکەین، لەناو دەستەی وەبەرهێنانیش یەکەیەکی تایبەتمان بە وەبەرهێنانی دەرەکی دروست کردووە.

بەشێوەیەکی گشتی لە هەرێمی کوردستان کەشوهەوا و ئاوی سازگار و دروستکردنی پۆند و بەنداوەکان و ڕێڕەوەکانی ئاودێری و سامانی ژێر زەوی و سەر زەوی و بازاڕی فراوان و دۆزینەوەی بازاڕی دەرەکی و کەلتووری پێکەوەژیان و ئاشتییانە و ئارامی و سەقامگیری و دەیان بنەمای دیکە وایان کردووە، ببینە خاوەنی ژینگەیەکی لەباری وەبەرهێنان، ئەمانە فاکتەری ڕاکێشانی وەبەرهێنەرانی بیانی و بەگەڕخستنی سەرمایە و وەبەرهێنەرانی ناوخۆشن، پێویستە بە هەمووان پارێزگاری لێ بکەین و پەلە بکرێت لە دروستکردنی بەنداو و پۆندی زیاتر و هۆکاری گواستنەوەی پێشکەوتوو و دروستکردنی ناوچە پیشەسازییەکان و بەدیجیتاڵکردنی دامەزراوەکان و پێشخستنی کەرتی بانکی و زانیاری و هەژماری من و تەکنەلۆژیا و هەمووان پاڵپشتی حکومەت بن، تاوەکو لە ڕێگەی زاڵبوون بەسەر ئاستەنگ و بەربەستەکان و بووژانەوەی ژێرخانی ئابووریی هەرێم و هەڵکشانی پرۆژەکانی وەبەرهێنان هەلی کار بۆ گەنجەکان زامن بکرێت و کار و کەسابەت ڕوو لە باشی بکات و ڕێژەی بێکاری و هەژاری لە هەرێمەکەدا کەم بکرێتەوە.

**تەنیا لەکەرتی پیشەسازی بە بەهای نزیکەی ٢،٥ ملیار دۆلار سەرمایە بەگەڕ خراوە و لە کەرتی گەشتیاری زیاتر لە ٧ ملیار و ٣٠٩ ملیۆن دۆلار بەگەڕ خراوە**

**لە ئێستادا ٦٧ پرۆژەی گەورەی گەشتیاری لەناو نەخشەی وەبەرهێنان ئامادەیە بدرێتە وەبەرهێنان و کاری لەسەر بکەن**



# دەنگدان بە ١٩٧
# دەنگدانە بە خۆشگوزەرانی و ئایندەیەکی گەش

## لیستی ١٩٧ خزمەتکردنی هاووڵاتیانە بە بێ جیاوازی

پارتی دیموکراتی کوردستان بە کردەوە کاری کردووە لە پێناو پێکەوەژیان و ئاوەدانی و خۆشگوزەرانی بۆ هاووڵاتیان، بۆیە دەنگدان بە لیستی ١٩٧ی پارتی دیموکراتی کوردستان دەنگدانە بە پێکەوەژیان و ئارامی و خۆشگوزەرانی بە بێ جیاوازی، کاتێك دەنگدەر دەنگ بە لیستی ١٩٧ی پارتی دیموکراتی کوردستان دەدات، گەڕانەوەی شکۆیە بۆ ئەو ناوچانەی لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە داگیر کران و تۆپۆگرافیای ناوچەکانیان تێك دراوە.

پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا بە گوڕوتینێکی زۆرەوە ڕووی لەم ناوچانە کردووە. لیستی ژمارە ١٩٧ی پارتی دیموکراتی کوردستان لیستی پێکەوەژیان و ئاوەدانی و بەدیهێنانی خواست و داواکارییەکانی گەلی کوردستانە. پارتی لەم هەڵبژاردنەدا تەنیا کار بۆ کوردستانییەتی ئەم ناوچانە ناکات، بەڵکو کاری جددی دەکات لە پێناو پاراستنی پێکەوەژیان و قووڵکردنەوەی کەلتووری لێبووردەیی لە نێوان سەرجەم پێکهاتە




نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزاکاندا، بۆیە پارتی دیموکراتی کوردستان بە ژمارەیەك كاندید لە نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان، لە پارێزگاکانی (کەرکوك و نەینەوا و دیالە) بەشداری لە هەڵبژاردنی پارێزگاکانی عێراق و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستاندا دەکات.

لەم ڕوانگەیەوە دەنگدەری كورد كاتێك دەچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان، دەبێت تێڕوانین و بۆچوونی بەو ئاراستەیە بێت، کە چ پارتێك خاوەنی درووشم و ڕەفتار و کردەوەیە، پارتی کە سەرۆك بارزانی ڕێبەرایەتیی دەکات، هەرگیز ئامادە نەبووە، ژیان و بژێوی خەڵك بۆ مەرامی حزبایەتی و تایبەتی بەکار بهێنێت.

پارتی لە مێژووی پڕ خەبات و قوربانیدانیدا سەلماندوویەتی کە لە هەر کوێیەك هەبێت، ئاوەدانی و خۆشگوزەرانی ڕوو لەو ناوچانە دەکات و ئارامی و ئاسایش باڵ بەسەر ئەو ناوچەیەدا دەکێشێت. لە هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانیشدا پارتی دیموکراتی کوردستان و كاندیدەکانی لە سەرجەم نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان بێ تەشهیر و ناوزڕاندن کار دەکەن. بۆیە دەنگدەری بەڕێز كاتێك دەنگ دەدات، دەبێت بە ویژدانەوە دەنگ بە لیستێك بدات کە گرووپە چەکدارەکان و میلیشیاکان و ئەوانەی بوونەتە هۆی نائارامی و تێکدانی دۆخی ناوچەکانیان، بەردەوام لە دژایەتیکردنی ئەو پارتە و كاندیدەکانیدا کار دەکەن، چونکە ئەوان نایانەوێت بە گەڕانەوەی پارتی و بەدەستهێنانی کورسیی ئەنجومەنی پارێزگاکان، پارتی و بارزانی ڕێگر بن لە گەندەڵی و بەفیڕۆدانی سامان و گەندەڵییەکانیان. پارتی لەم هەڵبژاردنەدا کە بە لیستی ١٩٧ بەشدارە، چاوەڕێی دەنگی یەك بە یەکی نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانە و بێ جیاوازی کار بۆ خۆشگوزەرانی و پێکەوەژیان و ئارامیی تەواوی ئەو ناوچانە دەکات.

لەم ژمارەیەی گۆڤاری گوڵاندا ژمارەیەك كاندیدی دیکەی لیستی ژمارە ١٩٧ قسە بۆ گوڵان دەکەن.

### دکتۆر ئامال عەلی ئەلمزووری کاندیدی ژمارە ٢٠ی لیستی ١٩٧ی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا:

# دەنگدان بە لیستی ١٩٧ واتا دەنگدان بە پێکەوەژیان و توندوتۆڵکردنی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و ڕەتکردنەوەی توندوتیژی و ناسەقامگیری




شانازییە بۆ من لەسەر لیستی پارتێك بم کە سەرۆك بارزانی ڕابەرایەتی دەکات و کار بۆ پێکەوەژیان و ئاوەدانکردنەوە دەکات. مێژوو شاهیدی ئەوەی بۆ دەدەن کە بارزانی چۆن فریادڕەسی خەڵکی شاری مووسڵ و دەشتی نەینەوا و پارێزگاکە بوو، کاتێك بە کۆمەڵ ڕوومان لە دهۆك و هەولێر کرد، ئەو بەوپەڕی شانازییەوە دیفاعی لە هەموو پێکهاتەکانی مووسڵ و پارێزگای نەینەوا کرد، لە ماوەکانی ڕابردوودا شەرەفی ئەوەم پێ درا کە لە کەرتی تەندروستیدا کار بکەم، وەکو پسپۆڕایەتییەکی پزیشکی و لەبەر توانا و خزمەتکردنی خەڵکی بەشەرەفی پارێزگای نەینەوا، ناو و ناوبانگێکی باشم هەیە و خزمەتێکی زۆری خەڵکی ئەم پارێزگایەم کردووە. لە چەند ڕۆژی داهاتوودا چارەنووسی خەڵکی مووسڵ و پارێزگای نەینەوا دەردەکەوێت لە ڕێگەی دەنگدان بە کاندیدی ئەو پارتانەی کە ڕۆڵیان هەبوو لە ڕێزگرتن لە هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزاکانی دەشتی نەینەوا و شاری مووسڵ. سەردەمی ئاوارەیی و دەربەدەری و کۆچکردن بەرەو ئەو ناوچانەی بارزانی تێدا باڵادەستە، بەتایبەتی لە هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆك، لیستی ئەو پارتەی سەرۆك بارزانی ڕابەرایەتی دەکات، کە لیستی هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاکانە، هەر بە کرداریش سەلماندوویانە کە ئەوان چۆن ڕێز لە هەموو نەتەوەکان دەگرن، ئەوەتا زیاتر لە یەك ملیۆن عەرەب لە شار و شارۆچکەکانی کوردستانن و هیچ کێشە و گرفتێکی نەتەوەیی و مەزهەبی و تەنانەت کێشەی کارکردنیان نییە، بە پێچەوانەوە لە هەر ناوچەیەك پارتی هەبێت، پێکەوەژیان و ئاوەدانی و خۆشگوزەرانی هەیە، بۆیە داوا لە سەرجەم دەنگدەران دەکەم دەنگمان پێ بدەن و ئەو متمانەیەمان پێ ببەخشن، تاوەکو لە ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا کار بۆ گەڕانەوەی سەرجەم ئاوارەکان و قەرەبووکردنەوەیان بکەین و ئارامی و ئاسایش لە تەواوی ناوچەکەماندا بەرقەرار بێت و هەلی کار زامن بکرێت و کەرتەکانی تەندروستی و پەروەردەیی گرنگییان پێ بدرێت و مافی ئافرەتان زامن بکرێت. من کار دەکەم بۆ ئەوەی پەیوەندیی توندوتۆڵی نێوان کۆمەڵگەی مووسڵ و کۆمەڵگەی کوردستانی لە هەولێر و دهۆك پتەوتر بکەم و لەم ڕێگەیەوە پێکەوە تەکامولێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی دروست ببێت، بۆ خێر و خۆشیی تەواوی خەڵکی ناوچەکەمان، کە دراوسێیەتییەکی مێژوویی لە نێوان کورد و عەرەب و کۆمەڵگەکانی ناوچەکەدا هەیە و دەبێت نەك تەنیا پارێزگاری لێ بکەین، بەڵکو بیبووژێنینەوە.

**حەسن بەکر عەبدۆ کاندیدی ژمارە ٣٠ لە لیستی ١٩٧ی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا:**

# ئاوەدانکردنەوەی پارێزگای مووسڵ و قووڵکردنەوەی کەلتووری پێکەوەژیان لە پێشەنگی کارەکانم دەبێت لە ناو ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا

من وەکو کاندیدێکی پارتی دیموکراتی کوردستان کە سەرۆك بارزانی ڕابەرایەتیی لیستی ١٩٧ دەکات، ئەو سەرکردە مێژووییەی کە پێگە و مەکانەتێکی گەورە و پیرۆزی لە ناو دڵی سەرجەم پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزاکانی پارێزگای مووسڵدا هەیە، بارزانی و پێشمەرگەکانی خەبات و قوربانییەکی زۆریان بەخشییە ئازادکردنی چیای شنگال و شاری شنگال و ناوچەکانی دەوروبەری، ئەوە بارزانی بوو چەندین ساڵ وێڕای قەیرانی دارایی بە هەزارەها خێزانی ئاوارەی ئێزدی و مەسیحی و مووسڵمانی لەخۆگرت و لە مردن و دەربەدەری ڕزگاری کردن، لە ئێستاشدا هەر سەرۆك بارزانی و پارتییە بە گەڕانەوەی بۆ ناو ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا ئاوەدانی و خۆشگوزەرانی دەگەڕێنێتەوە ناو ماڵە مووسڵاوییەکان.

کارکردن بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوور زامنی پێکەوەژیان و سەقامگیری و ئاوەدانی دەبەخشێتە خەڵکی ناوچەکانی ئەم ماددەیە، من دەمەوێت لە ڕێگەی چوونم بۆ ناو ئەنجومەنی پارێزگای نەینەواوە کار لەسەر ڕاسپاردەکانی سەرۆك بارزانی بکەم، بەوەی خزمەتکاری میللەتی خۆم بم و ڕێگە نەدەم ناوچەکانمان ببێتە بارەگای سەربازی و گرووپی چەکداری، بە پێچەوانەوە دەمانەوێت لە ڕێگەی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی شنگال پێشمەرگە شانبەشانی سوپای عێراق بگەڕێتەوە ناوچەکە و پارێزگاری لە کوردانی ئێزدی و سەرجەم پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکانی دیکەی مووسڵ بە بێ جیاوازی بکەن، بۆیە ئاوەدانکردنەوەی پارێزگای مووسڵ و قووڵکردنەوەی کلتووری پێکەوەژیان لە پێشەنگی کارەکانم دەبێت لە ناو ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا.




وەکو ئاگادارن ئێمە لە پارێزگای نەینەوا کێشەمان لە تەرخانکردنی پارە بۆ ئاوەدانکردنەوەی پارێزگاکە نییە، بەڵکو کێشەمان لەسەر خراپیی بەکارهێنانی ئەو پارانەو بەفیڕۆدانی هەیە، لە کاتێکدا دەبووایە لە بونیاتنانەوەی ژێرخانی ئابووری و ڕێگەوبان و شەقام و پەرەپێدانی کەرتەکانی شارەوانی و تەندروستی و پەروەردەدا خەرج بکرایە، کەچی دیار نییە ئەو هەموو پارە و تەمویلانە چۆن خەرج کراوە. سەرۆك بارزانی گرنگییەکی زۆر بە کوردانی ئێزدی و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان و جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوور دەدات، ئەو خوازیارە پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لە نێوان هەر سێ پارێزگای دهۆك و هەولێر و مووسڵدا دروست ببێت و ڕێگە نەدات بیروبۆچوونی شۆڤێنی و توندوتیژی لەم ناوچانەدا دروست ببێت، خوازیاری خێروخۆشی و خۆشگوزەرانی و ئاوەدانییە بۆ خەڵکی پارێزگای نەینەوا و لەم ڕوانگەیەشەوە دەیەوێت لە ڕێگەی کاندیدەکانی پارتییەوە زۆرترین کورسی لە ناو ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا بەدەست بهێنێت.

ئێمەی پێکهاتەکانی پارێزگای نەینەوا، کەس زیاتر لە بارزانی بە خەمخۆر نازانین، ئەوە بارزانییە بە کردار و ڕەفتار کار بۆ پێکەوەژیان و لێبووردەیی و خۆشگوزەرانی و ئاوەدانکردنەوە دەکات، ئەمە وێڕای هەموو ئەو ئاستەنگ و بەربەستانەشی کە لە بەردەمی دادەنرێت، بەڵام ئیرادەی پۆڵایینی سەرۆك بارزانی هەموو ئاستەنگ و بەربەستەکان هەڵدەگرێت و کۆتایی بە مەینەتی و شەڕ و ئاشووب دەهێنێت.

### ئەندازیار ئاریان حەمید ئیبراهیم کاندیدی ژمارە ١ی لیستی ١٩٧ی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەنجومەنی پارێزگای دیالە:

# دەنگدان بە لیستی ١٩٧ دەنگدانە بە گەڕانەوەی شکۆی کورد لە خانەقین و پارێزگای دیالە




سەرۆك بارزانی و ڕێبازی بارزانی بە درێژایی خەباتی مێژووی خۆی بەرگریکار و پارێزەری کوردستانییەتی ناوچەکانی خانەقین و دیالە بوو، مەلا مستەفا بارزانی بەرگریکاری سەرسەختی هەموو پێکهاتە ڕەسەنەکانی خەڵکی خانەقین و دیالە بوو، بە ڕاددەیەك بەگەورە و بچووکی ئەم ناوچەیەوە پاڵپشتیی شۆڕش و خەباتی مەلا مستەفا بارزانی-یان دەکرد، ئەمە هەر وا لە خۆڕا نەهاتووە، خەڵکی لێقەوماو و بەشخوراوی خانەقین و دیالە زۆر دەمێکە کەوتوونەتە بەر شاڵاوی ڕاگواستن و گۆڕینی تۆپۆگرافیای ناوچەکانیان و چۆڵکردنی گوندەکانیان و لە دەستدانی خاك و نیشتمانەکەیان، هەربۆیە دوژمنانی کورد کاتێك گوێبستی ناوی بارزانی و پارتی دەبن، دەست بە دژایەتیکردنی دەکەن و ترسی لەدەستدانی پیلان و ڕەفتارە خراپەکانیان لا دروست دەبێت، من وەکو کاندیدی ژمارە ١ی لیستی ١٩٧ داوا دەکەم، دەنگدەری کورد دەنگمان پێ بدەن، تاوەکو ئێمەش لەڕووی گرنگیدان بە ئاوەدانی و خۆشگوزەرانییەوە لە ناو ئەنجومەنی پارێزگای دیالەدا کار بکەین بۆ خزمەتکردنی خەڵکی خانەقین و تەواوی ناوچەی دیالە، ئێمە هەروەکو لە درووشم و پەیامی لیستەکەشماندا هاتووە، لیستی پێکەوەژیان و خۆشگوزەرانی و ئاوەدانی و سەقامگیرییە، من بەو پێیەی خۆم ئەندازیاری کشتوکاڵیم و لە هەمان کاتیشدا هونەرمەند و وەرزشکارم، زۆر گرنگی بە لایەنی جووتیاران دەدەم و لە هەوڵی ئەوەدا دەبم، گوندەکانی دیالە ئاوەدان بکرێنەوە و فریای جووتیارانی کورد بکەوین، تاوەکو چیتر شاڵاوی کۆچی گوندنیشنەکان بەردەوام نەبێت، لە ئێستادا ژمارەیەکی زۆر گوندی ناوچەکانی خانەقین و جەلەولا و دیالە لە ترسی چەکدارانی داعش و وشکەساڵی و بێ خزمەتی چۆڵ دەکرێن، ئەمەش تەنیا هەڕەشە نییە لەسەر کوردی ئەم گوندانە بەڵکو هەڕەشەیە لەسەر لەناوچوونی کورد لە خانەقین و تەواوی ناوچەکانی دەورووبەری، هەروەکو چۆن لە مێژوودا کوردانی پارێزگای دیلە ڕووبەڕووی شاڵاوی تەعریب و ڕاگواستن بوونەوە. گرنگیدان بە گەنج و بەدیهێنانی خواستەکانیان بەرنامەیەکی دیکەی هەڵبژاردنی منە و خۆم و لیستەکەم لەم پێناوەدا گرنگی بە گەنج و بەدیهێنانی خواستەکانیان لە ڕیزبەندی پێشەوەی بەرنامە و کارەکانماندایە.

ئەگەر دەنگدەران ئەو متمانەیەیان پێ بەخشیم، ئەوا وەکو بەڵێنێك لەسەر ڕێباز و عەقیدەی بارزان لە ناو ئەنجومەنی پارێزگای دیالە کار دەکەم لە پێناو خزمەتکردنی زیاتری خەڵکی خانەقین و دەورووبەری و، بەدیهێنانی دادپەروەری لە دابینکردنی پێداویستییەکانی خەڵکی خانەقین، بەتایبەتی پێداویستیی جووتیارە بەڕێزەکان و چارەسەرکردنی گرێبەستە کشتوکاڵییەکان و خەرجکردن و بەکارهێنانی بودجەی پارێزگا بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا و دوور لە گەندەڵی و بەفیڕۆدان، نەتەوە و ئایین و ئایینزا و مەزهەبەکانی دیکەش لە ناو خانەقین، هەمووان بڕوای تەواویان لا دروست بووە، کە پارتی تاکە حزبێکە بڕوای بە پێکەوەژیان و ڕێزگرتن لە هەموو نەتەوە و پێکهاتەکانی دیکە هەیە، بۆیە ئێمە لەم هەڵبژاردنەدا بڕوامان وایە لە نەتەوەکانی دیکەش دەنگ بە لیستی ژمارە ١٩٧ی پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەن و، جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ بۆ گەڕانەوەی شکۆ و سەقامگیری و ڕێزگرتنە لە کورد و سەرجەم نەتەوەکانی دیکە، لەو ١٥ کورسییە لیستەکەمان خوازیاری ژمارەیەك کورسی هەیە و لە هەوڵی ئەوەدایە لە ڕێگەی کورسییەکانەوە ئەو ناعەدالەتی و پەراوێزخستنەی خانەقین کۆتایی پێ بهێنێت.

## تەنیا خەیروڵڵا عەبدوڵڵا کاندیدی ژمارە ١٥ی لیستی ١٩٧ی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک بۆ گوڵان:

# کار بۆ گەڕانەوەی شکۆ و کەرامەت و ئاوەدانی بۆ گەڕەکە کوردنشینەکان و دامەزراندنی پێکهاتەی کوردی لە ناو پارێزگای کەرکووک دەکەم

کەرکـووك و بارزانـی مێژوویەکـی دێرینیـان هەیـە و هەرگیـز مـەلا مسـتەفا بارزانـی و سـەرۆك بارزانـی سازشـیان لەسـەر کوردسـتانییەتی کەرکـووك نەکـردووە و، پارێزگارییـان لـە شـکۆ و کەرامەتـی کەرکووکییـەکان کـردووە، بەتایبەتـی لـە نەتـەوەی کـورد کـە بـە درێژایـی مێـژوو کـوردی پارێـزگای کەرکـووك کەوتوونەتـە بـەر شـاڵاوی تەعریـب و ڕاگواسـتن و ئـازار و مەینەتـی، بۆیـە گەڕانـەوەی پارتـی و کادیرەکانـی سـەرۆك بارزانـی، واتـا گەڕانـەوەی کـورد بـۆ ئـەم پارێزگایـە، هـەر هـۆکاری ئەمـەش بـوو کاتێـك بەپێی یاسا و ڕێککەوتنی نێوان سەرۆك بارزانی و ئیـدارەی بەڕێوەبەردنـی دەوڵـەت، کـە بـارەگای سـەرکردایەتی پارتـی تەسـلیمی پارتـی کرایـەوە، شـۆڤێنییەکان و قینلەدڵەکانـی دژ بـە کـورد ئـاژاوە و پشـێوییان نایـەوە، لەمەشدار سـەرۆك بارزانـی بـۆ هەڵوەشـاندنەوەی پیـلان و مەرامـی ناحـەزان ئامـادە نەبـوو بارەگاکـەی پێشکەشـی زانکـۆی کەرکـووك کـرد، ئـەو زانکۆیـەی کـە منداڵانـی کەرکووکییـە ڕەسـەنەکان تێیـدا دەخوێنـن.

مـن وەکـو کاندیدێکـی پارتـی دیموکراتـی کوردستان ژمـارە ١٥لەسـەر لیسـتی ژمـارە ١٩٧ بـۆ ئەنجومەنـی پارێـزگای کەرکـووك، بەڵێنـم داوە کـە لەسـەر ڕێبـاز و عەقیـدەی بـارزان بـم و ئامـادەی سازش نەبم لەسەر کوردستانییەتی کەرکووك و، لە نـاو ئەنجومەنەکـەدا خزمەتـی خانـەوادەی شـەهیدان و خێزانـە کـوردەکان بکـەم و، ڕێزیـش لـە هەمـوو نەتەوەکانـی دیکـە دەگـرم، چونکـە لیسـتەکەمان لیسـتی پێکەوەژیـان و ئاوەدانـی و خۆشـگوزەرانییە، واتـا بـە شـێوەیەکی دادوەری کار دەکـەم بـۆ خزمەتـی هەرمـوو کەرکووکییـەکان، گەرچی ناوچە کوردنشـینەکان، بەتایبەتـی گەڕەکـە کوردنشـینەکان لـە هەمـوو خزمەتگوزارییـەك بێبەشـن، بۆیـە دەبێـت لـە نـاو ئەنجومەنـی پارێـزگای کەرکووکـدا کار بـۆ گەڕانـەوەی شـکۆ و کەرامـەت و ئاوەدانـی بـۆ گەڕەکـە کـوردەکان و، دامەزراندنـی پێکهاتـەی کـورد لـە نـاو پارێـزگای کەرکـووك دەکـەم. لـە تـەواوی ناوچەکانـی مـاددەی ١٤٠ بـە دەیـان ئاوایـی و ناوچـەی کوردسـتانیمان هەیـە کـە لـە هەمـوو خزمەتگوزارییـەك بێبـەش بـوون.

ئایـا دەزانیـت لـە لیسـتی دامەزراندنـی فەرمانبەرانـدا کـورد وەکـو نەتەوەیەکـی سـەرەکی و ڕەسـەنی کەرکـووك چەنـد غەدریـان لـێ دەکرێـت و ژمـارەی پۆسـت و فەرمانبەرانـی کـورد لـە نـاو دامەزراوەکانـی کەرکـووك، لـە دوای خیانەتـی ١٦ی ئۆکتۆبـەر چەنـد کـەم کراوەتـەوە؟ بـۆ نموونـە ناوچـەی ئاوەدانیمـان هەیـە لـە ناوچـەی حەفتەغـار کـە دوو هـەزار ئاواییـە، پێویسـتە کاری بـۆ بکەیـن و خزمـەت و کاری زیاتـری بـۆ بکەیـن و بکرێتـە ناحیـە، ئـەم فەرامۆشـکردنەش تەنیا لەبەر ئەوەیـە ناوچەکـە کوردییـە، ئەمـە و دەیـان کاری خزمەتگـوزاری و بەدواداچوونـی دیکەمـان هەیـە، کە لـە نـاو ئەنجومەنەکـەدا پەکـی خراوە و جێبەجێ نەکـراوە.




کاتێـك لەگـەڵ جەنابـی سـەرۆك بارزانـی دانیشـتین پێـی گوتیـن: «بـا بەڵێنەکانتـان لـە ئاست کردارەکانـدا بێـت، چونکـە کادیـری پارتـی درووشـمەکان دەکاتـە کـردار و جێبەجێیـان دەکات، بارزانـی هەمـوو تەمەنـی لـە پێنـاو کـورد و کوردسـتانییەتی کەرکووکـدا بـووە». هەرچی بڕیـار و کۆبوونـەوە و ڕێککەوتـن هەیـە، بـێ بابەتـی کوردسـتانییەتی کەرکـووك و ئاسـاییکردنەوەی دۆخـی ئـەم پارێزگایـە نەکـراوە، سـەرۆك بارزانـی چەندیـن جار لەپێنـاو کەرکـووك و کەرکووکییەکانـدا سازشـی لەسـەر حیسـابی حزبەکـەی کـردووە، بـەڵام ئامادە نەبـووە بۆ یـەك جاریش بێت، لەسـەر حیسـابی کەرکـووك و کەرکووکییـەکان بڕیـار بـدات، ئەمـەش جێگـەی فەخـر و شـانازیی ئێمـەی کەرکووکییەکانـە.



شۆڕش شەهباز
چالاکی سیاسی و ڕۆشنبیری کوردی فەیلی بۆ گوڵان:

# لە پرۆسەکانی کۆمەڵکوژیی ئەنفالدا کوردانی فەیلی و بارزانییەکان پێکەوە جینۆساید کراون

# لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسیش عەقڵیەتی شۆڤێنی و ڕەتکردنەوەی کورد و تەعریب بەردەوامیی هەبووە

**کۆمەڵکوژیی کوردانی فەیلی بە هەموو پێوەرە یاساییە نێودەوڵەتییەکانەوە بە تاوانی نێودەوڵەتیی «جینۆساید» دادەنرێت، ئەگەرچی ئەم تاوانە ساڵانێکی زۆری بەسەردا تێپەڕیوە، بەڵام تاوانی نێودەوڵەتی بە تێپەڕبوونی کات کۆن نابێت، لە عێراقی دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسیشدا بەپێی پێویست گرنگی و بایەخ بەم جینۆسایدە نەدراوە و قەرەبووی قوربانییەکانیش نەکراوەتەوە، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ شۆڕش شەهباز چالاکی سیاسی و ڕۆشنبیری کوردی فەیلی ساز دا. لێرەدا پوختەی وتەکانی بڵاودەکەینەوە.**

*** وەکو چالاکێکی سیاسی و ڕۆشنبیرێکی کوردی فەیلی، شارەزایی باشت لە بابەتی مێژوویی تاوانی جینۆسایدی کوردانی فەیلی هەیە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەو پاساوانە چی بوون کە وای لە ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق کرد کوردانی فەیلی جینۆساید بکەن؟**

- کوردانی فەیلی لە شاری بەغدا و ڕۆژهەڵاتی دیجلە نیشتەجێن و لەم مەملەکەتەیاندا مێژوویەکی دوور و درێژیان هەیە، دەکرێت بوترێت بە دانیشتووانی ڕەسەنی بەغدا و ناوچەکانی (خانەقین، مەندەلی، جەلەولا، زرباتییە، بەدرە، خاڵس، بەعقوبە و شارەبان) ناسراون، بەمەش کوردی فەیلی ڕێژەیەکی زۆری دانیشتووانی بەغدا و ناوچەکانی بەرەی ڕۆژهەڵات و باکووری بەغدا پێك دەهێنن، بە شاری کوتیشەوە. کوردانی فەیلی بە کوردپەروەری و خۆشەویستییان بۆ نەتەوە و نیشتمانەکەیان ناوبانگیان دەر کردووە، ئەو دەمە بابەتی مەزهەبی و شیعە و سوننە بەو شێوەیەی ئێستا تۆخ نەبوو، بەمەش ڕژێمە شۆڤێنییەکان و قەومچییەکان ترسێکی زۆریان لە کوردبوونی فەیلییەکان لەناو جەرگەی بەغدا هەبوو، بۆیە بە دوای پاساو و بیانوویەکدا دەگەڕان کە گورزی گەورە لەم دانیشتووانە ڕەسەنەی بەغدا بدەن، بەمەش توانییان پاساوی «التبعية الايرانية» بدۆزنەوە، لە کاتێکدا هەر خۆی لە خۆیدا عێراق ڕەگەزنامەی لەسەر بنەمای عوسمانی و ئێرانی دابەش ببوو، کوردانی فەیلی نەیاندەویست بە زۆرەملێ سەربازی بیانگرێتەوە و بچنە شەڕەکانی دەوڵەتی عوسمانی بەتایبەتی لە بەلقان، بە شێوەیەك بوو ئەو شەڕانە هەر گەنجێك بە زۆرەملێی سەربازی دەبرا، ئیتر سۆراخی نەدەگەڕایەوە، بۆیە زۆر لە کوردانی فەیلی بە «التبعيه الايرانيه» ناوی خۆیان نووسیبوو، خۆ ئەو کوردە فەیلییانەی ڕەگەزنامەی عێراقیشیان هەبوو، لە هەشتاکاندا پیاوانی ڕژێم ڕەگەزنامەکانیان لێ سەندبوونەوە و بە زۆرەملێ ڕاپێچی ئێرانیان کردبوون، ئەوان مەترسیی کوردبوون و پاڵپشتیکردنی مەلا مستەفا بارزانی و شۆڕشەکەیان هەبوو، بۆیە پاساوی تەقینەوەکەی بەردەم دەرگای زانکۆی موستەنسرییە و نەبوونی ڕەگەزنامە تەنیا بیانوویەك بوو بۆ گۆڕینی تۆپۆگرافیای بەغدا و ناوچەکە و بە عەرەبکردنی ناوچەکانیان.

**رژێمە شۆڤێنییەکان و قەومچییەکان ترسێکی زۆریان لە کوردبوونی فەیلییەکان لەناو جەرگەی بەغدا هەبوو، بۆیە بە دوای پاساو و بیانوویەکدا دەگەڕان کە گورزی گەورە لەم دانیشتووانە ڕەسەنەی بەغدا بدەن، بەمەش توانییان پاساوی «التبعية الايرانية» بدۆزنەوە**

**کوردانی فەیلی نەیاندەویست بە زۆرەملێ سەربازی بیانگرێتەوە و بچنە شەڕەکانی دەوڵەتی عوسمانی بەتایبەتی لە بەلقان**

*** کەواتە کوردانی فەیلی لە ڕیزبەندی پێشەوەی ئەو پێکهاتە ڕەسەنانەی کوردبوون کە کەوتنە بەر شاڵاوی تەعریب، ئایا تا چەند لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس ئەو ناوچانە گەڕانەوە دەستی کوردانی فەیلی و خێزانە کوردەکان قەرەبوو کرانەوە؟**

**ئەو کوردە فەیلییانەی ڕەگەزنامەی عێراقیشیان هەبوو، لە هەشتاکاندا پیاوانی ڕژێم ڕەگەزنامەکانیان لێ سەندبوونەوە و بە زۆرەملێ ڕاپێچی ئێرانیان کردبوون**

**پاساوی تەقینەوەکەی بەردەم دەرگای زانکۆی موستەنسرییە و نەبوونی ڕەگەزنامە تەنیا بیانوویەک بوو بۆ گۆڕینی تۆپۆگرافیای بەغدا و ناوچەکە و بە عەرەبکردنی ناوچەکانیان**

**لە ساڵی ١٩٧٠ نەک گەنجەکانی کوردانی فەیلی زیندانی دەکران، بەڵکو بێسەروشوێن دەکران و ناسنامە و ڕەگەزنامەیان لە خێزانەکانیان وەردەگرتەوەو بە زۆرەملێ ڕاپێچی ناوچە سەرسنوورەکانی ئێرانیان دەکردن**

**ڕەنگە پشتگیری کوردانی فەیلی بۆ عەبدولکەریم قاسم و مەلا مستەفا بارزانی کە دژی بەعسییەکان و قەومچییەکان ڕاوەستانەوە، هۆکارێکی سەرەکیی ئەنجامدانی ئەو جینۆسایدە بوو**

**فەرمانی هەڵوەشانەوەی ئەو خێزانانەش درا، کە کچ و کوڕیان لەگەڵ کوردانی فەیلی هاوسەرگیریان پێکهێنابوو**

- مێژووی عێراق سەلماندوویەتی کە جگە لە کورد و ئاشووری و کلدانی و جوو، نەتەوەی عەرەب بوونێکی لاواز و کەمیان لە عێراقدا هەبووە، تەنانەت مەلیك فەیسەڵی عێراق لە شانشینی سعودییەوە لە بنەماڵەی هاشمی هاتووەتە عێراق و حوکمی کردووە، کاتێك ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەڕووخێت و دەوڵەتی تورکیا دروست دەبێت، هۆزە عەرەبەکان لە بیابانەکانەوە کۆچیان کردووە بۆ بەغدا و ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی عێراق کە خاکی ڕەسەنی باوك و باپیرانی کورد بووە و یەکەمین زیانمەندیش لەم کۆچە هەر کورد بووە. کاتێك بەریتانییەکان دێنە عێراق و دواتر لە ١٩٣٠ یەکەمین شاڵاوی تەعریب لێرەوە دەستی پێ کردووە، ئالێرەوە گۆڕینی دیمۆگرافیای کورد زەق بووەوە، کوردیش بەوە ناسراون کە بەردەوام پێشوازیان لە ئاوارە و پەناهەندە و خەڵکی لێقەوماو کردووە و هزری ئەوەیان نەبووە کە ئەو نەتەوانەی ڕۆح و هەستی داگیرکردن و هێرشیان بۆ سەر ماڵ و حاڵی نەتەوەکانی دیکە هەبووە، مەبەست و مەرامیانە، نەك دیمۆگرافیای ناوچەکە بگۆڕن، بەڵکو دەستیان بڕوات جینۆساید و قەتڵوعامیشیان دەکەن، هەرواش بوو لە ساڵی ١٩٧٠ نەك گەنجەکانی کوردانی فەیلی زیندانی دەکران، بەڵکو بێسەروشوێن دەکران و ناسنامە و ڕەگەزنامەیان لە خێزانەکانیان وەردەگرتەوەو بە زۆرەملێ ڕاپێچی ناوچە سەرسنوورەکانی ئێرانیان دەکردن، لەوێشەوە بەرەو ئۆردوگاکانی ئێران و دەستپێکردنی ژیانی ئاوارەیی و نەهامەتی دەستی پێ دەکرد، هەرچی ماڵ و حاڵیشیان هەبوو کە لە گەڕەکەکانی بەغدا ئێستاش شوێنەوارەکانی ماوە، دەستی بەسەردا دەگیرا و بەسەر پیاوی ڕژێمدا دابەش و تاڵان دەکران. ڕەنگە پشتگیری کوردانی فەیلی بۆ عەبدولکەریم قاسم و مەلا مستەفا بارزانی کە دژی بەعسییەکان و قەومچییەکان ڕاوەستانەوە، هۆکارێکی سەرەکیی ئەنجامدانی ئەو جینۆسایدە بوو، کە وایلێهات فەرمانی هەڵوەشانەوەی ئەو خێزانانەش درا، کە کچ و کوڕیان لەگەڵ کوردانی فەیلی هاوسەرگیریان پێکهێنابوو.

*** زۆرجار لایەنی سیاسیی وا هەیە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان، مێژووی کوردانی فەیلی و پەیوەندییان و پاڵپشتیان بۆ مەلا مستەفا بارزانی دەشارنەوە. وەکو چالاك و ڕۆشنبیرێکی کوردی فەیلی چۆن دەڕوانیتە ڕۆڵ و پەیوەندیی کوردانی فەیلی لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی؟**

- زۆر زەحمەتە و هەڵەیەکی گەورەیە مێژوو بە لاڕێدا ببرێت و لەسەر بنەمای ڕق و کینەی سیاسی ئەم سەردەمە باس بکرێت، مەلا مستەفا بارزانی بە ڕەحمەت بێت، پاڵپشتییەکی زۆری لە مەزلوومییەتی کوردانی فەیلی دەکرد، ئەو تێڕوانینی زۆر جیاوازی بۆ کوردبوون و کوردایەتی هەبووە، کورد لای ئەو کورد بووە و گشت پێکهاتەکانی کوردی کۆکردووەتەوە و یەکەمین شۆڕشی سەرتاسەری و جەماوەری هەڵگیرساندووە، دیدگای مەلا مستەفا بارزانی ئەوەندە گەورە بووە لە ڕێککەوتنی ١١ی ئاداردا سەدام حوسێن باسی دەکات، کە داوای کردبوو کوڕێکی بۆ جێگرەوەی سەرۆك کۆمار دابنێت، بەڵام بارزانی ئەمەی ڕەت کردەوە و کوردێکی فەیلی پێشنیار کردبوو، کە حەبیب محەمەد بوو، ڕژێمی بەعسیش ڕەتیان کردەوە بە بیانووی ئەوەی ئەمە ڕەگەزنامەی ئێرانییە، بەڵام مەلا مستەفا بارزانی ئەمەی قبووڵ نەکرد و کەسی دیکەی بۆ ئەو پۆستە بەرز نەکردەوە، لە بابەتی کەرکووکیشدا مەلا مستەفا بارزانی سازشی لەسەر کوردستانییەتی ئەو پارێزگایە نەکردووە، کوردانی فەیلی لەبەر هزرو بیری نەتەوەیی مەلا مستەفا بارزانی مێژوویەکی دەوڵەمەند و قووڵیان لەگەڵ ئەم سەرکردە گەورەیەی کورد هەیە. خۆ مێژوویەکی دوور نییە، لە شۆڕشی ئەیلوول کوردانی فەیلی پەیوەندییەکی بەهێزیان بە شۆڕشەوە هەبوو، تەنانەت دکتۆر جەعفەر محەمەد کەریمی برا گەورەی حەبیب محەمەد سکرتێری پارتی، دامەزرێنەری پارتی بووە و دواتریش دەیان تێکۆشەر و بەرپرس و شۆڕشگێڕ و کەسایەتیی گەورەی دیکەی ناو کوردانی فەیلی ڕابەرایەتیی یەکێتیی ئافرەتان و ڕێکخراوەکانی قوتابیان و لاوانیان کردووە. یەکەمین بێژەری ئێزگەی دەنگی کوردستانیش هەر کوردی فەیلی بووە، کوردانی فەیلی کۆمەك و هاوکاریی شۆڕشیان کردووە. یەکەمین ئافرەتی کورد کە لە سێدارەدرا، لەیلا قاسمی کوردی فەیلی بوو. من لە کۆنفرانسی زانستیی نێودەوڵەتیی جینۆسایدی گەلی کوردستان کە بۆ کوردانی فەیلی لە شاری هەولێر بەڕێوەچوو، لەوێ حزوورێکی فراوان و گەورەی کوردانی فەیلی لێ بوو، لە وتاری سەرۆك مەسعود بارزانی باسی لە ڕۆڵ و پێگەی کوردانی فەیلی کرد لەناو شۆڕشی ئەیلوول و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد، مەلا مستەفا بارزانی کە لە یەکێتیی سۆڤێتی ئەو سەردەمە دەگەڕێتەوە، لە بەسراوە تاوەکو شوێنی نیشتەجێبوونی لە بەغدا

کوردانی فەیلی پێشوازی و پارێزگارییان لێ دەکرد، لە ئەنفال و بێسەروشوێنکردنی گەلی کورددا کوردانی فەیلی و بارزانییەکان پێکەوە جینۆساید کراون، کوردانی فەیلی لەبەر ئەوەی بارودۆخی داراییان لە بەغدا باش بوو، بە واتایەکی دیکە زۆربەی بازرگان و گەورە سەرمایەدارانی بەغدا کوردانی فەیلی بوون، بۆیە هاوکاری و کۆمەکی باشی شۆڕشی کوردیان کردووە.

*** باسی بارودۆخی باشی کوردانی فەیلیت کرد لە بەغدا و ناوچەکانی ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی دیجلە، ئایا تا چەند تاڵانکردنی ماڵ و حاڵی کوردانی فەیلی و دەستگرتن بەسەر بازرگانی و کاسبییەکەیاندا هۆکارێك بووە بۆ جینۆسایدکردنیان و بەزۆر ڕاپێچکردنیان بۆ ئێران؟**

- کوردانی فەیلی لە شەستەکان و حەفتاکاندا لەناو ڕیزەکانی شیوعی و پارتیدا بوون، ئەوان ژمارەیەکی زۆری کاسب و پیشەوەر و بازرگان و خاوەن لۆری و کارگە بوون و کارخانەیان لە بەغدا هەبوو. پیاوانی ڕژێم لەم بەهێزییەی کورد دەترسان، بۆیە تەماعی داگیرکردنی ماڵ و حاڵیان و خاکی بەپیت و دەوڵەمەندی خانەقین و دیالە و سەلاحەیدین و تەواوی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی دیجلەیان هەبوو، هەرواشیان کرد، هۆکاری تەعریبەکە تەنیا کوردبوون نەبوو، بەڵکو تاڵانی و دزین و زەوتکردنی خاکی بەپیتی ئەو ناوچەیە بوو، شوێنەوارەکانی خانووەکانی جەمیلە لە بەغدا شاهیدی قسەکانمە، خودی سەدام حوسێن کۆشکی لەسەر زەوییەکانی کوردانی فەیلی دروست کرد و قەرزاریان بوو، کاتێکیش ماڵ و حاڵیان لێ زەوت کرا و دەربەدەری دەرەوە کران، تاکو ئەمڕۆ قەرەبوو نەکرانەوە.

*** ئایا بۆچی لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس کوردانی فەیلی قەرەبوو نەکرانەوە و تەنانەت کەیسەکەیان نەکرا بە کەیسێکی جینۆسایدی نێودەوڵەتی؟**

- لە کاتی جینۆسایدە گەورەکەی کوردانی فەیلی لە سەرەتای هەشتاکان کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پاڵپشتیی ڕژێمی بەعسیان دەکرد لە دژی ئێران، تەنانەت وێرانکردنی گوندەکان و ئەنفال و بێسەروشوێنکردنی گەنجەکان و ڕاگواستن و تەعریب و تەرحیل پشتگوێ خرا، لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسیش عەقڵییەتی بەعسی و ڕەتکردنەوەی کورد و تەعریب بەردەوامیی هەبووە، خۆ ئەگەر کەیسی دوجەیل نەبووایە، سەدام حوسێنیان لە سێدارە نەدەدا، لەم ڕوانگەیەوە لە عێراقی بەناو نوێشدا بە شێوەیەکی دیکە مافە دەستووری و یاساییەکانی گەلی کورد پشتگوێ خراوە. لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕەگەزنامە، فەلەستینی و میسری ڕەگەزنامەیان پێ داون، کەچی هێشتا کوردانی فەیلی دۆسیێکەیان لە نهۆمی دووەم لە شوێنی بیانییەکانە، بەداخەوە کوردانی فەیلی نەیانتوانی جینۆسایدەکە وەکو هۆلۆکۆس بناسێنن، ئێمەش وەکو کورد نەمانتوانیوە کەیسەکانی جینۆساید و کۆمەڵکوژی بگەیەنینە مەحافیلە نێودەوڵەتییەکان و خەباتێکی بێوچانی بۆ بکەین، تەنانەت لە ڕووی کۆکردنەوەی بەڵگەنامە و دیکیۆمێنتەکان و مۆزەخانەی نەتەوەیی و فیلم و ئەدەب و هونەریشەوە نەمانتوانی قەبارەی کۆمەڵکوژی و تاوانەکە بە جیهان بناسێنین، ئەمەش کەمتەرخەمیی وەزارەتی شەهیدانە کە نەیتوانیوە ئەم کەیسانە بەپێی قەبارەی تاوانەکە بە جیهانی دەرەوە بناسێنێت. ئێستاکەش کات درەنگ نییە و دەتوانین لە نێوخۆ و لەسەر ئاستی عێراق و وڵاتانی ئەورووپا و جیهانیش کاری گەورە لەسەر کەیسەکانی ئەنفالی گەرمیان و بادینان و بارزانییەکان و کیمیاباران ڕاپێچکردنی بە زۆرەملێی کوردانی فەیلی و کۆمەڵکوژیی کوردانی ئێزدی و دەیان تاوانی دیکە بکەین، کە هەر هەمووی دەچێتە چوارچێوەی تاوانی نێودەوڵەتی و جینۆسایدەوە. بەداخەوە ململانێی حزبایەتی و پەرتەوازەی کورد و پێکهاتەکانی وای کردووە لە کەیسەکانی ئەنفال و کیمیاباران و تاوانەکانی دیکەدا بە تێڕوانینی کوردایەتی و نەتەوەیی تەماشای نەکەین و یەك دەنگ و تەبا نەبین و زۆرجار بە جیاوازی کار دەکەین، بۆیە لە بەرانبەردا لە سەرجەم کابینە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق هەروەکو ماددەی ١٤٠ ی دەستووری کاری پێ نەکراوە و قەرەبووی قوربانییەکانیش نەکراوەتەوە، لەکۆتاییدا هیوادارم سەنتەری ناساندنی جینۆسایدی کوردانی فەیلی لە پایتەختی کوردستان دابمەزرێت و ئەم کەیسە ئەگەرچی ساڵانێکی زۆری بەسەردا تێپەڕیوە، بەڵام وەکو تاوانێکی نێودەوڵەتی و کۆمەڵکوژی دەمێنێتەوە و کۆن نابێت و پێویستە سۆراخی ئێسك و پرووسکی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی کوردانی فەیلی بگرین و قەرەبووی ماڵ و حاڵیان بکرێتەوە و ڕەگەزنامە بدرێتەوە ئەوانەی بە هەر پاساو و هۆکارێك بێت، ڕەگەزنامەیان پێ نەدراوە.

**مەلا مستەفا بارزانی بە ڕەحمەت بێت، پاڵپشتییەکی زۆری لە مەزلوومییەتی کوردانی فەیلی دەکرد**

**مەلا مستەفا بارزانی کە لە یەکێتیی سۆڤێتی ئەو سەردەمە دەگەڕێتەوە، لە بەسراوە تاوەکو شوێنی نیشتەجێبوونی لە بەغدا کوردانی فەیلی پێشوازی و پارێزگارییان لێ دەکرد**

**لە کاتی جینۆسایدە گەورەکەی کوردانی فەیلی لە سەرەتای هەشتاکان کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پاڵپشتیی ڕژێمی بەعسیان دەکرد لە دژی ئێران**

**لە عێراقی بەناو نوێشدا بە شێوەیەکی دیکە مافە دەستووری و یاساییەکانی گەلی کورد پشتگوێ خراوە. لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕەگەزنامە، فەلەستینی و میسری ڕەگەزنامەیان پێ داون، کەچی هێشتا کوردانی فەیلی دۆسیێکەیان لە نهۆمی دووەم لە شوێنی بیانییەکانە**

**بەداخەوە ململانێی حزبایەتی و پەرتەوازەی کورد و پێکهاتەکانی وای کردووە لە کەیسەکانی ئەنفال و کیمیاباران و تاوانەکانی دیکەدا بە تێڕوانینی کوردایەتی و نەتەوەیی تەماشای نەکەین**




**دکتۆر ڕەقیب سەعید مزووری**

پسپۆڕ لە هزری ئیسلامی و سەرۆکی سەنتەری سەڵاحەدینی ئەیوبی بۆ توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لە زانکۆی سەڵاحەدین بۆگوڵان:

# هەر کەسێک ئینتمای بۆ نیشتمانەکەی نەبێت ئیمانی تەواو نییە

# هەر کەس و لایەنێک ئەگەر ئیسلام بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەکار بهێنێت سەرکەوتوو نابێت

**لە دوای ڕووخانی خەلافەتی ئیسلامی لە ئەستەنبووڵ، ڕێکخراوی ئیخوان موسلیمین لە میسر دامەزرا، پاشان بوو بە فکرێکی جیهانی و ئیسلامی دابەش کرد بۆ سیاسەت و عیبادەت، لە پاشان بیر و عەقیدەی ئوسووڵییش هاتەکایە، ئەم بیر و عەقیدانە بەو شێوەیە کاریان دەکرد لەگەڵ ئێستاشیاندا، کە بگەنە دەسەڵات و هەرەمی دەوڵەت. ئەو بیر و باوەڕە نامۆیانە بە کۆمەڵگەی موسڵمانی کوردی گەیشتە کوردستانیش، لەم ڕێگەیانەوە چەندین حزب و لایەنی ئیسلامی سیاسی دروست بوون، کە هەر یەکەیان لە لای خۆیانەوە بەپێی بەرژەوەندییەکانیان ئایینی ئیسلام بەکار دەهێنن و فتوا دەدەن و پیرۆزییەکانی نەتەوەیی و نیشتمانی کورد بە هەند وەرناگرن. لە دیدارێکی گۆڤاری گوڵاندا لەسەر ئەم پرسە، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی دکتۆر ڕەقیب سەعید مزووری پسپۆڕ لە هزری ئیسلامی و سەرۆکی سەنتەری سەڵاحەدینی ئەیوبی بۆ توێژینەوەو لێکۆڵینەوە لە زانکۆی سەڵاحەدین کرد، لێرەدا دەقی وەڵامەکانی بڵاو دەکەینەوە.**

*** لە دوای ڕووخانی خەلافەتی ئیسلامی لە ئەستەنبووڵ، ڕێکخراوی ئیخوان موسلمین لە میسر دامەزرا، بۆ دووبارە گێڕانەوەی خەلافەتی ئیسلامی و، دواتر فیکری ئیخوان بووە فیکرێکی جیهانی، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی ئیسلام دابەش ببێت بۆ سیاسی و عیبادەت، ئایا ئەم دابەشکردنەی ئیسلام بۆ ئیسلامی سیاسی تا چەند خزمەتی بە ئیسلام کردووە؟**

- زۆرێك لە بیرمەندان و زانایانی موسڵمان، هەر لە سەرەتای سەردەمی کۆلۆنالیزم و سەرەتای هەژموونی ڕۆژئاوا بەسەر وڵاتانی ئیسلامیدا، لە لەدەستدانی ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی و دەسەڵات و شکۆمەندیی ئیسلامدا، خەمبار و نارەحەتییان دەربڕیوە، ئەو ساتەوەختە سەرەکییەی کە هەستی دابەزینی دەسەڵاتی ئیسلامی لە دڵی موسڵماناندا کریستاڵ بوو، ئەو کاتە بوو کە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بە تەواوی نەما و خەلافەتی ئیسلامی وەك دامەزراوەیەکی جیهانی لەگەڵیدا ڕۆیشت لە ساڵی ١٩٢٤، زۆرێك لە بزووتنەوە ئیسلامییەکان بە ئامانجێکی ڕوونی زیندووکردنەوەی میللەتەوە سەریان هەڵدا، ئەمەش بۆ چاکسازی لە کۆمەڵگە موسڵمانەکان و گەڕاندنەوەی شکۆمەندیی پێشوویان. هیچ کۆدەنگییەکی تەواویش لەسەر هۆکاری سەرەکیی ئەو دواکەوتوویی و دابەزینی ئیسلام نییە، لە کاتێکدا کە ئیسلام پێشەنگی وڵاتان بوو لە پێشکەوتن و دەسەڵاتدا، بەڵام هەموان هاوڕان لەسەر ئەوەی ئەم دابەزینە چەند سەدەیەك لەمەوبەر دەستی پێکردووە، تەنانەت زۆرێك لە بیرمەندان دەیانگوت، هۆکاری لەدەستدانی دەسەڵات و کاریگەریی موسڵمانان لەبەر ئەوەیە کە وازیان لە شەریعەتی ئیسلامیی خۆیان

**زۆرێک لە بیرمەندان دەیانگوت، هۆکاری لەدەستدانی دەسەڵات و کاریگەریی موسڵمانان لەبەر ئەوەیە کە وازیان لە شەریعەتی ئیسلامیی خۆیان هێناوە و ئەو یاسا ئیلاهییەی کە ئایین داوای دەکات، پەیڕەوی ناکەن**

**ئیسلامی مەزن پێداگرە لەسەر چاندنی ڕۆحی ئینتیمای نیشتیمانی لە دڵی هاونیشتمانیانیدا و بەڵگەی ئەوەش لە قورئانی پیرۆز و فەرموودەی پێغەمبەری خۆشەویست ( د.خ ) سەلمێندراوە**

**سڕینەوەی ئینتیما و پیرۆزییەکانی نیشتمان لە کۆتاییدا جگە لەوەی کە گەستنی پەنجەی پەشیمانییە هەتا سەر ئیسقان زەرەر و زیانێکی ئەبەدییشە**

هێناوە و ئەو یاسا ئیلاهییەی کە ئایین داوای دەکات، پەیڕەوی ناکەن، گریمانەش دەکەن، ئەگەر موسڵمانان شەریعەتی ڕاستەقینە پەیڕەو بکەن، جارێکی دیکەش وەك باوباپیرانیان شکۆمەندی بەدەست دەهێنن، بۆیە باشترین ڕێگە بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگە شەریعەتی ئیلاهییە، لەبەر ئەوەش موسڵمانان وازیان لەم ڕێگەیە ئیلاهییە هێناوە و بۆ سەرکەوتن بە دوای شارستانییەتەکانی دیکە کەوتوون، ئەمە بنەمای بنەڕەتی پشت ئەو بزووتنەوەیانەیە کە بە گشتی لەژێر ڕووبەرێکی ئیسلامی سیاسیدا پێناسە دەکرێن، وەك جەماعەتی ئیسلامی لە باشووری ئاسیا و ئیخوان موسلیمین لە جیهانی عەرەبیدا، ئەوان پێیان وایە جێبەجێکردنی سیستماتیکی شەریعەت سەرکردایەتیی جیهانی و سەروەریی ئەخلاقی بۆ موسڵمانان دەگەڕێنێتەوە و، دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی دەبێتە ئامرازێك بۆ دووبارە جێبەجێکردنی یاسای شەریعەت لە ژیانی موسڵمانان و دامەزراندنەوەی ئیسلام وەك زلهێزێکی جیهانی. هەرچی سەبارەت بە خزمەتکردنی ئیسلامیش بەم دابەشبوونەی ئیسلام بۆ ئیسلامی سیاسی، لە ناو خودی موسلمانان خۆیاندا ڕای جیاواز و پێچەوانە هەن، کە هەندێکیان پێیانوایە کە بەڵێ، بەو شێوەیە دەتوانن خەلافەتی ئیسلامی بۆ موسڵمانان بگەڕیننەوە، هەندێکی دیکەش وای بۆ دەڕوانن کە ئەمە تەنیا گورزێکی دیکەیە کە بە بەر ئیسلام و موسڵمانان دەکەوێت .

*** بەپێی ئەم مێژووەی ئیخوان موسلمین، ئەوە دەرکەوتووە کە فیکری ئیسلامی سیاسی بایەخ بە پرسی خاك و نەتەوە نادات، ئایا سڕینەوەی ئینتیما و پیرۆزییەکانی نیشتمانی چ کارەساتێکی لێ دەکەوێتەوە؟**

- ئیسلامی مەزن پێداگرە لەسەر چاندنی ڕۆحی ئینتیمای نیشتیمانی لە دڵی هاونیشتمانیانیدا و بەڵگەی ئەوەش لە قورئانی پیرۆز و فەرموودەی پێغەمبەری خۆشەویست(د.خ) سەلمێندراوە، خودای گەورە دەفەرموێت: وَلَوْ أَنَّا كَتَبْنَا عَلَيْهِمْ أَنِ اقْتُلُوا أَنفُسَكُمْ أَوِ اخْرُجُوا مِن دِيَارِكُم مَّا فَعَلُوهُ إِلَّا قَلِيلٌ مِّنْهُمْ * وَلَوْ أَنَّهُمْ فَعَلُوا مَا يُوعَظُونَ بِهِ لَكَانَ خَيْرًا لَّهُمْ وَأَشَدَّ تَثْبِيتًا (النساء:٦٦)، واتە: خۆ ئەگەر بە ڕاستی ئێمە پێویستمان بکردایە لەسەریان کە خۆتان بکوژن، یان لە وڵات و نیشتمانتان دەرچن، ئەوەیان نەدەکرد. هەروەها ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سیرەی پێغەمبەری خۆشەویستیشمان دەبینین ئەو کاتەی کە ناچار بوو لەبەر موشریکەکان مەککە بەجێ بهێڵێت لە دووریی مەککە ڕاوەستا و ئاوڕێکی دایەوە و فەرمووی :(وَاللَّهِ إِنَّكِ لَخَيْرُ أَرْضِ اللَّهِ، وَأَحَبُّ أَرْضِ اللَّهِ إِلَي اللَّهِ، وَلَوْلَا أَنِّي أُخْرِجْتُ مِنْكِ مَا خَرَجْتُ) رِوَاهُ أَحْمَدُ وَابْنُ مَاجَهْ وَالتِّرْمِذِيُّ وَصَحَّحَهُ، واتە: بەخودا تۆ باشترینی زەوی خودایت و خۆشەویستترینی زەوی خودایت و ئەگەر لە تۆ دەرنەکرابام، نەدەڕۆیشتم. ئەمە حاڵەتی مرۆڤی سرووشتی پاك و مرۆڤی عەقڵی ڕاستگۆیە، جگە لەوەی هەستی سەربەخۆیی هەستێکی زگماکییە، واتە لەگەڵ کەسێك لەدایك دەبێت لە کاتی لەدایکبوونیدا، لەو شوێنەی کە هەموو بوونەوەرێك لە خاك و نیشتمانەکەیدا پەناگە دەدۆزێتەوە و، یەکێك لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی بەهێزی هەر وڵاتێك، ئینتیمای نیشتمانە لە دڵی گەلەکەیدا، هەرکەسێکیش ئینتیمای بۆ نیشتیمانەکەی نەبێت ئیمانی تەواو نییە، چونکە ئینکار لە کاری خودای گەورە دەکات، هەروەك دەفەرموێ: وَإِلَىٰ ثَمُودَ أَخَاهُمْ صَالِحًا * قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُ * هُوَ أَنشَأَكُم مِّنَ الْأَرْضِ وَاسْتَعْمَرَكُمْ فِيهَا فَاسْتَغْفِرُوهُ ثُمَّ تُوبُوا إِلَيْهِ * إِنَّ رَبِّي قَرِيبٌ مُّجِيبٌ (هود: ٦١) واتە : (ئەو بەرپای کردوون لە زەویداو داوای لێکردوون کە ئاوەدانی بکەنەوە)، لەبەر ئەوە سڕینەوەی ئینتیما و پیرۆزییەکانی نیشتمان لە کۆتاییدا جگە لەوەی کە گەستنی پەنجەی پەشیمانییە هەتا سەر ئیسقان زەرەر و زیانێکی ئەبەدییشە .

*** ئێمە وەك گەلێکی موسڵمان (گەلی کورد) خاوەنی مێژوویەکی پاکی موسڵمانیەتی و کوردایەتین و چەندین زانای گەورەی ئیسلامیمان هەیە، بۆچی ئیسلامی سیاسی ئەم مێژووە فەرامۆش دەکات و دەیەوێت مێژوویەکی دیکە لە کوردستان بڵاو بکاتەوە، کە ئەویش مێژووی عەرەبییە؟**

- ئەگەر بابەتییانە سەیری مێژووی ئیسلامی کورد بکەین، دەبینین کە زانا و کەڵەپیاو و

قارەمانی وای تێدا هەڵکەوتووە، کە ڕەنگە لە زۆربەی هەرە زۆری گەل و نەتەوەکانی دیکەی دونیا نموونەی کەم بن، (سەحابی جابانی کوردی و سەلاحەدینی ئەیوبی و ئیبن خەلەکان و ئیبن تەیمیە و شێخ عەبدولسەلامی بارزانی و مەلا مستەفای بارزانی و شێخ سەعیدی پیران و شێخ عبدولڵلای نەهری و سەعیدی نورسی و قازی محەمەد) چەند نموونەیەکن، کە لە ناوهێنانیاندا تاکی کورد بە قەد بەرزیی لووتکەی حەسارۆست سەری پێ بەرزە و جێگەی فەخر و شانازیی ئەم میللەتەن، بە ڕاستی گوناهە لە وڵاتەکەتدا ئەم کەسە مەزنانەت هەبێت کە مێژووی ئیسلام شانازییان پێوە دەکات، کەچی بچین باسی کەسانی غەیرە کورد بکەین، شارەزابوونیش لە مێژووی کەس و نەتەوەکانی دیکە پێویستە، بەڵام ئێمە لە کاتێکدا ئەم مرۆڤە مەزنانەمان هەن، با جارێ لە پیاوەتی و مەردایەتی و شەهامەت و ئیخلاسییەتی ئەوان بۆ خاك و گەل و نیشتمانیان شارەزا بین، ئینجا بچینە سەر مێژووی کەس و نەتەوەی دیکە .

*** حزبە ئیسلامییەکان پرۆسەیەك بەڕێوە دەبەن وەك ئەوەی بیانەوێت سەرلەنوێ کۆمەڵگەی کوردستان ئیسلام بکەنەوە، ئایا دەکرێت ئیسلامەتی تەنیا ئەو ئیسلامە بێت کە حزبە ئیسلامییەکان پێناسەی دەکەن؟**

- لە ڕاستیدا هەر کەس و لایەنێك ئەگەر ئیسلام بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەکار بهێنێت سەرکەوتوو نابێت، میللەتی کورد زیاتر لە هەزار ساڵە موسڵمانە و ئەو ئیسلامەتی و دیندارییەش کە لەناو کورددا بەرجەستە بووە، زۆر لە مێژە ڕەگی داکوتاوە و هیچ پێویستی بەوە نییە کە ئێستا کەسانێك بێن و تازە بە تازە پێناسەی ئیسلامەمان بۆ بکەن و پێمان بناسێنن، هەڵەیەکیش هەیە کە ئەندامانی ئەحزابی ئیسلامی کە کاری سیاسی پراکتیزە دەکەن، زۆرجار دەکەونە ناویەوە، ئەویش ئەوەیە کە بە خێرایی ئایین لە سیاسەتدا دەقۆزنەوە، یان فەتوا وەك چەکێك لە دژی نەیارەکانیان بەکار دەهێنن، لە هەڵوێستە سیاسییەکاندا کە هیچ پەیوەندییەکی بە حوکمەکانی شەریعەت و فەتوای شەریعەتەوە نییە، بەکارهێنانی ئایین لە سیاسەتدا بەم شێوەیە و بەم سیستمە کارەساتێکی تەواو پێك دەهێنێت و خلیسکاندنی حزبە ئیسلامییەکانیش بۆ ناو ئەم هەڵەیە، خۆی لە خۆیدا کارەساتێکی دیکەیە.

*** باس لە بەرهەمهێنانی توندوتیژی و تیرۆر دەکرێت لە فیکری ئیخوان موسلمین و ئیسلامی ئوسووڵیدا، تەنانەت باس لەوە دەکرێت یەکەم ڕێکخراوی تیرۆریستی لەسەر دەستی سەید قوتب بە ناوی (تەنزیمی سڕی) دامەزراوە، ئایا چاندنی تۆوی توندوتیژی و ئیرهاب لە کۆمەڵگەدا، تاچەند کۆمەڵگە بەرەو ناسەقامگیری و کاولبوون دەبات؟**

- پێویستە بابەتییانە سەیری مێژوو بکەین و ئەوەی بۆ خۆمان پێمان خۆشە بۆ خەڵکی دیکەش هەروا بێت، ئەوەی دەربارەی سەید قوتب (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) گوتراوە، لە کاری تیرۆرستی دوور و نزیك پەیوەندیی بە سەید قوتبەوە نییە، لە ساڵی ٢٠١٠ کاتێك قوتابیی خوێندنی باڵا بووم لە مالیزیا و کاتێك لێیان دەپرسیم خەڵکی کوێیت، و دەمگوت: عێراق، یەکسەر دەیانگوت سەدام حوسێن، ئەوان وایان زانیبوو کە سەدام حوسێن خەلیفەی موسڵمانانی سەردەمە، بەڵام کاتێك بۆم شی دەکردنەوە کە ئەو سەدامە چ دکتاتۆرێك بووە و چی و چی بە گەلەکەی کردووە، ئینجا دەیانزانی کە ئەوەی دەربارەی سەدام گوتراوە لە چاکە سێ سەد و شەست پلە پێچەوانەیە، بۆیەش دەڵێم بابەتییانە، چونکە ڕەنگە ڕاستی و دروستیی کەس و ڕووداوەکان هەموو جارێ وەك خۆی نەگاتە دەستمان، گومانیشی تێدا نییە کە چاندنی تۆوی توندوتیژی و ئیرهاب کۆمەڵگە وڵات بەرەو ناسەقامگیری و کاولبوون دەبات و هەرکەس و لایەنێکیش هەوڵی ئەوە بدات، یان هزری ئەوە بکات، دەبێت پێش دەزگاکانی ئەمن و ئاسایش سەرەتا هاووڵاتیان ڕووبەڕووی ببنەوە، هەموو کردەوە و فۆرم و پراکتیزەکانی تیرۆر و کردەوەی تاوانکاری دەکەونە چوارچێوەی تاوانی دوژمنایەتییەوە، لە هەر شوێنێك ڕوو بدات و هەرکەسێك ئەنجامی بدات، چ ڕاستەوخۆ، یان بە هۆکار، یان پارەدارکردن، یان پاڵپشتیکردن لە کردەوەی تیرۆریستیدا، جا تاك بێت، یان گرووپ، یان دەوڵەت، بە تیرۆریست دادەنرێت.

**بە ڕاستی گوناهە لە وڵاتەکەتدا ئەم کەسە مەزنانەت هەبێت کە مێژووی ئیسلام شانازییان پێوە دەکات، کەچی بچین باسی کەسانی غەیرە کورد بکەین**

**ئەو ئیسلامەتی و دینداریی‌ەش کە لە ناو کورددا بەرجەستە بووە، زۆر لە مێژە ڕەگی داکوتاوە و هیچ پێویستی بەوە نییە کە ئێستا کەسانێك بێن و تازە بە تازە پێناسەی ئیسلامەمان بۆ بکەن و پێمان بناسێنن**

**چاندنی تۆوی توندوتیژی و ئیرهاب کۆمەڵگە وڵات بەرەو ناسەقامگیری و کاولبوون دەبات و هەرکەس و لایەنێکیش هەوڵی ئەوە بدات، یان هزری ئەوە بکات، دەبێت پێش دەزگاکانی ئەمن و ئاسایش سەرەتا هاووڵاتیان ڕووبەڕووی ببنەوە**

# غەززە.. شەڕێکی شێتانەی بەوەکالەت



فەیسەڵ دەباغ
■ بۆ گوڵانی نووسیوە



پاش ڕێککەوتنی ئۆسلۆ لە ساڵی ١٩٩٣دا، هەموو ئیدارە ئەمریکییەکان نەیانتوانی فایلی ململانێی فەلەستینی- ئیسرائیلی بەرەو پێش ببەن، بێجگە لە هەوڵەکەی بیل کلینتۆن کە توانی لە ساڵی ٢٠٠٠دا ئیهود باراك سەرۆك وەزیرانی ئەو کاتی ئیسرائیل و یاسر عەرەفات سەرۆکی ئەوکاتی دەسەڵاتی فەلەستین، لە هاوینەهەواری کامپ دێڤید بە یەك بگەیێنێت.

کلینتۆن توانی وا لە هەردوولا بکات لە بەرانبەر میدیا و جیهاندا دەست لە ناو دەستی یەکتر بنێن، بەڵام ئەو هەوڵەش نەیتوانی سەر پێهاتییەکەش بەرەو پێش ببات.

دۆخی ئەمڕۆ بەرەو یەك ئاراستە هەنگاو دەنێت، کە ئەویش زیادکردنی لایەنەکانی ململانێی ئێستایە.

ئیسرائیل کە پاش هێرشەکەی ڕۆژی ٧ی تشرینی یەکەم هەست بە ڕیسوایی دەکات، بووەتە مێردەزمەیەکی کوێر و دەیەوێت تەواوی غەززە وێران بکات. حاڵەتێکی شێتانەیە و ئامانجەکەشی تۆڵەسەندنەوەیە بە توندترین شێوە بەبێ ئەوەی ڕەچاوی شتێکی دیکەی سیاسی، یان مرۆیی بکات.

هێرشەکەی ڕۆژی ٧ی تشرینی یەکەم کاریگەرییەکی زۆری کردە سەر هاوپەیمانانی ئیسرائیل، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ئەنتۆنی بلینکن خۆی گەیاندە تەلئەڤیڤ و ڕایگەیاند کە وەك جوویێك هاتووە، کە ئەمەش دەربڕینێکی خێرا و نامەسئوولانە بوو، وەك ئەوە وابێ ململانێکە ئایینییە.

ئەوەی دەیبینم، ئەوەیە کە ئیدارەی ئەمریکا هەوڵ دەدات، کێشەیەکی کۆنی ئاڵۆز بە شێوەیەکی سادە و ساکار چارەسەر بکات، بەبێ ئەوەی سەر پێهاتی فەلەستینییەکان ڕەچاو بکات.

هێرشەکەی ڕۆژی ٧ی تشرینی یەکەم نەتەنیاهۆ و ڕۆژئاوای تووشی شۆك کرد، تا ڕادەیەك ئەم هێرشەیان بە هێرشەکەی ١١ی سێپتێمبەر شوبهاند و چرای سەوزیان بۆ ئیسرائیل هەڵکرد بە کەیفی خۆی غەززە وێران بکات.

ئەمریکاو ڕۆژئاوا ڕایانگەیاند ئیسرائیلی مافی ئەوەی هەیە بەرگری لە خۆی بکات و بە هەموو هێزێکیانەوە پشتگیریان لێ کرد. کاتێ نەتەنیاهۆ لە شۆکی هێرشەکە بە ئاگا هاتەوە، بڕیاری دا، لە ڕێی ئەنجامدانی لەرزیەك کۆتایی بە حەماس بهێنێت. دەستی بە کشتوبڕی خەڵکی سڤیلی غەززە کرد و ئەو کارەشی هەر وەکو کارەکەی حەماس بوو، بەڵام بە جیاوازییەکی زۆر.

حەماس و لیکۆد خاوەنی یەك ئایدیۆلۆژیەتن و بە هیچ شێوەیەك لایەنێك قایل نییە لەگەڵ ئەویتر بژی و دەیەوێ بەرانبەر پاکتاو بکات، هەردووکیشیان ئایین لە شەڕەکەدا بەکار دەهێنن و هەردووکیشیان پشت بە لایەنی دەرەکی دەبەستن و قوربانییەکەشی خەڵکی سڤیلە.

حەماس لەژێر درووشمی «مقاوەمەت» شەڕی بەوەکالەتی کرد، بۆ ئەو وڵاتەی کە ویستی حیساباتی خۆی لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل پاکتاو بکات بەرانبەر تیرۆرکردنی چەند کەسایەتییەکی ئەو وڵاتە و تۆمەتباریش (مۆساد)ی ئیسرائیلی بوو.

لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا ئیسرائیل توانی سەرکەوتن وەدەست بهێنێت، کە لەوانەیە لە ئەمڕۆی هاریتیدا بیدۆڕێنێ، بەتایبەتی پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە کە زۆر بە ئەستەمی و پاش ماوەیەکی زۆر باشتر ببووەوە.

لێکەوتەکانی هێرشەکە زۆر خاڵی هەستیاری کەشف کرد و ئیتر پاراستنی ئابڕوو بوو بە ئەولەوییەت، نەك گوێگرتن و تووێژی عاقڵانە.

ئەمریکییەکان کە زامنی ئاسایشی ئیسرائیلن، دەبێ دوور لە بۆچوونەکەی بلینکن ڕەفتار بکەن و ئاوێك بە ئاگرەکەی غەززەدا بکەن.

ئەمنییەتی ئیسرائیل تەنیا بە چەك و هێز ناپارێزرێت، بەڵکو بەیەك گەیاندنی فەلەستینی و ئیسرائیلییەکانە لەسەر چارەسەرێکی جددی و بنبڕ، کاتێ ئاریل شارۆن لە ساڵی ٢٠٠٥دا پلانی (پچڕاندنی پەیوەندی) جێبەجێ کرد و ئیسرائیلییەکانی لە غەززە کشاندەوە، ئامانجەکەی پاراستنی نیشتەنییە ئیسرائیلییەکانی بوو لە گرووپە فەلەستینییەکان.

شارۆن دەوڵەتێکی دەویست گشت ئیسرائیلییەکان لەخۆ بگرێت، تا بتوانێ بیانپارێزێت، کەچی نەتەنیاهۆ پێچەوانەی شارۆن دەیەوێ غەززە لە خەڵکەکەی بەتاڵ بکات بە هەنجەتی بنبڕکردنی حەماس و گرووپە ئیسلامییەکانی دیکە، کە ئەمەش کارێکی ئەستەمە.

**ئیسرائیل کە پاش هێرشەکەی ڕۆژی ٧ی تشرینی یەکەم هەست بە ڕیسوایی دەکات، بووەتە مێردەزمەیەکی کوێر و دەیەوێت تەواوی غەززە وێران بکات**

**ئیدارەی ئەمریکا هەوڵ دەدات، کێشەیەکی کۆنی ئاڵۆز بە شێوەیەکی سادە و ساکار چارەسەر بکات، بەبێ ئەوە سەر پێهاتی فەلەستینییەکان ڕەچاو بکات**

**هێرشەکەی ڕۆژی ٧ی تشرینی یەکەم نەتەنیاهۆ و ڕۆژئاوای تووشی شۆك کرد، تا ڕادەیەك ئەم هێرشەیان بە هێرشەکەی ١١ی سێپتێمبەر شوبهاند و چرای سەوزیان بۆ ئیسرائیل هەڵکرد بە کەیفی خۆی غەززە وێران بکات**

**ئەمریکییەکان کە زامنی ئاسایشی ئیسرائیلن، دەبێ دوور لە بۆچوونەکەی بلینکن ڕەفتار بکەن و ئاوێك بە ئاگرەکەی غەززەدا بکەن**

خودی نەتەنیاهۆ ڕۆڵێکی سەرەکیی بینی لە بەهێز کردنی حەماس لە ڕێی پێشکەشکردنی ئاسانکاری و، ئامانجیشی لاوازکردنی دەسەڵاتی مەحموود عەباس بوو، سەرکردەی لیکۆد بە ڕێنوێنیی ئەمریکا و لە ڕێی سەربازی ئیسرائیلەوە شەڕی حەماس دەکات و ئامانجیشی ئێران و ڕووسیایە.

لە شەڕی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٧٣دا، ئەمریکا لە دژی یەکێتیی سۆڤیەتی جاران نەیویست ئیسرائیل ئەو شەڕە بدۆڕێنێ، لێرەدا کەس ناتوانێ ڕۆڵی کیسنجەر لەبیر بکات کە چۆن توانی ئیسرائیل لە ڕووی سەربازی و دیپلۆماسی و سیاسییەوە ڕزگار بکات.

سەبارەت بە سەرکردەکانی حەماسیش وەک (خالید مشعل و ئیسماعیل هەنییە) شەڕەکە بە ڕێنوێنیی ئێران و خەڵکی دیکە دەکەن و، بە خۆشیان لە دەرەوەی غەززەن و لە ڕێی شاشەکانی ئوتێلە بەناو بانگەکانی قەتەرەوە سەیری شەڕەکە دەکەن، ژیانیشیان پارێزراوە بەپێی ئەو بەڵێنەی کە مۆساد داویەتە بەرپرسانی قەتەر و میسر، ئەمە لە کاتێکدا خەڵکی سڤیلی غەززە بۆنی مردن دەکەن، بەهۆی چەکە کۆکوژەکانی ئیسرائیلەوە.

ئەوانەی ڕابینینی ئەوەیان دەکرد کە شەڕی غەززە هەلێکە بۆ ئێران تا بەڵێنەکەی بە کۆتاییهێنانی ئیسرائیل جێبەجێ بکات، تووشی شۆک بوون بەرانبەر قەبارەی بێدەنگیی ئەو وڵاتە و، تواناکەی بە هەرسکردنی ئەو ئیحراجییەی کە بەرانبەر باڵە توندڕەوەکانی لە ناوەوە و هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکەدا تووشی بووە. لە بەرەی لوبناندا، حزبوڵڵا وەک کاردانەوەیەک جار نا جار هەندێ ڕۆکێت ئاراستەی ئیسرائیل دەکات و، ئامانجەکەشی ئەوەیە بە ئیسرائیل و عەرەب بڵێ منیش لە وێنەکەدام، بەڵام تا ئێستا بە کردەیی بەشداریی شەڕەکە نەبووە و باوەڕیش ناکەم بە ئیرادەی خۆی بەشداری بکات، مەگەر بە چرای سەوزی ئێرانەوە.

ئەگەر گوێ لە قسە زلەکانی ئێران و هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکە بگرین، بۆمان دەردەکەوێت، کە واقیع لەسەر ئەرزدا ئاماژە بە گەمەیەکی وردی ئێران دەکات و، مەبەستیش پتەوکردنی دەسەڵاتیەتی لە عێراق و لوبنان و یەمەن دوور لە هەر شەڕێکی گشتگیر. ئەوەی پەیوەندی بە عێراق و گرووپە چەکدارەکانیشی هەیە، هەمدیسان دەڵێم، ئەوانەش وەکو حزبوڵڵای لوبنانی هەڵوێستێکی شەرمنانەیان نواند. ڕاستە چەند ڕۆکێتێکیان ئاراستەی بنکەی حەریر و عەینولئەسەد کرد، بەڵام بێ ئەنجام.

لێرەدا ئێمە لەبەردەم دوو ستراتیژیەتی دژ بە یەکین، ستراتیژیەتی حکومەتی عێراق کە دەیەوێ هاوکاریی سەربازی لەگەڵ ئەمریکا بەردەوامیی هەبێ و، ستراتیژیەتی گرووپە چەکدارەکان کە لەلایەن ئێرانەوە ئاراستەی دەکرێن.

ئەبو فەدەک سەرۆک ئەرکانی حەشدی شەعبی ڕاگەیەنراوێکی بڵاوکردەوە، بەبێ ئەوەی حیساب بۆ سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی فالح فەیاز و فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق سەرۆک وەزیران محەمەد شیاع سوودانی بکات، نەک هەر ئەمە، بەڵکو ئەبو فەدەک زاراوەی «ئێمە دەوڵەتین»ی بەکار هێنا، وەک دەلالەتێک بۆ ئەو ململانێیەی کە لەنێوان دامەزراوەکانی دەوڵەتی عێراق و میلیشیاکانی سەر بە ئێراندا هەیە و، هەروەها ئەو ململانێیەی کە لە نێوان خودی میلیشیاکاندا هەیە.

بەرپرسی کەتائیبی حزبوڵڵا ئەبو حوسێن ئەلحمێداوی، ناوی ئەو گرووپانەی بڵاو کردەوە کە بنکە سەربازییەکانی ئەمریکایان کردبووە ئامانج، وەک بزووتنەوەی (ئەلنوجەبا) و (ئەنسارولڵای ئەلئەوفیا) و (کەتائیبی سەیدولشوهەدا) بەبێ ئەوەی ناوی (عەسائیبی ئەهلی حەق) بێنێ، کە ئەمەش بووە جێی نیگەرانیی قەیس خەزعەلی و پێی وا بوو، ئەلحمێداوی عەسائیبی تووشی ئیحراجییەکی گەورە کردووە و، کەشفکردنی ناوی گرووپەکانیش هەڵەیەکی گەورەیە و ئەلحمێجاوی نەیتوانیوە نهێنی کاری (مقاوەمە) بپارێزێت، بەم کارەشی چارەنووسی ئەو گرووپانەی خستە بەردەم مەترسییەکی گەورە.

ئەوەی ڕاستی بێ، هیچ هەڵوێستێکی جددیمان نە لە چین و ڕووسیا نەبینی، کە دەیانگوت دەبێ کۆتایی بە دەسەڵاتی تاکڕەویی ئەمریکا بهێنین.

ئەردۆگان لەشەو و ڕۆژێکدا بوو بە بەرەڤان، سەرەڕای سەرکۆنەکردنی هێرشەکەی ئیسرائیل، بەڵام خۆی بێلایەن کرد و ئامادەیی دەربڕی بۆ ناوبژیوانی و بەشداری لە ڕێکارە ئەمنییەکانی غەززە، پاش تەواوبوونی شاڵاوەکە.

**خودی نەتەنیاهۆ ڕۆڵێکی سەرەکیی بینی لە بەهێز کردنی حەماس لە ڕێی پێشکەشکردنی ئاسانکاری و، ئامانجیشی لاوازکردنی دەسەڵاتی مەحموود عەباس بوو**

**سەرکردەکانی حەماسیش وەک (خالید مشعل و ئیسماعیل هەنییە) شەڕەکە بە ڕێنوێنیی ئێران و خەڵکی دیکە دەکەن و، بە خۆشیان لە دەرەوەی غەززەن و لە ڕێی شاشەکانی ئوتێلە بەناو بانگەکانی قەتەرەوە سەیری شەڕەکە دەکەن**

**ئەردۆگان لەشەو و ڕۆژێکدا بوو بە بەرەڤان، سەرەڕای سەرکۆنەکردنی هێرشەکەی ئیسرائیل، بەڵام خۆی بێلایەن کرد و ئامادەیی دەربڕی بۆ ناوبژیوانی و بەشداری لە ڕێکارە ئەمنییەکانی غەززە**

گشت وڵاتانی ئیسلامی بێدەنگییان هەڵبژارد و وڵاتانی عەرەبیش بە هۆی کێشەی ئابووری و سیاسی و ململانێی ناوخۆیانەوە نەیانتوانی شتێکی ئەوتۆ بکەن.

خودی فەلەستین لە رووی سیاسییەوە دابەشە، ئەگەر رامەڵڵا بیەوێ هاوکاریی حەماس بکات، دەستی بەستراوە، ئەمە سەرەڕای کاریگەریی کودەتا بەناوبانگەکەی حەماس لە ساڵی ٢٠٠٧دا و کوشتنی ئەندامانی فەتح و فڕێدانیان لە بانی ئاپارتمانەکانی غەززە، کە تا ئێستا ئاسەوارە دەروونییەکانی هەر ماون.

خۆ کۆمەڵگەی نێودەڵەتی بووەتە درۆیەکی گەورە و بە نەزانینی خۆمان باوەڕمان پێ کردووە، سیفەتی مەرجەعییەتی لە دەست داوە و هەر ئەندامێکی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش بەپێی سیاسەت و بەرژەوەندیی وڵاتەکەی دژی ئەندامێکی دیکەی هەمیشەیی ڤیتۆ بەکار دێنێ.

بەش بە حاڵی خۆم دەڵێم: دوو عەقڵ غەززەیان گەیاندە ئەو حاڵەتە، عەقڵی ئێران و عەقڵی حەماس، هەردووکیشیان بوونە هۆی ڕوودانی کارەساتەکەی ئەمڕۆی غەززە، ئەمە ئەگەر عەقڵی رووسیاشی نەخەینە سەر.

تەوەفان لە کاتێکدا روویدا کە کۆمەڵگەی ئیسرائیل دابەش بوو، چاوەڕوانی گۆڕانکارییەك دەکرا، بەڵام کردەکەی حەماس هەر چۆن هەوڵی ئاساییکردنەوەی پەیوەندیی نێوان ئیسرائیل و شانشینی سعودیەی تێك دا، ئەوهاش گۆڕانکارییەکەی ناو ئیسرائیلی بۆ ماوەیەکی دیکە دواخست، بەمەش خزمەتێکی گەورەیان پێشکەش بە نەتەنیاهو کرد.

بمانەوێ یان نا، ئێران لە یەکەم زەربەدا دەستی هەبوو، بەڵام پاش ئەوە کە پێویست بوو بێتە مەیدان، رایگەیاند کە کات و شوێنەکە گونجاو نییە.

هەندێ کەس پێیان وایە ئەو شەڕەی لە کەرتی غەززە ڕوو دەدات، فۆتۆکۆپی شەڕەکەی ساڵی ١٩٧٣یە. ئەمانە ئەوە لە بیر خۆیان دەبەنەوە کە یەکەمیان لەنێوان دوو سوپای نیزامی و دووەمیان لەنێوان بزووتنەوەیەکی ئیسلامەوی و سوپایەکی نیزامیدا رووی داوە.

لێکچوونەکەی تەنیا خۆی لە ماکی کتوپڕی عەرەبدا دەبینێتەوە، هەروا لە فەشەلی دەزگا ئەمنییەکانی ئیسرائیل کە لە هەردوو شەڕەکەدا نەیانتوانی ڕابینینی بۆ بکەن.

پرسیاری هەرە گرنگ ئەوەیە: ئایا دەکرێ ڕابینین هەمان ئەنجامی ساڵی ١٩٧٣ بۆ ساڵی ٢٠٠٣ بکەین؟

شەڕی ساڵی ١٩٧٣ کۆتایی بە دەسەڵاتی پارتی (کرێکاران) هێنا لە ئیسرائیل و بووە هۆی سەرهەڵدانی پارتی لیکود، کە تا ئێستا پاش تیرۆرکردنی ئیسحاق ڕابین فەرمانڕەوایی ئیسرائیل دەکات، هەر بۆ ئاگاداری، پاش تیرۆرکردنی ئیسحاق ڕابین، نەتەنیاهۆ ویستی سەرەخۆشی لە (لیارابین)ی خێزانی ئیسحاق بکات، بەڵام ئەو ئافرەتە ڕازی نەبوو پێشوازیی لێ بکات و، گوتی: چۆن پێشوازی لە بکوژی مێردەکەم دەکەم؟

با پرسیارەکەم بە شێوەیەکی دیکە بخەمە روو: ئایا لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوە دەربارەی فەشەلهێنانی دەزگا ئەمنییەکانی ئیسرائیل سەبارەت بە پێشبینی نەکردنی شاڵاوەکەی حەماس، دەبێتە هۆی ئەوەی لیکود بە یەکجاری دەسەڵات لە دەست بدات؟

پاش شەڕی ساڵی ١٩٧٣ میسر و ئیسرائیل لە کامپ دیڤید، ڕێك لە ساڵی ١٩٧٨دا دەستیان بە وتووێژ کرد، کە بە هۆیەوە میسر توانی نیمچە دوورگەی سینا بگەڕێنێتەوە و پەیوەندی دیپلۆماسی لەگەڵ ئیسرائیلدا ببەستێ.

باشە دەبێ لە کۆتایی شەڕی ئێستای غەززە چاوەڕوانی هەمان ئەنجامی ساڵی ١٩٧٣ بین؟

واتە ڕازیبوونی ئیسرائیل کە وتووێژ لەگەڵ (فەتح) بکات و غەززە بخاتە ژێر دەسەڵاتی مەحموود عەباس و حەماس بە یەکجاری دوور بخاتەوە، یان چاوەڕوانی سیناریۆی دیکە بین؟

لە ڕاستیدا کەس ڕابینینی ئەوە ناکات، ئەنجامی ئەو شەڕە چی دەبێ و چۆن کۆتایی پێ دێت، چونکە شەڕ بۆ ئەنجامدانی کۆمەڵێ ئامانجی سیاسی بەرپا دەبێ، بەڵام بەردەوامی بۆ ماوەیەکی درێژ، ئامانجەکان تەسك دەکاتەوە و لەوانەیە ببێتە هۆی ڕاستکردنەوەیان، یان هێنانە کایەی ئامانجی دیکە کە لە سەرەتادا ئەستەم بوو.

**کۆمەڵگەی نێودەڵەتی بووەتە درۆیەکی گەورە و بە نەزانینی خۆمان باوەڕمان پێ کردووە، سیفەتی مەرجەعییەتی لە دەست داوە و هەر ئەندامێکی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش بەپێی سیاسەت و بەرژەوەندیی وڵاتەکەی دژی ئەندامێکی دیکەی هەمیشەیی ڤیتۆ بەکار دێنێ**

**کردەکەی حەماس هەر چۆن هەوڵی ئاساییکردنەوەی پەیوەندیی نێوان ئیسرائیل و شانشینی سعودیەی تێک دا، ئەوهاش گۆڕانکارییەکەی ناو ئیسرائیلی بۆ ماوەیەکی دیکە دواخست**

**ئێران لە یەکەم زەربەدا دەستی هەبوو، بەڵام پاش ئەوە کە پێویست بوو بێتە مەیدان، رایگەیاند کە کات و شوێنەکە گونجاو نییە**

دیمانەی تایبەت



پرۆفیسۆر گلێن ئەریک ئەندری دیزەن بۆ گوڵان:

# ڕووسیا لە پرۆسەی بردنەوەی شەڕەکەدایە

**پرۆفیسۆر گلێن ئەریك ئەندرێ دیزەن، زانایەكی سیاسیی نەرویجییە و بڕوانامەی دكتۆرای لە بواری دامەزراوە و تەنگژە ئەمنییەكان لە زانكۆی ئازاد لە ئەمستردام بەدەست هێناوە. پێشتر نیشتەجێی ڕووسیا بووە و لە سكوولی باڵای ئابووری لە مۆسكۆ كاری كردووە و، شارەزا و تایبەتمەندی سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیا و ئاوێتەبوونی ئەوروپایە. لە ئێستادا پرۆفیسۆرە لە بەشی مێژوو و زانستە كۆمەڵایەتییەكان لە زانكۆی باشووری ڕۆژهەڵاتی نەرویج. گوڵان دیمانەیەكی لەگەڵدا ئەنجام دا، كە تەوەرە سەرەكییەكانی پەیوەست بوون بە شەڕی بەردەوامی ڕووسیا و ئۆكرانیا و پەرەسەندن و پێشهاتەكانی ئەم شەڕە و چەند پرسێكی دیكەی پەیوەندیدار.**

*** هەروەك ئاشكرایە شەڕی ئیسرائیل و حەماس سەرنجەكانی لەسەر شەڕی ڕووسیا و ئۆكرانیا دوور خستووەتەوە، بەڵام ئەوەی ڕوونە، پێناچێت شەڕی ڕووسیا و ئۆكرانیا بەم نزیكانە یەكلا ببێتەوە، ئێوە چۆن لە بەردەوامبوونی ئەم شەڕە دەڕوانن و بۆچی پێتان وایە ڕووسیا هێندە پێداگرە لەسەر درێژەپێدانی ئەم شەڕە و، ئایا پێت وایە لە ئێستادا بە چ ئاراستە و ئاقارێكدا دەڕوات؟**

- ئەوەی لە ئێستادا بەدی دەكرێت، ئەوەیە كە ڕووسیا لە پرۆسەی بردنەوەی شەڕەكەدایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ كەس ئەمە بەدی ناكەن، لەبەر ئەوەی ئەوان زیاتر جەخت لەسەر پانتایی ئەو خاكانە دەكەنەوە كە كۆنترۆڵ كراون و، كەمتر سەرنجیان لەسەر ئەوەیە كە ئەم شەڕە تا چ ڕاددەیەك توانا و سەرچاوەكانی لە ناو بردووە، ئەوەی ئاشكرایە ئەوەیە كە هێرشبردن ژمارە و ئاستێكی زیاتری قوربانی لێ دەكەوێتەوە، لەم ڕوانگەیەوە كارێكی باشترە كە خۆ لە هێرشبردن بە دوور بگریت و لەو ناوچانە بكشێیتەوە و پاشەكشە بكەیت كە بەرگری لێكردنیان قوربانیدانێكی زۆری دەوێت، ئەگەر وەڵامەكە پوخت بكەینەوە، ئەوا ئەوەی لە ئێستادا دەگوزەرێت بریتییە لە شەڕی ئیستینزافكردن، كە تێیدا ئامانجەكە بریتییە لە شەكەتكردنی هێزی سەربازیی ڕكابەرەكەت و پاراستنی بنیادنانی توانا و هێزی خۆت، هەر كاتێكیش توانرا كە توانای ڕكابەرەكەت بە ڕاددەیەكی گەورە لاواز بكەیت، ئەو كاتە دەتوانیت دەست بگریت بەسەر پانتاییەكی گەورەی خاكدا بگریت، بە بێ ئەوەی زیان و قوربانییەكی زۆر بدەیت. ئەوەی ڕووی داوە ئەوەیە كە لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا ئۆكرانیا سەرباز و كەرەستە سەربازییەكانی خۆی خستووەتە بەر ڕەحمەتی هێڵە بەرگرییە تۆكمەكانی سوپای ڕووسیا و، لە دەرئەنجامدا ڕووبەڕووی زیان و خەسارەتێكی گەورە بووەتەوە، لە ئێستادا دۆخەكە بە چەشنێكە كە ئۆكرانیا ژمارەیەكی زۆری سەربازی لەدەست داوە، بەشێكی زۆر كەرەستە سەربازییەكانی تێك شكاون و لە ناو چوون، تەنانەت ناتۆش باس لەوە دەكات كە كۆگای چەكەكان بە ڕادەیەكی مەترسیدار كەم بووەتەوە و پاڵپشتی و پشتیوانیی سیاسییش بۆ ئەم شەڕی بە وەكالەتە لە پاشەكشەدان. لە هەمان كاتدا، ڕووسیا بە سەدان هەزار سەربازی لە بەرەكانی پشتەوە ساز و ئامادە كردووە و بە ڕادەیەكی بەرچاو بەرهەمهێنانی چەك و كەرەستە سەربازییەكانی زیاد كردووە، وەك ئامادەكارییەك بۆ ئەوەی هەر كاتێك ئۆكرانیا تەواو خۆی شەكەت كرد، ئەوا دەست بە هێرشبردن بكات، واتە لە ئێستادا ڕووسیا سوپایەكی گەورەتری هەیە و لە چەند ڕوویەكەوە باڵادەستە، تۆپخانە، هێزی ئاسمانی، مووشەك، و فڕۆكەی بێفڕۆكەوان، بەرگریی ئاسمانی، شەڕی ئەلیكترۆنی و هەموو پێوەرە بابەتییەكانی دیكە. لە دەرئەنجامدا پێدەچێت شەڕەكە گەیشتبێتە قۆناغێك كە تێیدا ڕووسیا هێرشێكی بەربڵاو ئەنجام بدات بۆ دووبارە دەستگرتنەوە بەسەر ئەو خاكانەی هەڵكەوتەیەكی ستراتیژییانەیان هەیە.

**ناتۆش باس لەوە دەكات كە كۆگای چەكەكان بە ڕاددەیەكی مەترسیدار كەم بووەتەوە و پاڵپشتی و پشتیوانیی سیاسییش بۆ ئەم شەڕی بە وەكالەتە لە پاشەكشەدان.**

**پێدەچێت شەڕەكە گەیشتبێتە قۆناغێك كە تێیدا ڕووسیا هێرشێكی بەربڵاو ئەنجام بدات بۆ دووبارە دەستگرتنەوە بەسەر ئەو خاكانەی هەڵكەوتەیەكی ستراتیژییانەیان هەیە**

*** لایەنێكی دیكەی ئەم شەڕە بریتییە لە شەڕی ئابووری، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەست بێت بە سزا سەپێنراوەكانی سەر ڕووسیا لەلایەن وڵاتانی ڕۆژئاوا و، بە دیاریكراوی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا، بەڵام ئەوەی ڕوونە كە ئەم سزایانە نەبوونەتە هۆی ئەوەی ڕووسیا تووشی گرفتێكی گەورەی كەمبوونەوەی داهات ببێت، كەواتە دید**

**ڕووسیا نەک هەر هەوڵی داوە خۆی لە کاریگەریی سزاکان دەرباز بکات، بەڵکو کاریشی کردووە بۆ ئەوەی بە یەکجاری خۆی لە پشتبەستن بە ئابوورییەکانی ڕۆژئاوا ڕزگار بکات**

**ئابووریی ڕووسیا لە گەشەکردندایە، لە کاتێکدا ئەورووپا تووشی گرفت بووەتەوە، لەبەر ئەوەی نەیتوانی خۆی لە پشتبەستن بە ڕووسیا ڕزگار بکات**

**ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەرکەکانی خۆی تا ئەو ئاست و ڕاددەیە جێبەجێ دەکات کە دەوڵەتە ئەندامە سەرەکییەکان بوار و پانتایی بۆ دەرەخسێنن**

**وڵاتانی ئەندامی ناتۆ هەوڵیان داوە ئۆکرانیا بەکار بهێنن بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتنێکی ستراتیژی بەسەر ڕووسیادا**

**و تێڕوانینی ئێوە لەسەر کاریگەری و کارایی ئەم سزایانە چییە؟**

- ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە سزاکان شکستیان هێناوە، هەرچۆنێک بێت، من تووشی سەرسوڕمان بووم بە ئاست و ئەندازەی شکستی ئەم سزایانە، لە ڕاستیدا سزاکان لە ساڵانی نەوەتەکانی سەدەی ڕابردودا باشتر کاریگەرییان هەبوو، کاتێک تەنیا چەک چەقی هێز بوو لەسەر ئاستی جیهان، بەڵام ئێستا ئێمە لە جیهانێکی فرەجەمسەریدا دەژین، ئەمەش دۆخێکی خوڵقاندووە کە ڕووسیا دەرفەتی زیاتری بۆ بڕەخسێت بۆ جۆراوجۆرکردنی پەیوەندی و ڕایەڵە ئابوورییەکانی، لەم ڕووەوە ڕووسیا نەک هەر هەوڵی داوە خۆی لە کاریگەریی سزاکان دەرباز بکات، بەڵکو کاریشی کردووە بۆ ئەوەی بە یەکجاری خۆی لە پشتبەستن بە ئابوورییەکانی ڕۆژئاوا ڕزگار بکات و، لەبری ئەوە کۆششی کردووە بۆ ئەوەی ئاوێتەی ئابووریی جیهانی غەیرە ڕۆژئاوا بێت. لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین: ئەم جۆراجۆرکردنە سەرکەوتوو بووە، چونکە ئەوەی بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە ئابووریی ڕووسیا لە گەشەکردندایە، لە کاتێکدا ئەورووپا تووشی گرفت بووەتەوە، لەبەر ئەوەی نەیتوانی خۆی لە پشتبەستن بە ڕووسیا ڕزگار بکات.

*** ئاشکرایە کە هەر کاتێک دۆخێک دروست بێت کە ببێتەهۆی هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی، ئەوا دەبێت نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆڵی چاوەڕوانکراوی خۆی ببینێت، بەڵام لە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیادا نەمانبینی ئەم ڕێکخراوە ڕۆڵێکی ئەوتۆ ببینێت، تێڕوانینی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- لە ڕاستیدا ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەرکەکانی خۆی تا ئەو ئاست و ڕاددەیە جێبەجێ دەکات کە دەوڵەتە ئەندامە سەرەکییەکان بوار و پانتایی بۆ دەرەخسێنن، چونکە ئاشکرایە ئەمە ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتییە، نەک ڕێکخراوێکی سەرونەتەوەیی، دواتر نابێت ئەوەمان لە یاد بچێت، کە ئامانجەکە لە نێو ئەورووپادا بریتی نەبووە لە پێکەوەژیانی ئاشتییانە لەگەڵ ڕووسیا، بەڵام بریتی بووە لە لاوازکردن و پەراوێزخستنی هەمیشەیی ڕووسیا لە ئەورووپادا، لەم ڕوانگەیەوە پێم وایە هیچ کاتێک هەوڵ و کۆششێکی جددی نەبووە بۆ گرتنەبەری ئاشتییەك کە هەردوو قبووڵ و پەسەندی بکەن، لەبری ئەوە وڵاتانی ئەندامی ناتۆ هەوڵیان داوە ئۆکرانیا بەکار بهێنن بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتنێکی ستراتیژی بەسەر ڕووسیادا. لە ساڵی ٢٠١٥ـەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتیی ئەورووپا بە ئاشکرا ڕێککەوتنی ئاشتی (مینسك)یان لەباربرد، تەنانەت ئەڵمانیا و فەڕەنسا باسیان لەوە دەکرد، کە هیچ کاتێک نییەتی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی ئاشتی لە ئارادا نەبووە و تەنیا ئامرازێك بووە بۆ بەدەستهێنانی کات بۆ پڕچەککردنی سوپای ئۆکرانیا، بە هەمان شێوە، کاتێك ڕووسیا لە مانگی شوباتی ساڵی ٢٠٢٢ دەستی کرد بە داگیرکارییەکەی، ئەوا دووبارە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتیی ئەورووپا ئەو ڕێککەوتنەی ئاشتییان لەناو برد کە چاوەڕوان دەکرا لە نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیادا بەدی بێت، کە ئەگەر ئەم ڕێککەوتنە بکرایە، بۆی هەبوو لە هەفتەکانی یەکەمدا شەڕەکە بوەستایە، بەڵام هەم ناتۆ و هەم یەکێتیی ئەورووپا ڕایانگەیاند کە لەبری ئەوە جەنگەکە لە گۆڕەپانی شەڕدا یەکلا دەبێتەوە، هیچ یەکێك لە سەرکردەکانیشیان خواستی گرتنەبەری ڕێگەچارەی دیپلۆماتی، یان گفتوگۆکردنیان لەگەڵ ڕووسیادا نەبوو، کەواتە هیچ کاتێك نەتەوە یەکگرتووەکان دەرفەتی ئەوەی نەبووە کە بەر بە هەڵگیرسانی شەڕەکە بگرێت، یان کۆتایی پێ بێنێت، کاتێك بەرپا بوو.

*** بەڵام ئەگەر ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هێندە ناکارا و ناکاریگەر بێت، ئایا ئەمە نەبووەتە هۆی، یان نابێتە هۆی ئەوەی جیهان پتر نائارام و ناسەقامگیر بێت، بەو پێیە ئایا ئەمە پێداویستیی پێداچوونەوە بە بونیادی ئەم ڕێکخراوە ناهێنێتە ئاراوە؟**

- دەکرێت لەم ڕووەوە بڵێین: گرنگە ئەندامێتیی هەمیشەیی لە ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ڕەنگدانەوەی دابەشبوونی ڕاستەقینەی هێز بێت لە جیهاندا، پێنج ئەندامە هەمیشەییەکە هێزی مەزن و براوەی جەنگی دووەمی جیهانی بوون، بەڵام لەو کاتەوە بارودۆخی جیهان بە ڕاددەیەکی گەورە ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە، ئەگەر هیندستان و بەرازیل ببنە ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەوا ئەدای ئەم ڕێکخراوە باشتر دەبێت.

دیمانەی تایبەت



پرۆفیسۆر مایکڵ بارنێت بۆ گوڵان:

# بە هۆی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیاوە هاوسەنگیی هێز لە بەرژەوەندیی ئەمریکا و چین شکاوەتەوە

**مایکڵ بارنێت، پرۆفیسۆری زانستی سیاسی و کاروباری نێودەوڵەتییە لە سکوولی ئیلیۆت لە زانکۆی جۆرج واشنتۆن، لە توێژینەوەکانیدا بایەخ بە پرسەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و حوکمڕانیی جیهانی و چەند پرسێکی پەیوەندیدار دەدات. پێشتر وانەبێژ بووە لە زانکۆکانی مینێسۆتا، ویسکۆنسن و تەل ئەبیب. بۆ تاوتوێکردن و شرۆڤەکردنی دەرئەنجامەکانی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا لەسەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و گۆڕانکاری لە هاوکێشەی هێز و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا.**

**• باس لەوە دەکرێت کە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا گۆڕانکاری لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا هێناوەتە ئاراوە و بگرە هاوسەنگیی هێزیشی لەسەر ئاستی جیهانی گۆڕیوە، بە چەشنێك ئاماژە بەوە دەکرێت، کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و چین لە پێگەیەکی باشتر و بەهێزتردان، چونکە ئەم شەڕە بووەتە هۆی لاوازکردنی پێگەی سیاسی و سەربازی و ئابووریی ڕووسیا، لێکدانەوەی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- بۆ تاوتوێکردن و وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ لێکدانەوەی پرسی ئەوەی ئایا پێگەی نێودەوڵەتیی ڕووسیا پێش بەرپابوون و هەڵگیرسانی شەڕەکە و داگیرکارییەکەی بۆ ئۆکرانیا چی بوو و لە چ ئاستیدا بوو، کە پێم وایە لەو کاتەشدا تێڕوانینەکە- لەم ڕووەوە- ئەوە بوو کە دوو هێزی مەزنی جیهانی کە مابێتنەوە لەسەر شانۆی جیهان بریتی بوون لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و چین، واتە ڕاستە لەو کاتەشدا وەك هێزێکی مەزنی جیهانی لە ڕووسیا دەڕوانرا، بەڵام نەك هێزێکی پتەو و توندوتۆڵ، ئەویش لەبەر چەند هۆکارێك، یەکەمیان ئەوە بوو کە لە ڕووی ئابوورییەوە ڕووسیا بە ڕاددەیەکی گەورە پشتی بە داهاتی سەرچاوە سرووشتییەکان دەبەست، هۆکارێکی دیکە پەیوەست بوو بەوەی لەو کاتەدا وا لە هێزی سەربازی و سوپای ڕووسیا دەڕوانرا کە هێزێکی مەزن و باڵادەست بێت، بەڵام ئاشکرایە لە ئێستادا و دوای شەڕەکە ئەو تێڕوانینە بە تەواوەتی ڕەویوەتەوە و لە ئارادا نەماوە، خاڵێکی دیکە پەیوەستە بەوەی کە لە ڕووی دیموگرافییشەوە ڕووسیا لاواز بووە.

**• ئاشکرایە کە وڵاتانی ڕۆژئاوا و بە دیاریکراوی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا جگە لە دەستەبەرکردنی چەك و هاوکاریی سەربازی بۆ ئۆکرانیا، چەندین سزای ئابووری و داراییان بە سەر ڕووسیادا سەپاندووە، بەڵام پێ ناچێت ئەم سزایانە هیچ کاریگەرییەکیان هەبووبێت لەسەر گۆڕینی سیاسەت و بڕیارەکانی ڕووسیا لە ئاستی شەڕەکەدا، لێکدانەوەی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- لە ڕاستیدا ئەوەی پەیوەست بێت بە سزاکانەوە، ئەوا ڕاستە مشتومڕێکی زۆر دەکرێت لەم بارەیەوە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین کە بۆنەتە هۆی لاوازکردنی ئابووریی ڕووسیا. لەلایەکی دیکەوە و ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پرسیارەکەی پێشتر، ئەوا دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین کە ڕووسیا دووەم زۆرترین ژمارەی چەکی ناوکی هەیە لە جیهاندا، کە ئەمەش بواری پێ دەدات بۆ ئەوەی بۆ ماوەیەکی درێژ وەك هێزێکی مەزن بمێنێتەوە، چونکە ئەمە چەکە باڵادەست و مەزنەکەیە. هەر چۆنێك بێت، بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەوانەی ئاماژەمان پێ کرد، ئەوا دەکرێت بڵێین: لە دوای کۆتاییهاتنی ئەم شەڕەوە ئەوا ڕووسیایەکی لاوازبوو دێتەئاراوە، ئەمە پرسێکە کە هیچ گومانێك هەڵناگرێت، واتە دوای ئەو دۆخە ڕووسیا لەوە دەگەڕێ، ئایا هیچ شتێکی دەمێنێتەوە بۆ ئەوەی وڵاتەکە لە ئاست ناو و ناوبانگی هێزێکی مەزندا بمێنێتەوە، بەڵام سەرباری هەموو ئەوانەش ئەوا هێشتا هەروەك هێزێکی مەزن لە وڵاتی ڕووسیا دەڕوانرێت، چونکە ڕووسیا هێندە گەورەیە کە ناتوانرێت نادیدە بگیرێت و لەبەرچاو نەگیرێت. ئەویش لەبەر ئەوەی کە دەکرێت بڵێین: هەندێ جار وەك هێزی مەزن لە وڵاتێك دەڕوانرێت، ئەویش نەك لەبەر ئەوەی ئەم وڵاتە لە بارێکدا بێت کە دەتوانێت هاوکار بێت لە بەدیهێنان و پاراستنی سیستمە جیهانییەکەدا،

**وا لە هێزی سەربازی و سوپای ڕووسیا دەڕوانرا کە هێزێکی مەزن و باڵادەست بێت، بەڵام ئاشکرایە لە ئێستادا و دوای شەڕەکە ئەو تێڕوانینە بە تەواوەتی ڕەویوەتەوە**

**ڕووسیا دووەم زۆرترین ژمارەی چەکی ناوکی هەیە لە جیهاندا، کە ئەمەش بواری پێ دەدات بۆ ئەوەی بۆ ماوەیەکی درێژ وەک هێزێکی مەزن بمێنێتەوە**

**بەشێکی بوون بە هێزی مەزنی ڕووسیا لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە دەتوانێت کێشە و پشێوی بنێتەوە**

بەڵکو لەبەر ئەوەی دەتوانێت ئەم سیستمە تێک بدات و پایەکانی لەق بکات. مەبەستم ئەوەیە بەشێکی بوون بە هێزی مەزنی ڕووسیا لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە دەتوانێت کێشە و پشێوی بنێتەوە، هەروەك لە بەردەوامبوونی چالاکییەکانی گرووپی ڤاگنەر لە ئەفریقا بەدیمان کرد. کەواتە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ وەڵامی پرسیارەکەتان، ئەوا دەتوانین بڵێین: بەڵێ، لە دەرئەنجامی ئەم شەڕەوە دۆخێکی نێودەوڵەتی دەخولقێت و هەلومەرجێك دێتەئاراوە کە تێیدا تەرازووی هاوسەنگیی هێز بەلای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و چیندا دەشکێتەوە، من گۆڕانکارییەك لەمەدا بەدی ناکەم.

**• یەکێکی دیکە لە ڕەهەندەکانی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا دروستبوونی هاوکاریی سەربازییە لە نێوان ڕووسیا و ئێران، ئایا پێت وایە ئەم هاوکارییە سەردەکێشێت بۆ دروستبوونی هاوپەیمانێتییەکی پتەوتر و درێژخایەنتر لە نێوان ڕووسیا و ئێران، یان ئەمە تەنیا هاوکارییەکی کاتی و تێپەڕە؟**

- بە شێوەیەکی گشتی وەڵامی من بۆ ئەو پرسیارانەی پەیوەستن بە ئەگەری درێژەکێشانی هاوپەیمانێتییەکان ئەوەیە کە دەبێت چاوەڕوانی کۆتاییهاتنی ئەو هۆکارا و پاڵنەرانە بکەین، کە بوونە هۆی هاتنەئارای ئەم هاوپەیمانێتییە. مەبەستم ئەوەیە ئەگەر ئەم شەڕە کۆتایی پێ بێت- کە ئومێدەکە ئەوەیە لە ماوەیەکی زوودا ئەمە بەدی بێت-، ئەوا دەبێت لەوە بڕوانین ئایا هاوپەیمانێتییەکە بەردەوام دەبێت و درێژە دەکێشێت، یان نا، لە ڕاستیدا من نازانم، بەڵام ئەوەی لە ئێستادا دەگوزەرێت یەکگرتنێکی کاتیی بەرژەوەندییەکانی هەردوو وڵاتی ئێران و ڕووسیایە، ئایا پەرە دەستێنێت و دەچێتە قۆناغێکی دیکەوە، من نازانم، بەڵام ئەوەی دەتوانرێت بوترێت ئەوەیە کە ڕووسیا ژمارەیەکی زۆری هاوپەیمانی درێژخایەنی نییە، واتە بە شێوەیەکی گشتی و بە زۆری هاوپەیمانێتییەکانی- بە چەشنێکی زۆرێك لە هاوپەیمانێتییەکانی دیکە- یەکگرتنێکی کاتیی بەرژەوەندییەکانە، کەواتە دەبێت چاوەڕێ بکەین و ببینین دوای کۆتاییهاتنی ئەم شەڕە ئەم هاوپەیمانێتییە چ چارەنووسێکی دەبێت، کە ڕەنگە لە هەندێ بواردا درێژە بکێشێت و لە هەندێ بواری دیکەدا کۆتایی پێ بێت، کۆتایی وەڵامەکە بەوە دەهێنم، کە ئێستا ڕووسیا و ئێران هەر یەکەیان دەرئەنجامێك لە هاوکارییەکانیان بەدەست دەهێنن، ئەگەر دۆخەکە بە جۆرێك بگۆڕێت، کە نەتوانن ئەم دەستکەوت و دەرئەنجامە بەدەست بهێنن، ئەوا ئەم هاوپەیمانێتییەش دەپووکێتەوە.

**• هەروەك ئاشکرایە کە ئەم شەڕە دەرئەنجام و لێکەوتەی گەورەی لەسەر وڵاتانی ئەوروپا هەبووە، ئایا پێت وایە تا چەند ئەم وڵاتانە لە ڕووی وزە و ئاسایشەوە کار بۆ پشتبەخۆبەستن دەکەن؟**

- ئەوە ڕاستە کە ئەم گوتارە لە سەرکردەکانی وڵاتانی ئەوروپادا بەدی دەکەین، پرسیارەکەش ئەوەیە ئایا تا چەند دەتوانن هەنگاو بنێن بۆ بەدیهێنانی سەربەخۆیی لە ڕووی سەربازی و ئەمنییەوە، کە ئێمە بینیمان نەیانتوانی وەك پێویست هاوکاری بۆ ئۆکرانیا دابین بکەن. هەروەها ئەمە بانگەشەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی بەهێز کرد، کە جەختی لەوە دەکردەوە پێویستە ئەوروپا بە حەزەر بێت لە پشتبەستن بە ڕووسیا، یان دروستکردنی پەیوەندی پشتبەیەکبەستن لەگەڵ ڕووسیادا. لەم ڕووەوە زەبری شەڕەکە و زەبری داگیرکارییەکەی سەرکردەکانی وڵاتانی ئەوروپای تووشی سەرسوڕمان کرد.

**• هەرچەندە لە ئێستادا شەڕێکی دیکە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەڵگیرساوە- لە نێوان ئیسرائیل و حەماسدا-، بەڵام پێت وایە تا چەند شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا کاریگەری و دەرئەنجامی درێژخایەنی لەسەر ئەم ناوچەیە دەبێت؟**

- لە ڕاستیدا یەکێك لە دەرئەنجامەکانی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا بریتی بووە لە بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لەسەر ئاستی جیهان، کە ئەمەش کاریگەری کردووەتەوە لەسەر بارودۆخی وڵاتانی ئەم ناوچەیە، بەتایبەتی و بە دیاریکراوی وڵاتی میسر. هەروەها کاریگەریی هەبووە لەسەر بەرزکردنەوەی نرخی خۆراك. هەرچۆنێك بێت، ناتوانین بڵێین شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا هیچ کاریگەرییەکی دروست نەکردووە و ناکات لەسەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین بڵێین: هۆکار و پاڵنەری دیکە لە ئارادان لەم ناوچەیەدا کە زیاتر لە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا دەبنە هۆی خولقاندنی پەرەسەندن و پێشهاتەکان.

**ئەوەی لە ئێستادا دەگوزەرێت یەکگرتنێکی کاتیی بەرژەوەندییەکانی هەردوو وڵاتی ئێران و ڕووسیایە، ئایا پەرە دەستێنێت و دەچێتە قۆناغێکی دیکەوە، من نازانم**

**ئێستا ڕووسیا و ئێران هەر یەکەیان دەرئەنجامێک لە هاوکارییەکانیان بەدەست دەهێنن، ئەگەر دۆخەکە بە جۆرێک بگۆڕێت، کە نەتوانن ئەم دەستکەوت و دەرئەنجامە بەدەست بهێنن، ئەوا ئەم هاوپەیمانێتییەش دەپووکێتەوە**

**هۆکار و پاڵنەری دیکە لە ئارادان لەم ناوچەیەدا کە زیاتر لە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا دەبنە هۆی خولقاندنی پەرەسەندن و پێشهاتەکان**



عەبدولکەریم وەیسی ناسراو بە (دکتۆر کەریم)

ئەندامی پێشووی پەکەکە بۆ گوڵان:

# پەکەکە بیری نەتەوەیی و نیشتمانیی بۆ کورد و کوردستان نییە

# پەکەکە دوور لە بنەماکانی مرۆڤایەتی و دابونەریتی کوردستانی منداڵ و گەنجانی خوار تەمەنی ١٨ ساڵی چەکدار دەکەن و لە خێزانەکانیان دایاندەبڕن

**پەکەکە لە باکووری کوردستان دروست بووە و بە ڕواڵەت بۆ ڕزگارکردنی کورد و کوردستان بووە، بەڵام لە پاشان هەر خۆیان ڕایانگەیاند کە لەسەر بیروباوەڕی مارکسی و چەپی دروست بوون، سەرەڕای ئەوانەش چەندین ساڵە چەند ناوچەیەکی سنووریان وەك قەندیل داگیر کردووە و هاتوونەتە شنگال و بوونەتە هۆکاری کێشە و گرفت بۆ هەرێمی کوردستان، بۆ گفتوگۆ لەسەر ئەو پرسەو چەندین تەوەری دیکە گۆڤاری گوڵان ئەم دیمانەیەی لەگەڵ عەبدولکەریم وەیسی کە بە «دکتۆر کەریم» ناسراوە، و ئەندامێکی پێشووی پەکەکە بووە، ئەنجام دا.**

*** ئایا لە کوردستانی باکوور چیا و شاخی سەختی لێ نییە کە پەکەکە هاتوونەتە باشووری کوردستان و لە کاتێکدا بیری نەتەوەییان هەبێت، بۆچی کێشە بۆ هەرێمی کوردستان دروست دەکەن و بوونەتە هۆکاری پەلکێشکردنی سوپای تورکیا بۆ باشووری کوردستان؟**

- بۆ ئەو پرسە کە بۆچی پەکەکە ئەو چیاو شاخە سەخت و دژوار و بەرز و پڕ ئەشکەفت و پێچ و پەنایەی لە کوردستانی گەورە و باکووری کوردستان جێی هێشتووە و هاتووەتە باشووری کوردستان و هۆکارێکی سەرەکین بۆ پەلکێشکردنی سوپا و سەربازانی تورکیا، بێگومان بوونی چەکدارانی پەکەکەیە کە بووەتە هۆی ئەوەی فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا چەندین ناوچە و گوندی باشووری کوردستان بە درێژایی سنوور بۆردومان بکەن، بەمەش زیاتر لە (٦٠٠) گوندی باشووری کوردستان ئاوەدان نەکراونەتەوە و، ناسەقامگیری لەو ناوچانە و تەواوی هەرێمی کوردستان دروست کردووە. هۆکاری سەرەکیی ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە چەکدارانی پەکەکە و سەرکردەکانیان چاویان بەو ئازادی و دیموکراتی و سەقامگیرییەی هەرێمی کوردستاندا هەڵنایەت و، لەوە دەگەڕێن کێشە بۆ باشووری کوردستان و حکومەتەکەی دروست بکەن و، سەروەریی یاسا و سەقامگیرییەکەی بشێوێنن، بەڵام بە

**بوونی چەکدارانی پەکەکەیە کە بووەتە هۆی ئەوەی فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا چەندین ناوچە و گوندی باشووری کوردستان بە درێژایی سنوور بۆردومان بکەن**

**چەکدارانی پەکەکە و سەرکردەکانیان چاویان بەو ئازادی و دیموکراتی و سەقامگیرییەی هەرێمی کوردستاندا هەڵنایەت و، لەوە دەگەڕێن کێشە بۆ باشووری کوردستان و حکومەتەکەی دروست بکەن**

**پەکەکە حزبێکی چەپە و هیچ بیرۆکە و باوەڕی نەتەوەیی و نیشتمانیی کورد و کوردستانی نەبووە و چاوەڕوانی ئەوەشی لێ ناکرێت**

**پەکەکە هەموو سەردەم و کاتێک تەنیا خۆی پێ ڕاستە و هەر کار و پرۆژە و کیانێک بێتەدی، لەسەر دەستی ئەو نەبێت، ئیعترافی پێ ناکات و کێشە و گرفتی زۆری بۆ دەنێتەوە**

**چەکدارانی پەکەکە بە بێ مۆڵەتی خاوەن ماڵ هاتوونەتە باشووری کوردستان و کێشەیان بۆ خەڵکەکە و حکومەت دروست کردووە**

حەکیمیی سەرکردایەتیی سیاسیی باشووری کوردستان و حکومەتی هەرێم، ئەو مەرام و پیلانە خراپەکارییانەیان بۆ نەچووەتەسەر، لە بارەی بیری نەتەوەییەوە پەکەکە حزبێکی چەپە و هیچ بیرۆکە و باوەڕی نەتەوەیی و نیشتمانیی کورد و کوردستانی نەبووە و چاوەڕوانی ئەوەشی لێ ناکرێت. ئەگەرچی پێویستە لەسەر پەکەکە و هەموو لایەن و حزبێك و هەر کوردێك لە دونیادا، باشووری کوردستان بە ماڵ و پەناگەی ئارامی خۆی بزانێت و، وەك گیان و دڵ و چاوی خۆی پارێزگاری لێ بکات، چونکە باشووری کوردستانە ماوەی زیاتر لە ٣٢ ساڵە هێز و توانای مانەوەی بە هەموو کوردێك لە دونیا داوە و ئومێدبەخشە بۆ هەموو لایەکمان.

*** باس لەوە دەکرێت، پەکەکە هیچ حزب و لایەنێکی نەتەوەیی و نیشتمانی قبووڵ نییە، بەتایبەت ئەوانەی کار بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەکەن، بە نموونە پارتی دیموکراتی کوردستان، ئایا ئەمە چۆن دەخوێنیتەوە؟**

- بێگومان ئەوە شتێکی بەڵگە نەویستە وەکو ئاماژەمان پێ دا، پەکەکە لەسەر بیروباوەڕی چەپ بۆ هەموو گەلانی تورکیا دامەزراوە، نەك لەسەر بیری نەتەوەیی و نیشتمانی و کوردستانی. پەکەکە هەموو سەردەم و کاتێك تەنیا خۆی پێ ڕاستە و هەر کار و پرۆژە و کیانێك بێتەدی، لەسەر دەستی ئەو نەبێت، ئیعترافی پێ ناکات و کێشە و گرفتی زۆری بۆ دەنێتەوە، هەر وەکو ئەوەی بۆ هەرێمی کوردستان دەیکات، ئەمەش هۆکارێکی دیکەیە کە وای کردووە، چەکدارانی پەکەکە بە بێ مۆڵەتی خاوەن ماڵ هاتوونەتە باشووری کوردستان و کێشەیان بۆ خەڵکەکە و حکومەت دروست کردووە.

*** ئایا هۆکاری چی بوو پەکەکە ئەو هەوڵ و تێکۆشانەی جەنابی سەرۆك بارزانی بۆ ئاشتیی نێوان پەکەکە و حکومەتی تورکیایان لەبار برد؟**

- لەسەر بنەمای ئەوەی کە ئێستا سەردەمی دیالۆگ و ئاشتییە، جەنابی سەرۆك بارزانی بە گیانێکی لەخۆبوردەیی هەوڵی دا کێشەی پەکەکە و کوردی باکووری کوردستان لەگەڵ حکومەت و دەوڵەتی تورکیا بە ئاشتی و گفتوگۆ چارەسەر بکات، ئەو کار و بەرنامەیەش قۆناغی باشی بڕی، بەڵام چەکدارانی پەکەکە لەبەر ئەوەی سەقامگیری و هێمنییان بۆ باکووری کوردستان و هەموو کوردستانی گەورە ناوێت، هەر بۆیە ئەو کار و بەرنامەیەیان لەبار برد و شەڕێکی مەترسیداریان بە ناوی خەندەق دروست کرد، کە تێیدا هەموو گەلی باکووری کوردستان بە گیان و ماڵ زەرەرمەند بوون و بە دەیان شەهید و برینداریان دا، خەڵکە سڤیلەکەش لەسەر گوند و ماڵ و موڵکی خۆیان دەربەدەر بوون، هەر ئەو شەڕە و لەباربردنی پرۆسەی گفتوگۆ و ئاشتییەکە بوو کە وای کرد، جەماوەری پەکەکە تا ئاستێکی زۆر دابەزی و کەمبوونەوەی جەماوەر و لایەنگرانیان تا ئێستاکەش بەردەوامە.

*** ئایا هۆکار چییە ماوەیەکە چەکدارانی پەکەکە گرووپ گرووپ لە باشووری کوردستان لە دەڤەرەی جیا جیا جووڵەیان زیادی کردووە، هەر بەو بیانووەشەوە درۆنی تورکی لێرە و لەوێ بۆردومانی ناوچەکان دەکات؟**

- پەکەکە هەر لە سەرەتای دامەزراندنی و لە دوای دەستگیرکردنی عەبدوڵڵا ئۆجەلانیش زیاتر دابەشی سەر سەرکردەکانیان بوون، دەتوانین بڵێین لە ئێستادا چەکدارەکان فەرمان لە یەك سەرکردە و یەك بەرنامەی چەکداری وەرناگرن، بۆیە بە شێوەیی گرووپ گرووپ لێرەو لەوێ بەتایبەت لە دەڤەری سلێمانی و گەرمیان و ڕانیە و پشدەر دەردەکەون، کە ئەو جووڵە و کارانەشیان بۆ مەرام و بەرژەوەندیی شەخسی و تایبەتە و هەندێ کار و جووڵەیان بە فەرمانی ناحەز و دوژمنانی گەلی کورد و کوردستانە و دەبینین و دەبیستین لە جووڵەی هەر گرووپێکیان دەبێتە هۆی ئەوەی کە خەڵکی ناوچە و شوێنێەکانی باشووری کوردستان تێیدا زەرەرمەند بن و مەترسی

دەکەوێتە سەر ژیانیان، بەتایبەت بە هۆی ئەو درۆنانەی کە بۆردومانیان دەکەن.

*** ئایا چەکدارانی پەکەکە بۆچی بوونەتە داردەستی داگیرکەرانی کوردستان، بەتایبەت پەیوەندییان لەگەڵ میلیشیاکانی حەشدی شەعبی هەیە و کێشە بۆ باشووری کوردستان دەنێنەوە؟**

- چەکدارانی پەکەکە لەو کاتەی هاتوونەتە باشووری کوردستان بە تایبەت لە شنگال پەیوەندییان لەگەڵ چەکدار و میلیشیاکانی عێراقی و بەتایبەت حەشدی شەعبی هەیە و هاوکاری و یارمەتیی دارایی و سەربازییان لەلایەن حەشدی شەعبی بۆیان دابین دەکرێت، ئەمەش زیاتر بە مەبەستی ئەوەیە کە شنگال و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم کێشە و گرفتی بۆ دروست بکەن و نەهێڵن ئیدارەی ڕاستەقینەی کە کوردستانییە بۆیان بگەڕێتەوە و، شارەکە لەو بارودۆخە نەخوازراو و خراپە بمێنێت و ئەو ڕێککەوتنەی لە نێوان حکومەتی هەرێم و عێراق بە چاودێریی هاوپەیمانان کراوە، بە ناوی «ڕێککەوتنی شنگال» جێبەجێ نەکرێت، تاوەکو شار و ناوچەکە ئاسایی و ئاوەدان نەبێتەوە.

*** زانیاری هەیە کە چەکدارانی پەکەکە بەتایبەت لە قەندیل بارودۆخی دارایی و لۆجستیکیان خراپە، ئایا زانیاری وردترت هەیە؟**

- چەکدارانی پەکەکە لە دامەزراندنیانەوە تا ئێستا لەلایەن ئەو کوردانەی باکوور کە لە ئەورووپا و ڕۆژئاوا پەناهەندەن و دەژین، کۆمەک دەکرێن، ئەگینا پێش چەندین ساڵ دەکەوتنە ئەو بارودۆخە خراپەی کە ئێستا هەیانە، چ لە ڕووی دارایی و ئازووقەوە، چ لە ڕووی تەکنەلۆژیای سەردەم و چەکەوە کە زۆر خراپ و دواکەوتوون، هەر ئەمەشە وای کردووە، جووڵە و هاتوچۆیان لە شوێن و ناوچەکانی باشووری کوردستان زۆر زیادی کردووە، لەلایەکی دیکەوە لەو کاتەی کە حزب و لایەنەکانی ڕۆژهەڵات بارەگا و شوێنەکانی خۆیان بە ڕێککەوتن بۆ ئارامیی باشووری کوردستان چۆڵ کرد، چەکدارانی پەکەکە هەوڵیان دا و چەندین هەڕەشە و کردەوەیی نەخوازراویشیان لە بەرانبەر هێز و سەربازانی سنوور و پێشمەرگە کرد، بۆ ئەوەی ئەو شوێن و بارەگایانە داگیر بکەن، تا بتوانن لەو ڕێگایەوە لەو شوێنانە بازگەی نایاسایی بۆ وەرگرتنی سەرانە دابنێن.

*** ئایا پەکەکە لە سەرەتای دامەزراندنییەوە منداڵ و کەسانی خوار تەمەنی ١٨ ساڵانیان وەکو ئەوەی کە لە باشووری کوردستان پیادەی دەکەن، ڕفاندوویانە و چەکداریان کردوون؟**

- بەڵێ، پەکەکە هەر لەگەڵ دامەزراندنی کاری بۆ ئەوە کردووە کە منداڵ و گەنجانی خوار تەمەنی ١٨ ساڵی هەڵبخەڵەتێنن و لە خێزانەکانیان دایانبڕێنن و چەکداریان بکەن و، چەندین لەو گەنج و منداڵانە کوژراون و تا ئێستاکەش دایك و باوك و خانەوادەکانیان لە چاوەڕوانی چارەنووسیانن، ئەو کارو کردەوە نامرۆڤایەتییەیان تا ئێستا بەردەوامە و لە باشووری کوردستان لە چەندین ناوچەی جیا جیا وەك شنگال و گەرمیان و کەرکووك و مەخموور ئەنجامیان داوە، کە ئەمە دوورە لە هەموو بەهاکانی ئەخلاقی و نەتەوەیی و نیشتمانی و مرۆڤایەتی.

*** بە چ مەبەستێك چەکدارانی پەکەکە شنگال و ناوچەکە چۆڵ ناکەن، تاوەکو بارودۆخیان ئاسایی ببێتەوە؟**

- ئامانجی پەکەکە سەقامگیریی هەرێمی کوردستان لە شنگال و شوێنەکانی دیکە نییە، بەڵکو ئەو دەڤەر و چیا و شوێنانەیان داگیر کردووە و بە ئەمری دوژمنانی گەلەکەمان دەجووڵێنەوە و دەیانەوێت حکومەتی هەرێمی کوردستان بە خۆیانەوە سەرقاڵ بکەن و، کێشە و گرفتی نەخوزراوی بۆ بنێننەوە، بەڵام حکومەتی هەرێم و لایەنی ئەمنی لە باشووری کوردستان زۆر بە زیرەکانە و هێمنیی لەگەڵ بارودۆخەکە دەجووڵێنەوە و نایانەوێت بە هیچ شێوەیەك شەڕی کورد و کورد وەك جەنابی بارزانی فەرموویەتی و حەرامی کردووە، دروست بێت.

**لەسەر بنەمای ئەوەی کە ئێستا سەردەمی دیالۆگ و ئاشتییە، جەنابی سەرۆک بارزانی بە گیانێکی لەخۆبوردەیی هەوڵی دا کێشەی پەکەکە و کوردی باکووری کوردستان لەگەڵ حکومەت و دەوڵەتی تورکیا بە ئاشتی و گفتوگۆ چارەسەر بکات**

**پەکەکە پەیوەندییان لەگەڵ چەکدار و میلیشیاکانی عێراقی و بەتایبەت حەشدی شەعبی هەیە و هاوکاری و یارمەتیی دارایی و سەربازییان لەلایەن حەشدی شەعبی بۆیان دابین دەکرێت**

**کاتێک حزب و لایەنەکانی ڕۆژهەڵات بارەگا و شوێنەکانی خۆیان بە ڕێککەوتن بۆ ئارامیی باشووری کوردستان چۆڵ کرد، چەکدارانی پەکەکە هەوڵیان دا ئەو شوێن و بارەگایانە داگیر بکەن، تا بتوانن لەو شوێنانە بازگەی نایاسایی بۆ وەرگرتنی سەرانە دابنێن**

**لایەنی ئەمنی لە باشووری کوردستان زۆر بە زیرەکانە و هێمنیی لەگەڵ بارودۆخەکە دەجووڵێنەوە و نایانەوێت بە هیچ شێوەیەک شەڕی کورد و کورد وەک جەنابی بارزانی فەرموویەتی و حەرامی کردووە، دروست بێت**

# مەحاڵەکانی بەردەم عەرەبی سوننەی عێراق

هونەری سیاسەت لە عێراق، سەلماندنی باشترین ڕێگەیە بۆ لە ناوبردنی کارەکتەر و پێکهاتە ڕکابەرییەکانی نێو گۆڕەپانی سیاسی و مەزهەبی و نەتەوەیی، مێژووی عێراق پڕە لەم هونەرکردنی سیاسەتە کە قاڵبووی چوارچێوەی مەزهەبی و نەتەوەییەکەیەتی. لە دوای کۆتاییهاتنی شەڕی یەکەمی جیهان لە ١٩٢١ بەریتانییەکان وڵاتێکیان بە ناوی (عێراق) بۆ عەرەب دروست کرد، لەگەڵ دروستبوونیدا هونەری لەناوبردن و سڕینەوەی جیاوازییەکان لە ڕووی مەزهەبی و نەتەوەیی و سیاسی بووە بەشێکی دیار لە سیمای ئەم وڵاتە و تا ئەمڕۆ ئەم مێژووە درێژەی هەیە و لە ئایندەی نزیکیشدا هیچ هیوایەك نییە بۆ کۆتاییهێنان بەم هونەرە.

مێژووی دەسەڵاتدارێتی مەزهەبی لە عێراق ڕیشەیەکی هاوتەریبی لەگەڵ ناکۆکییەکان و پێکەوەنانی وڵاتێکی هەڵە لەسەر خاکێکی دابەشکراو هەیە و، جگە لە کورد هیچ پێکهاتەیەکی دیکە نەیتوانیوە ئەو قۆناغە تێپەڕێنێت کە گرتنە دەستی دەسەڵات مانای سڕینەوەی ئەوی دیکە نییە، سوننە زیاتر لە ٨٠ساڵی دەسەڵاتیان لە فەیسەڵی یەکەم (١٩٢١-١٩٣٣) تا سەدام حوسێن (١٩٧٩- ٢٠٠٣) درێژەپێدەری یەك هونەری دەسەڵاتدارێتی بوون بەناو و ناونیشانی جیاواز، بەڵام لە ژێر یەك تایتڵدا ئەویش جەنگ لە پێناو سڕینەوەی ڕکابەرەکان، جا ئەو ڕکابەرانە سیاسی بن، یا مەزهەبی، یا نەتەوەیی کە هەمووشیان شەڕیان لە پێناو دەسەڵات بووە، یان ماف وەك پێکهاتە نەتەوەییەکان.

**هەتا سوننە هەژموون و دەسەڵاتداری عێراق بوون، هەموو ڕێگەکانی لە ناوبردن و سڕینەوەیان تاقی کردەوە، لە کوشتنی شیوعییەکان و کوشتنی بەکۆمەڵی کورد و شیعە و تەنانەت لە ناوبردنی خودی ئەندام و لایەنگرانی خۆیان**

هەتا سوننە هەژموون و دەسەڵاتداری عێراق بوون، هەموو ڕێگەکانی لە ناوبردن و سڕینەوەیان تاقی کردەوە، لە کوشتنی شیوعییەکان و کوشتنی بەکۆمەڵی کورد و شیعە و تەنانەت لە ناوبردنی خودی ئەندام و لایەنگرانی خۆیان، ڕایەك هەیە دەڵێ: حزب و گرووپە سیاسییەکانی نێو عێراق لە نێو خۆیاندا هاوپەیمان نین، ئاخۆ چۆن دەتوانن لەگەڵ پێکهاتەی جیاوازی مەزهەبی و نەتەوەیی و سیاسی و ئایدیای جیاواز ببن بە هاوپەیمان؟ ئەمە دروستە و ڕووداوەکانی مێژووی سیاسیی عێراق شاهیدن بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو بۆچوونە.

دوای کۆتاییهێنانی دەسەڵاتی سەددام حوسێن، کە لە ڕاستیدا کۆتایی هێنان نەبوو بە کەس و کارەکتەری سیاسی بە تەنیا، بەڵکو لێسەندنەوەی دەسەڵات بوو لە پێکهاتەیەك و بەخشینی بە پێکهاتەیەکی دیکە، خۆ ڕوونە بەریتانییەکان عێراقیان پێشکەش بە عەرەب و سوننە کرد (١٩٢١)، ڕوونترە و مێژووەکەی نزیکە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیان عێراقیان لە سوننە وەرگرتەوە و پێشکەشی شیعەیان کرد (٢٠٠٣). بۆیە ئەگەر سیاسەت هونەری گۆڕینی مەحاڵ بێت، ئەوا بۆ سوننەی عێراق، لە نزیکترین مەودا گرتنەوەی دەسەڵات خەونێکی هێندە دوور و بێ ئومێدبەخشە مەگەر دۆخێکی وەك دوای جەنگی یەکەمی جیهان و ٢٠٠٣ بڕەخسێت کە بتوانن بگەڕێنەوە و هەژموونداربن.

**لە جەوهەری حوکمڕانیی ٢٠ ساڵەی شیعەدا بەدیار دەکەوێت، کە وێڕای جیاوازییەکانیان بۆ ئیدارەدانی دەوڵەت، بە پڕۆژەی هاوبەشیی هەرێمایەتی بەتایبەتی ئێران سەرقاڵی لە ناوبردنی هەیمەنەی مەزهەبی سوننەن لە عێراق**

پرسیارە گرنگەکە لەوێدایە، بۆچی بۆ سوننە سیاسەت هونەری گۆڕینی مەحاڵ نییە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لە جەوهەری حوکمڕانیی



پەرژین جەعفەر حاجی ڕۆستەم

توێژەری مێژووی سیاسی

بۆ گوڵانی نووسیوە

٢٠ ساڵەی شیعەدا بەدیار دەکەوێت، کە وێڕای جیاوازییەکانیان بۆ ئیدارەدانی دەوڵەت، بە پرۆژەی هاوبەشیی هەرێمایەتی بەتایبەتی ئێران سەرقاڵی لە ناوبردنی هەیمەنەی مەزهەبی سوننەن لە عێراق، کە بە ڕاددەیەك سەرهەڵدان و دروستبوونی گرووپی تیرۆریستی (داعش) خەونی گەڕانەوەی سوننە بۆ پێگەی بەهێزی دەسەڵاتداربوونی لە عێراق لەگۆڕ نا، بە شێوەیەك تەواوی ناوچەکانی سوننە بوون بە وێرانترین ناوچەکانی عێراق و لە پاڵ لەناوبردنی داعش ئەوانیش ڕووبەڕووی لەناوبردن بوونەوە.

هۆکارێکی دیکەش کە ئاماژەن بۆ مەحاڵییەکانی بەردەم سوننە ئەو زنجیرە لەناوبردن و شکاندنەیە کە گومانی تێدا نییە بە پرۆژە و بەرنامەی تایبەت ڕووبەڕووی سەرکردایەتی و کارەکتەرە سیاسییەکانیان دەبێتەوە، لە تاریق هاشمیەوە بۆ محەمەد حەلبووسی یەك ئاماژەن کە نابێت لە عێراقی شیعەدا سەرکردایەتیکردنی سوننە ئەگەر لاوازیش بێت، ئەوا نابێت بەردەوام بێت، بەڵکو دەبێت بشکێندرێت و ڕۆڵ ببەخشرێتە کەسی دیکە، کە ئەمەش دروستکردنی دووبەرەکییەکی زۆر ئامانجدارە و ناو ماڵی سوننە بە ڕاددەیەك دابەش دەکات بە ئاستێکی لاوازەوە بەرانبەر بە شیعە بمێننەوە، یان لە پێناو گەیشتنی کەسێك، یا حزبێك بە پێگەیەکی حوکمڕانی درێژە بەو هونەری پەراوێزخستن و سڕینەوەی ناو سوننە بە دەستی سووننە بدەن.

یەکێکی دیکە لە هۆکارە هەرە دیارەکانی مەحاڵەکانی بەردەم سوننە بۆ گەیشتن بە لوتکەی هەژموونداری حوکمڕانی لە عێراق پەیوەندی بە دۆخی ناوچەیی و جیهانی هەیە، کە ڕوونە وڵاتانی عەرەبی لە بەرانبەر پێشێلکاری و وێرانبوونی ناوچەکانی سوننە و ڕووداو و پێشهاتە سیاسییەکان بێ هەڵوێست و بێ پشتیوانن و تەماشاکەرن و زیاتر بایەخیان بۆ دۆخی ناوخۆیی و پەیوەندییە گشتییەکانی خۆیان هەیە، نەك پاراستنی هاومەزهەبییەکەی خۆیان لە عێراق کە سەردەمانێك عێراق قەڵغانی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەوان بووە. ئەوەش بوەستێنت ئێران وەك زلهێزێکی ناوچەیی و خاوەنداری ژمارە (یەك)ی عێراق بەردەوام لە یاریکردنی بە دوورخستنەوە و پەراوێزخستنی پێکهاتەی سوننەی عێراقی یاریکەرێکی بەهێزە و خاوەن ڕۆئیایەکی ڕوونە.


نامۆترین وێنە لە بیرکردنەوەی خەڵکی عێراقدا، هۆکاری نێودەوڵەتییە، کە چۆن بووەتە پارێزەرێکی سەرسەختی بەرژەوەندییەکانی شیعە و پارێزگاری لە مانەوەی و بەهێزکردنی پێگەی ئەم پێکهاتە مەزهەبیە لە عێراق دەکات، ئەمریکا و وڵاتانی هاوڕای ئەو و بەتایبەتی ئەورووپاش زیاتر لە ٢٠ ساڵە لەسەر پشتگوێخستنی خواست و بەرکەوتە سیاسی و مەزهەبی و نەتەوەییەکانی سوننە و کورد و پێکهاتەکانی دیکە پشتیوانی لە دەسەڵاتداریتی شیعە دەکەن.

لە ڕوانگە و دیدی مێژوویی و ڕووداوە سیاسییەکانی ٢٠ ساڵی عێراق هاوڕایی زۆر هەن لەسەر ئەوەی کە عەرەبی سوننە عێراق مەحاڵە جارێکی دیکە بتوانن ڕکابەریی ئەم نوخبە نوێیەی شیعە بکەن، کە عێراق ئیدارە دەدەن.

**ئێران وەک زلهێزێکی ناوچەیی و خاوەنداری ژمارە (یەک)ی عێراق بەردەوام لە یاریکردنی بە دوورخستنەوە و پەراوێزخستنی پێکهاتەی سوننەی عێراقی یاریکەرێکی بەهێزە**

**ئەمریکا و وڵاتانی هاوڕای ئەو و بەتایبەتی ئەورووپاش زیاتر لە ٢٠ ساڵە لەسەر پشتگوێخستنی خواست و بەرکەوتە سیاسی و مەزهەبی و نەتەوەییەکانی سوننە و کورد و پێکهاتەکانی دیکە پشتیوانی لە دەسەڵاتداریتی شیعە دەکەن**

# خانمانی کەرکووک گەڕانەوەی پارتی بۆ شارەکەیان بە دەستکەوتێکی مەزن دەزانن



به درێژایی مێژوو پرسی کەرکووك یەکێك بووە لە پرسە هەرە گرنگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق و بەتایبەت گەلی کورد. بەپێی ڕووداوەکانی ئەم دواییەی کەرکووك دەرکەوتووە کە سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان و بەتایبەت پارتی دیموکراتی کوردستان، هەمیشە هەوڵ بۆ چارەسەرکردنی ڕیشەیی پرسی کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم دەدات، ئەم ڕاستییەش لە هەڵوێست و پێداگرییەکانی پارتی و سازشنەکردنی لە مافە دەستوورییەکانی کوردستان و سازشنەکردنی لە کوردستانیبوونی کەرکووك بەرجەستەیە، ئەمڕۆش دوای زیاتر لە شەش ساڵ هێزی پارتی دیموکراتی کوردستان گەڕایەوە بۆ کەرکووك. لەم ڕوانگەیەوە خانمانی کەرکووك لەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان، بۆچوونی تایبەتیان بۆ گەڕانەوەی پارتی بۆ دڵی کوردستان دەخەنە ڕوو.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



زەینەب ڕزگار کارگێڕی لقی قوتابیانی کەرکووك، سەرەتا باسی گەڕانەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ کەرکووك، بە «دووبارە ژیانەوەی کەرکووك» لە قەڵەم دەدات و هاوکات دەڵێت: «وەك ئاشکرایە لە ٢٦/١١/٢٠٢٣ پارتی خۆنەچەمێنەکانی سەربەرزان و شکۆدارەکانیان بە ئاڵای پیرۆزی کوردستانەوە بۆ شاری کەرکووکی دڵی کوردستان دەربڕی، بۆیە لەلایەن خەڵکی بەشەرەف و سەربەرزی کەرکووکەوە پێشوازییەکی گەرمیان لێ کرا، چونکە خەڵکی کەرکووك دەزانن، تەنیا پارتی خەمخۆری ڕاستەقینەیە و وەك لە زاری خۆیانەوە دەڵێن: کورد بۆ شارەکە گەڕایەوە».

زەینەب ڕزگار جەخت لەوە دەکاتەوە کە «لە ماوەی شەش ساڵی ڕابردوو لای هەمووان ئاشکرا بووە، کە خەڵکی ڕەسەنی کەرکووك واتا کوردی کەرکووك زۆرترین تەعریب و ناهەقی و دژواری و ئاستەنگ دروستکردنی لەلایەن عەرەبی شۆڤێنیی هاوردەکراو بینی، لەلایەن پارێزگارێکی سەپێندراو کە ناسنامەی دیار نەبوو، کێیە و چییە، هەر لە دروستکردنی بازگە و شەڕفرۆشتن بە گەنجەکانمان و ئازاردانیان بە ناحەق و ئازاردانی ڕۆحی هەر تاکێکی کورد بە سووکایەتیکردن بە موقەدەساتەکانمان و خواردنی مافی جووتیاران و داگیرکردنی زەوی و زاریان و هەوڵدان بۆ سڕینەوەی خوێندن بە زمانی شیرینی کوردی بە یەکجاری، ئەوەشی مافی گەنجەکانمان بووە بۆ دامەزراندن، لێمان زەوت کراوە».

زەینەب ڕزگار، پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە «پارتی دیموکراتی کوردستان بە بەرنامە و کاری تۆکمەوە دووبارە گەڕایەوە بۆ کەرکووك بۆ کۆتاییهێنان بە ژێردەستەیی و تەعریب و ناهەقییەکان کە بەرانبەر بە کورد دەکرێت». هاوکات دەڵێت: «هیچ کەس ناتوانێت دووبارە ڕێگە لە ئازادیی هەر تاکێکی کورد بگرێت، ئەوەی مافی خۆمانە وەردەگیرێتەوە و هەر خاوەن مافێك، مافی خۆی پێ دەدرێتەوە، لە هەر چین و توێژێك و هەر دامودەزگایەك کە پشکی کورد بووە و مافی خۆمان بووە و لێمان زەوت کراوە».

ئەو کارگێڕەی لقی قوتابیانی کەرکووك، گوتیشی: «بە دڵنیاییەوە دووبارە بە هاتنەوەی پارتی کۆتایی بەم عەسکەرتاریەتە و دەسەڵاتی هیتلەرییانە دەهێندرێت و، بە هەمووانەوە دەڵێین: وەك سەرۆك بارزانی فەرمووی ناسنامەی کەرکووك قسەی لەسەر ناکرێت و کەرکووك شارێکی کوردستانییە.

پەیمان تەها ئەندامی سکرتاریەتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «بەداخەوە لە غیابی هێزی پارتی دیموکراتی کوردستان، بارودۆخی ئێستای کەرکووك و ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، توندوتیژی و ناسەقامگیری تێیدا زاڵە، ئەمەش بووەتە بە ڕێگەخۆشکەر بۆ ئاڵۆزکردنی زیاتری دۆخەکە و ململانێی لایەنە سیاسی و پێکهاتە جیاجیاکانی ناوچەکە لەلایەن گرووپە تیرۆریستییەکانەوە. بێگومان سەرکەوتنی پارتی و گەڕانەوەی بۆ کەرکووك، نەك هەر سەنگ و پێگەی کەرکووکییەکان بەهێز دەکات، بەڵکو خەونی نەیارانی کەرکووك و کەرکووکییەکان دەخاتە ژێر گڵ، کە چەندین ساڵە هەوڵی سڕینەوەی مۆرکی کوردستانیبوون و پێکەوەژیان و دروستکردنی پەرتەوازەیی دەدەن .» گوتیشی: «لە ماوەی ڕابردوودا کەرکووکییەکان هەر هەموومان شاهیدی ئەوە بووین، کە ڕووداوەکانی دوای خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر چەندە بۆ هەموو پێکهاتەکان کە لە کەرکووك بیزارکەر بوون، بۆیە ئەوە ڕوونە کە گەرانەوەی پارتی، واتە بوونی ئاڵای کوردستان و سەقامگیری و ئارامیی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە سنوورەکە و هەروەها دەرفەتێکی باشە بۆ دەستپێکردنەوەی خزمەتگوزارییەکان بۆ خەڵك بەگشتی و ڕزگاربوونی کورد لە تەعریبکردن و ڕاگواستنیان بەتایبەتی».

هەرێز جەبار کەرکووکی، بەرپرسی ئافرەتانی کەرکووك، ڕای وایە: «مێژوو ئەوەی نووسیوەتەوە کە پارتی هێزێکە هەرگیز ڕێگە بەخۆسەپاندن نادات و لەبەر هیچ هێز و زوڵمێك خۆی ناچەمێنێت». هاوکات دەڵێت: «نزیکەی حەوت ساڵە کەرکووك شارێکی بێناز بووە و، هەر چۆنێك ویستبێتیان ئاوا لەم شارە کوردستانییەدا ئازاری کوردیان داوە، بەڵام بە گەڕانەوەی پارتی بۆ کەرکووك نەیارانی کورد چیتر ناتوانن بە ئارەزووی خۆیان چۆنیان بوێت، ئاوا خواستەکانیان دروێنە بکەن، بێگومان گەڕانەوەی پارتی بووەتە هێز و ورەیەك بۆ کوردانی کەرکووك و لایەنە کوردییەکانی دیکەش، دەستکەوتەکانی گەڕانەوەی پارتی زۆرن، یەك لەوانە باڵانسی هێزی سیاسیی کورد بەرانبەر بە نەتەوەکانی دیکە لە کەرکووك لاسەنگ بوو، بە گەڕانەوەی پارتی ئەو



زەینەب ڕزگار:

**پارتی دیموکراتی کوردستان بە بەرنامە و کاری تۆکمەوە دووبارە گەڕایەوە بۆ کەرکووک بۆ کۆتاییهێنان بە ژێردەستەیی و تەعریب و ناهەقییەکان کە بەرانبەر بە کورد دەکرێت**



پەیمان تەها:

**سەرکەوتنی پارتی و گەڕانەوەی بۆ کەرکووک، نەک هەر سەنگ و پێگەی کەرکووکییەکان بەهێز دەکات، بەڵکو خەونی نەیارانی کەرکووک و کەرکووکییەکان دەخاتە ژێر گڵ**

لاسەنگییە ڕاست بووەتەوە، چونکە پارتی خاوەنی بڕیاری سیاسی و خاوەنی مەبدەئێکی کوردایەتیی بەهێزە و جەماوەرێکی بەهێزی کوردپەروەری هەیە، لە ناوەندەکانی بڕیاری لە عێراقدا ڕۆڵ و پێگەی پارتی زۆر بەهێزتر دەبێت. بڕوام وایە بە گەڕانەوەی پارتی کێشەی زەویی جووتیاران چارەسەر بکرێت و پارتی ڕێگری لەو تەعریبە نوێیە دەکات، ماددەی ١٤٠دەستووری عێراق بەرەو پێش دەبات و بە عەسکەرتارێتی کەرکووك کۆتایی دێت».
گوتیشی: «بڕوام وایە پارتی دووبارە بەڕێوەبەری دامودەزگا خزمەتگوزارییەکان و پۆلیس و لایەنی ئەمنی دادەڕێژرێت و پشکی کورد زیاتر دەبێت، بەم جۆرەش ئەو سیاسەتە چەوت و خۆسەپاندنەی پارێزگاری خۆسەپێنی کەرکووك کۆتایی دێت، چونکە لە ڕابردوودا پارتی سازشی لەسەر هیچ مافێکی نەتەوەی کورد لەم شارە نەکردووە، بۆیە بە گەشبینییەوە دەڕوانینە گەڕانەوەی پارتی و ئایندەی کەرکووك».

هەر سەبارەت بە پرسی گەڕانەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ کەرکووك، ئەسرین عاسی شوانی چالاکی مەدەنی لە دەستپێکی قسەکانیدا هێما بۆ ئەوە دەکات: «پارێزگای کەرکووك و دەوروبەری دوای خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر کەوتە ژێر رکێفی حەشدی شەعبی و سوپای عێراقی فیدڕاڵ، کشانەوەی هێزەکانی پێشمەرگە و ئاسایش و لەدەستدانی دەسەڵاتی هێزە کوردستانییەکانیش لە شارەکەدا وای کردووە جگە لە دووبارەکردنەوەی تەعریب و هاوردەکردنی عەرەب بۆ شارەکە، نیگەرانی زۆریشی لای کەرکووکییەکان بەدوای خۆیدا هێنا».

هاوکات گوتی: «ئەمڕۆش گەڕانەوەی حزبێکی خاوەن ئەزموون و پێگە بۆ کەرکووك، نەك تەنیا دەستکەوتی بۆ کەرکووکییەکان دەبێت، بەڵکو بۆ هەموو کورد دەستکەوتێکی گەورەیە، بە گەڕانەوەی هێزی پارتی بۆ شارەکە کەرکووکییەکان و کوردانی ناوچە کوردستانییەکانی تریش بە ئومێدەوە چاوەڕێی گەڕانەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ناوچەکانیان دەکەن، چونکە بە گەڕانەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ کەرکووك هەزاران خێزانی ئاوارە بە ئازادانە بۆ زێدی خۆیان دەگەڕێنەوە.

بە هۆی حوکمی سەربازی و دۆخی داگیرکاری لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و بەهۆی ئەو نائارامی و بۆشاییە ئەمنییەی کە هەیە، کورد لەبەردەم هەلومەرجێکی قورسدایە، بەڵام دانیشتووانی ڕەسەنی کەرکووك بێگومانن لەوەی بە گەڕانەی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئارامی و ئاسایش و سەقامگیری و خۆشگوزەرانی و سیمای کوردستانیبوون دەگەڕێتەوە بۆ کەرکووك و ناوچەکانی دیکە.»،


ئەو پێیوایە پارتی دەبێت زیاتر و بەرفراوانتر بوون و تەواجودی لە کەرکووك هەبێت و لەمبارەیەوە دەڵێت: «بوونی پارتی ورە و هێز و بڕوا بۆ کەرکووکییەکان دەگەڕێنێتەوە، بەتایبەت بۆ دانیشتووانی ڕەسەنی کەرکووك. هەر وەك بینیمان لە گەڕانەوەی بارەگای لقی سێی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ کەرکووك چ جۆش و خرۆشێك کەوتە شەقامی کەرکووکەوە، خەڵکی بە متمانەوە پێشوازییان لە گەڕانەوەی پارتی بۆ کەرکووك کرد، ئێستاش دەبینین ڕۆژانە چەندین کادر و ئەندام و لایەنگرانی حزبەکان پەیوەندی بە پارتییەوە دەکەن، لەبەر ئەوەی خەڵکی کەرکووك بەو ڕاستییە گەیشتوون کە هەر پارتییە لە خەمی گەورەی خەڵکی کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکان دایە، هەر وەك چۆن لە ڕابردوودا لە گفتوگۆکانیدا مساوەمەی لەسەر کوردستانی بوونی کەرکووك نەدەکرد، بەهەمان نەفەس پارتی لەسەر هەمان بیروباوەڕی سەرۆك مەلا مستەفا بارزانی نەمر کەرکووك بە دڵی کوردستان ئەژمار دەکات، بۆیە گەڕانەوەی پارتی بۆ کەرکووك گەڕانەوەی شکۆی کوردە چونکە کەرکووك بێ پارتی جەستەیەکی نەخۆش و شەکەت و بریندارە، پەیوەندی کردنی جەماوەری کەرکووك و هەوادارانی حزبەکان ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە بوونی پارتی بۆ کەرکووك و گەڕانەوەی شکۆی کەرکووکییەکان چەند گرنگە.»

کەرکووك لە دوای ١٨ ساڵ بەشداری لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان دەکات، کە بڕیارە لە ١٨ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٣ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق بەڕێوەبچێت، لەوەتەی عێراقی فیدڕاڵی دامەزراوە، لە کەرکووك تەنیا یەك جار هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك بەڕێوەچووە، ئەویش لە ساڵی ٢٠٠٥ بوو، کە تێیدا کورد زۆرینەی کورسییەکانی مسۆگەر کرد و، بۆ یەکەم جار بە شێوەیەکی یاسایی ئیدارەی پارێزگاکەی بە دەستەوە گرت.



هەرێز جەبار:

**مێژوو ئەوەی نووسیوەتەوە کە پارتی هێزێکە هەرگیز ڕێگە بەخۆسەپاندن نادات و لەبەر هیچ هێز و زوڵمێک خۆی ناچەمێنێت**



ئەسرین عاسی شوانی:

**بوونی پارتی ورە و هێز و بڕوا بۆ کەرکووکییەکان دەگەڕێنێتەوە، هەر وەک بینیمان بە گەڕانەوەی بارەگای لقی سێی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ کەرکووک چ جۆش و خرۆشێک کەوتە شەقامی کەرکووکەوە**

## لانە ئاوات:

# لە چەندین پیشانگا بەشداریم کردووە و نزیکەی ١٠٠ فێرخوزام هەیە کە لە کۆرسەکانم بەشدارن

لانە ئاوات ساڵح، کچە گەنجێکی دەست و پەنجە زێڕینە و خاوەنی براندی (لان جولەری)یە، ئەو لە ماڵەکەی خۆیدا کاری دەستی دەکات و لە ڕێگەی ئۆنلاینەوە بەرهەمە دەستییەکانی بە بازاڕ دەکات، وەك خۆی باسی دەکات، شانبەشانی کارەکەی کۆڕسی فێرکارییش بۆ فێرخوازان دەکاتەوە، هاوکات کەلوپەل و پێداویستی ئێکسسوارات بە شێوەی کۆ دەفرۆشێت. لە دیدارێکیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان باس لە هەنگاوەکانی کارکردنی بۆ خوێنەران دەکات.

گوڵان: کۆمەڵایەتی







لانە ئاوات ساڵی ١٩٩٧ لە سلێمانی لە دایك بووە، هەر لەو شارەش نیشتەجێیە، وەك خۆی باسی کرد،دەرچووی پەیمانگەی کۆمپیوتەرە لە بەشی (نێتوۆرك)، بەڵام تاوەکو ئێستا هەلی دامەزراندنی بۆ نەڕەخساوە، سەبارەت بە کارە دەستییەکانیشی دەڵێت: «ماوەی چوار ساڵ زیاترە دەستم کردووە بە کاری خۆم لە دوای دەرچوونم لە پەیمانگە، ئەم کارەم هەڵبژارد کە حەز و خولیام بوو، دڵنیاش بووم، دەتوانم زیاتر بەرەو پێش بچم و کاری جیاواز و جوانی تیا بکەم. سەرەتای دەستپێکردنم پەیجێکم بینی لە ئینستاگرام کە خاتوونێك بوو ئەو کارانەی کردبوو، زۆر پێم جوان بوون، وتم منیش بۆ ئەم کارە نەکەم؟ ئیتر چەند شتێکی کەمم کڕی و یەکەم پارچە کە دروستم کرد ئێستاش ماومە زۆر سادە کردبووم. سەرەتا نەمدەزانی چی بکەم، بەڵام گرنگ ئەوە بوو دەستم پێ کرد و وردە وردە بەردەوام بووم و شتی جۆراوجۆرم تاقی دەکردەوە، بە مەکرەمە شتم دەکرد بە قردێلە، بەڵام دواتر زانیم کە لە دروستکردنی ئێکسسواراتدا زۆر باشم و زۆر ئاسان فێر بووم. دوای شەش مانگ پەیجێکم دانا و دەستم کرد بە پۆستکردن، ساڵی ٢٠١٩ بوو، ئەوکات چەند کەسێك بە کەمی هەبوون کە ئێکسسواراتیان دروست دەکرد و لە ڕێگەی سۆشیاڵ میدیاوە دەیانفرۆشت، بەڵام من کەسێك بووم هەر لە سەرەتاوە هەوڵم دەدا، زۆر باشتر و باشتر بم، یەك شتیش کە زۆر منی بردە پێش، ئەوە بوو کە پەلەم لێی نەبوو کە کارەکەم گەورە ببێت، سەبرم هەبوو، جار هەبووە لە یەك مانگ یەك ئۆردەر، یان دووانم هەبووە، بەڵام بە ئیرادەوە هەر وازم نەهێنا و لە هەموو بوارەکانی کار و بزنێس خۆم بەرەو پێش برد. لە بەڕێوەبردنی پەیج خۆم شارەزا کردووە، تاکو ئیشەکەم بچێتە پێشتر بۆ ئەوەی گەورەتر ببێت».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئایا کێ هاوکار و پشتگیرت بوو؟ گوتی: «ماڵەوە زۆر هاوکارم بوون، بە تایبەتی دایك و باوکم. لە بیرمە جارێکیان وتم: واز دەهێنم، باوکم وتی: نا شتی وا نەکەیت، ئەگەر کەمیش بیکەیت، با هەر هەتبێت. بەردەوام هەوڵی کاری دەرەوەشم دەدا لە گەڵیدا، بەڵام یان کاری دەرەوەم بەدڵ نەدەبوو، یان وەرنەدەگیرام. دواتر کارم دەست کەوت لە دەرەوە، ئەو کارەشم دەکرد و ئەم بزنێسەی خۆشم، ڕەسمی ئێکسسواراتەکانم لە شوێنی کارەکەم دەگرت، یان لەوێ دروستم دەکردن، چونکە هەشت کاتژمێر لەوێ دەبووم، بەڵام نەمدەویست دەستبەرداری ئەمەش بم، چونکە خۆشم دەویست.

دوای شەش مانگ لەو شوێنە وتم واز دەهێنم و ئەم کارەی خۆم گەورە دەکەم، ماڵەوە پێیان ناخۆش بوو، وتیان واز مەهێنە، بەڵام خۆم یەکلایی کردبووەوە بۆ ئەم کارەم و وازم لە کارەکەی دیکەم هێنا لە پێناو براندەکەم (لان جولەری)، ئیتر ڕێك وەك ئەوە بوو، کە پلانم بۆ دانابوو، کارەکەم زۆر چووە پێشتر و کۆڕسم دانا کە کەسانی دیکەش فێری ئەم کارە ببن، وای لێهات دوو کۆڕسم دانا، ئێستا نزیکەی ١٠٠ خوێندکارم هەیە و لە کۆرسەکانم بەشدارن و بەژداری چەندان پێشانگا و چالاکیشم کردووە».

لانە ئاوات باسی ئەوە دەکات، کە ئەگەر بە جددی هەوڵبدرێت، ئاکامیشی باش دەبێت. هەر لەو بارەیەوە گوتی: «بزنێسی دووەمم دانا، کە هەر سەر بەم بوارەی خۆمە و بریتییە لەوەی پێویستییەکانی کاری ئێکسسواراری بۆ کەسانی دیکەش دەهێنم، بۆ ئەوەی ئەوانیش سوودی لێ بکەن. سوپاس بۆ خوا ئێستا خاوەنی دوو بزنێسی خۆمم و کارەکانم لە ئێستادا تەنیا ئۆنلاینە، بەڵام حەز دەکەم شوێنێك بکەمەوە کە شوێنێکی زۆر تایبەت بێت، بۆیە تا ئێستا نەمکردووەتەوە. کۆرسەکانم لە تێلێگرامە و لە ئۆنلاینە لەئێستادا، بەڵام حەزیش دەکەم وە لە پلانمدایە کە ڕاستەوخۆ خەڵك فێر بکەم، کۆرسەکانم بە پارەیە و فری نین، چونکە من تا فێربووم کات و پارەم زۆر سەرف کردووە، بەڵام زۆر بە ئاسانتر بۆ کەسانی دیکەم پێشکەش کردووە».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە ئایا کارکردن بۆ ئافرەتان چۆن دەبینی و تا چەند بە پێویستی دەزانیت؟ گوتی: «زۆر بە پێویستی دەزانم. هەم بۆ لایەنی ماددی و تەنانەت لە ڕووەی دەروونییش، چونکە کە بە کارێکەوە سەرقاڵ بیت، دلخۆشتریت و کەمتر بیر دەکەیتەوە زیاتر دەچیتە پێشەوە. من حەز دەکەم هەموو کچان و خانمان کار لەسەر بەدیهێنانی خەونەکانیان بکەن و هەوڵی جددی بۆ بدەن.

**دوای دەرچوونم لە پەیمانگە، ئەم کارەم هەڵبژارد کە حەز و خولیام بوو، دڵنیاش بووم، دەتوانم زیاتر بەرەو پێش بچم و کاری جیاواز و جوانی تیا بکەم**

**یەک شت کە زۆر منی بردە پێش، ئەوە بوو کە پەلەم لێی نەبوو کە کارەکەم گەورە ببێت**

**بە ئیرادەوە هەر وازم نەهێنا و لە هەموو بوارەکانی کار و بزنێس خۆم بەرەو پێش برد**

**پێویستییەکانی کاری ئێکسسواراری بۆ کەسانی دیکەش دەهێنم، بۆ ئەوەی ئەوانیش سوودی لێ بکەن**



# بەلاڕێدابردنی سۆشیال میدیا بۆ بەلاڕێدابردنی خەڵک

دەزگا و دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن بەگشتی لە هەر کوێی دونیادا بن، بۆ وشیارکردنەوە و ئاگادارکردنەوەی خەڵکن، لەوەی کە لە ناوچەکەیان و دەوروبەریاندا دەگوزەرێت، هەروەها پردی گەیاندنی نێوان حکوومەت و خەڵکن، ئەمە جگە لەوەی بەشدارییەکی کارایان لە زیندووهێشتنەوە و پێشخستنی زمان و کلتوور و چالاکییە کۆمەڵایەتی و ژینگەییەکاندا هەیە و، کار و ئامانجی ئەو دامەزراوە میدیاییانە ئەگەر پیشەییانە و بێ لایەنانە و سەرڕاستانە بێت، ئەوا لە خزمەت خەڵك و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و ژینگە و ژیاریدان بەگشتی.

لە دوای ئەو سیستمە (عەولەمە) جیهانگەراییەی لە ڕێی تەکنەلۆجیا و ڕاگەیاندنەوە سەراپای جیهانی گرتەوە و، گۆی زەوی بەو هەموو پانی و بەرینییەوە کرد بە گوندێکی بچووك و، مرۆڤەکانی بە ڕەنگ و زمان و کلتوور و ئایینی جیاجیاوە هەمووی هێنایە تەك یەك و، لەو گوندەدا بەیەکتری ئاشنا کردن، ئەمەش بە دەوری خۆی هەم کرانەوە و سوودی هەبووە و هەمیش زیانی زۆر و کارەساتی گەورە.

**لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی سێ بەگشتی، لەبەر ئەوەی خوێندەواری و ڕۆشنبیری وەک پێویست نین خەڵکەکە هێشتا لە دواوەن**

لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی سێ بەگشتی، لەبەر خوێندەواری و ڕۆشنبیری وەك پێویست نین و خەڵکەکە هێشتا بە دەیان هۆکاری ئابووری و ستراتیژی و جەنگ و داگیرکاری، لە دواوەن و نەیانتوانیوە وەك پێویست و بە درووستی سوود لە میدیا بەگشتی و، لە ناویشیاندا سۆشیال میدیا بەتایبەت ببینن، بۆیە دەبینین لە زۆربەی کۆمەڵگەکانیاندا پاشاگەردانی و نەهامەتی و تاوان و هەرچی خراپ و دژە بە خۆیان و مرۆڤایەتییە، ڕەواجی سەندووە و، سۆشیال میدیا لەو گوندە بچووکە ڕەنگاوڕەنگەی جیهاندا، لەو پێگە بەرز و مەهامە گرنگەیەوە بووە بە زۆنگاوێکی لێڵ و خەڵك بەگشتی و بەتایبەت گەنج و لاوەکانی تا بیناقاقا تیادا خنکاون.

تەکنەلۆجیا بە هەموو ئەو ئامرازە زۆرانەی خۆیەوە، ژیانی بۆ مرۆڤ زۆر ئاسان کردووە، ئەوەی ئاڵۆزی کردووە، ناهۆشیاری و خراپ بەکارهێنانی تەکنەلۆجیاکە و بەتایبەت سۆشیال میدیایە.

لێرە، لەناو سۆشیال میدیا، لەجیاتی ئەوەی خەڵك لە زانیاری و بەرهەم و چالاکی و بزاوتەکانی یەکدی بەهرەمەند بن و، سوود لە توانا و بەهرە و زمان و زانست و هونەری یەکدی وەربگرن و، ڕەخنەی بنیاتنەر لە یەکدی بگرن و یەکدی تەواو بکەن، بەداخەوە هەندێ دەستی دژ بە کۆمەڵگە و بەها بەرزەکانی، نەوەیەکی زمانزبر و هیچ نەزانیان بەرداوەتە ناو ئەو ماڵە ئاوەدان و جەنجاڵە و، هەرچی بیانەوێ و مەبەستیان بێت دەیڕشێننەوە ناو لاپەڕەی ئەکاونت و پەیجەکان، بەتایبەت لە نووسینی کۆمێنتی خۆهەڵتێقورتێنی پڕ سووکایەتی و جنێوبازاڕیدا. ئەمە جگە لەوەی خەڵکێکی زۆری نەزانی هیچ لەباردا نەبوویان کردووە بە شرۆڤەکار و دەمڕاست و قسەکەر و شتزانی هیچ نەزان، کە خۆیان لە هەموو بابەتێکدا هەڵدەقورتێنن، چ ئایینی، یان سیاسی، یان کۆمەڵایەتی، یان هونەری و ئەدەبی و وەرزشی..تد، کە ڕەنگە لە هیچ لە کام لەو بوارانەدا نە زانیاری و نە تەنانەت خولیایەکیشیان بۆی نەبێ و ئامانجەکەیان تەنیا شێواندن و پیسکردنی گۆمەکە بێت.

نووسین، جا لە کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەکان بێت،



فەرهەنگ غەفوور

یان لە سۆشیال میدیا، بەرپرسیارییەکی گەورەیە و ئامانج لێی هۆشیاری و ئاگایی خەڵکە، نەك شێواندنی میزاجی تاك و تێکدانی شیرازەی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی خەڵك، بەڵام دیسانیش دەڵێم بەداخەوە، بەشێکی بە بەرنامە و بەشێکی لە نەزانینەوە، ئەو سۆشیال میدیایە بەو هەموو خراپکارییانەوە بۆ خراپەکاریی زیاتر بەکار دێنن و، خەڵکێکی زۆریش بەتایبەتی گەنجانی کەم ئەزموون و نا هۆشیار، بوونەتە سەربازی بێ کرێی ئەو سوپای ئەهریمەنە و بەربوونەتە ناو ئەو ماڵە ڕەنگاوڕەنگە و تێکیان هەڵشێلاوە. تەنانەت وای لێهاتووە، نووسەر و پێشەنگ و داهێنەران و ئەهلی هونەر و ئەدەب و سیاسەت لەبەر کاردانەوەی خراپ و سووکایەتی و ناوزڕاندن و دەستبردن بۆ تایبەتمەندییە کەسییەکان، سڵ بکەنەوە و بابەت و بەرهەمەکانیان لە سۆشیال میدیا بڵاو نەکەنەوە، بەمەش دووهێندەی دیکە ڕەوشەکە بە قازانجی ئەو گێرەشێوێن و زمانزبر و جنێوبازارِییانە بەرهەڵ دەبێ و مەیدانیان بۆ خۆش دەبێت، کە ماڵە ڕەنگاوڕەنگەکە بکەن بە زۆنگاوێکی پیس و ناشیرن و نابەجێ. لەگەڵ هەموو ئەو هەوڵە پیسانە بۆ پیسکردنی سۆشیال میدیا، بەڵام هێشتا خەڵکێك هەر ماوە، ناوە ناوە بۆ جوانی و ئاشتیی کۆمەڵایەتی و شرۆڤەی موعتەبەر بابەتەکان، چ نووسین بێ یان وەعز و ئامۆژگاری، یان هونەری و داهێنانی زانستی بڵاو ئەکاتەوە و، خەڵکە تامەزرۆییەکەی لێ ئاگادار دەکاتەوە، ئەگەرچی زۆر جار کاردانەوەکان بەرامبەریان نامەنتقی و چەواشەکارانە دەبن و لە کۆمێنت و سەرنجەکاندا زمانی زبریان بەرامبەر بەکار دێنن، هەروەك دەبینین لە ناو گرووپە ئایینییەکاندا، خەڵك خۆبەخۆ بەردەبنە گیانی یەکتر، لە ناو گرووپە کۆمەڵایەتییەکاندا خۆبەخۆ بەرۆکی یەکتر دەگرن و هەرچی بە زاریاندا بێ نایگێڕنەوە، گرووپە هونەری و ڕۆشنبیرییەکان و حزبییەکانیش بە هەمان شێوە، لەجیاتی گفتوگۆی مەنتقییانە و ڕەخنەی بنیاتنەرانە و ئالوگۆڕی و زانیاری و یەکترتەواکردن و جوانکردنی ژیان و پێدانی هۆشیاریی ژینگەیی و ڕۆشنبیریی تەندروستی و بەرچاوخستنی داهێنان و بەرهەمی ئەدەبی و هونەری و گەشەکردنی زمان و پاکراگرتنی ژینگەی سرووشتی و هێشتنەوەی کلتوور و بەها بەرز و جوانەکان، ترازان و ناشیرینکردن و نەهێشتنی ئینتما و خۆشەویستی بۆ نیشتمان و نەتەوە و ڕەمزەکانی لە سۆشیال میدیا پەرە پێ دەدەن.

قسەکردن لەسەر سۆشیال میدیا توێژینەوەی زیاتری کەسانی تایبەت بە بوارەکەی پێویستە، بۆ ئەوەی باشتر پەنجە بخەنە سەر کەموکووڕی و ئاستەنگ و کێماسییەکان و ڕەنگدانەوەیان بۆ سەر کۆمەڵگە و نەوەی دوارِۆژ و ئینجا دەستنیشانکردنی هەنگاوەکانی چارەسەرکردن و وێناکردنەوەی میدیا بەگشتی و سۆشیال میدیا بەتایبەت بە شێوە ئەرێنییەکەی. ئەوەی ئێمە لێرە وەك هونەرمەندێك لە ناو سۆشیال میدیا هەستی پێ دەکەین و دەیبینین، تەنیا دەردەدڵ و چەند سەرنجێکی خێرایە و بە ئومێدی ئەوە دەیخەمە بەرچاو، کە چاوێکی بەرەحمانەی پێدا بخشێنرێتەوە و چارەسەرێکی خێرای بۆ بدۆزرێتەوە.

**قسەکردن لەسەر سۆشیال میدیا توێژینەوەی زیاتری کەسانی تایبەت بە بوارەکەی پێویستە، بۆ ئەوەی باشتر پەنجە بخەنە سەر کەموکووڕی و ئاستەنگ و کێماسییەکان**

## حەوتەمین فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی شانۆی شەقامی کەرکووک:

# هونەر لە ئامێزی شاردا

وێڕای گرفتی دارایی و هەندێک کێشەی تەکنیک، فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی شانۆی شەقام لە شاری کەرکووک، ڕۆژانی ١٩ تا ٢١ی تشرینی دووەم، حەوتەمین خولی خۆی لە نێو شاری کەرکووکدا، هاوکات لەگەڵ کەشی گەرمی ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاری کەرکووکدا، سەرکەوتووانە بەڕێوە چوو. وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وێڕای قەیرانی دارایی، لە ڕووی داراییەوە پشتیوانیی فیستیڤاڵەکەی کرد، بەڵام خەرجیی فیستیڤاڵەکە زیاتری پێویست بوو، بۆیە هەڵسووڕێنەرانی فیستیڤاڵ سپۆنسەری دیکەیان پەیدا کرد، سەرەنجام تەدارەکی بەڕێوە چوونی حەوتەمین خولی فیستیڤاڵەکە، دەستەبەر بوو.

**تاریق کارێزی**







**● نمایش و ڕێڕۆیشتن**

لە هەنگاوێکی ناوازەدا دەسپێکی فیستیڤاڵ لە باخچەی خەیام لە گۆشەی باکووری ڕۆژاوای قەڵای کەرکووکەوە بە ڕێڕۆیشتنی کەرنەڤاڵ و ئاپۆرای هونەری بە مەودای دوو کیلۆمەتر بەڕێوە چوو، گرووپ و هونەرمەندانی بەشداری فیستیڤاڵەکە، بە نمایشەوە لە گۆشەی قەڵای کەرکووکەوە بەرەو ڕۆژهەڵات، بە دامەنی قەڵای دێرینی شار و یادگاری گەلی گووتی، باپیرانی کورد و بە نێو بازاڕی حەسیرەکە و بە شەقامی سلێمانیدا تێپەڕ بوون، بە لای چەپدا گەڕەکی ئیمام قاسم و ئیسکان و بە لای ڕاستدا گەڕەکی بڵاخ و چوارباخیان بڕی تا گەیشتنە سەنتەری ڕۆشنبیریی کەرکووك لە گەڕەکی ئازادی.

بەدەم دوو هەزار مەتر ڕۆیشتنەوە چەند نمایشێکی شانۆی شەقام پێشکەش کران، گرووپی سنە لە دامەنی قەڵا نمایشی (دەهۆڵ و زوڕنا) ی پێشکەش کرد، لە چوارڕیانی نێوان مزگەوتی نایب و سەرەتای گەورە بازاڕی قەڵا، نمایشێکی هاوبەشی گرووپی شانۆ هەوار بە ناوی عیراقەوە و گرووپی شانۆی ڕێگا بە ناوی ئێرانەوە، نمایشی (موسافیرێك لە غەززەوە) پێشکەش کرا. ڕێڕۆیشتنی شانۆکارانی بەشداری فیستیڤاڵ بەردەوام بوو، لە بەردەم قوتابخانەی مامۆستا ڕەشاد نمایشی (بووکەڵە) لە لایەن شانۆکارانی شاری قروەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە پێشکەش کرا. دواتر لە بازاڕی حەسیرەکە گرووپی هەڵپەڕکێی ئەستێرەکان نمایشێکی هەڵپەڕکێی کوردییان پێشکەش کرد. پاشان ڕێڕەوی شانۆکاران بە دەم مۆسیقای گرووپی سەربازییەوە، بە نێو تونێڵەکەی تەنیشت نەخۆشخانەی ئازادی تێپەڕ بوون، ڕێڕۆیشتن بەردەوام بوو تا گەیشتە سەنتەری ڕۆشنبیریی کەرکووك، کە گەورەترین و ڕازاوەترین ناوەندی کولتوور و هونەرە لە شاری کەرکووکدا. بە درێژایی دوو کیلۆمەتر ڕێڕۆیشتنی شانۆکاران و کۆمەڵێك نمایش شانۆ و هەڵپەڕکێ و بووکەڵە، کە نزیکەی سێ کاژێری خایاند، شەقامی سلێمانی لە ناوەندی شاری کەرکووك خرۆشا و جەماوەرێکی زۆر تەماشای ئاپۆرای شانۆکاران و نمایشەکانیان کرد. بەم جۆرە هەر لە دەسپێکەوە فیستیڤاڵی شانۆی شەقام لە کەرکووك بە گەرم و گوڕییەوە پەیامی خۆی گەیاند، هونەری بردە بەر دیدە و نێو حەشاماتی جەماوەر.

لەگەڵ گەیشتنی کاروانی شانۆکاران بە سەنتەری ڕۆشنبیری، کاژێر (٥)ی ئێوارە ڕێورەسمی ئاهەنگی دەست پێ کردنی فیستیڤاڵ لە گەورە هۆڵی ڕۆشنبیریی کەرکووکدا بەڕێوە چوو، تێیدا چەندین وتار پێشکەش کران، لە نێویاندا وتاری هەردوو وەزیری ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزیری ڕۆشنبیری و شوێنەوار و گەشتیاریی عیراق، هەردوو وتاری بەڕێوەبەری فیستیڤاڵ و سەرۆکی فیستیڤاڵیش پێشکەش کران.

هەر لە گەورە هۆڵی سەنتەر لیژنەی دادوەری حەوتەمین فیستیڤاڵی شانۆی شەقام ناسێندرا، پاشان بە هەڵپەڕکێیەکی تیپی هەڵپەڕکێی هونەری میللیی کەرکووك کۆتایی بە ئاهەنگی دەست پێ کردنی فیستیڤاڵ هات، بەدەم ئەوەوە لە باخچەی گەورە و کراوەی سەنتەردا، سێ نمایشی شانۆیی لە نێو ئاپۆرایەکی زۆری خەڵکدا، پێشکەش کران.











● **شار نقومی شانۆ بوو**

حەوتەمین فیستیڤاڵی شانۆی شەقام لە کەرکووک ٢٤ نمایشی لە چەندین وڵات لە بەشی پێشبڕکێ گرتە خۆ، زۆرترین نمایشی شەقامیش لە دووەمین ڕۆژی فیستیڤاڵدا بوو، کە لە چوار شوێنی جیاجیای شاردا، دووانیان لە بەری ڕۆژهەڵاتی شار (باخچەی خەیام لە گۆشەی باکووری ڕۆژاوای قەڵا) و (باخچەی بەردەم نەخۆشخانەی ئازادی)، دووی دیکەشیان لە بەری ڕۆژاوای شار (بازاڕی بۆلیڤارد لە ڕێی بەغدا) و (مۆڵ ئۆف کەرکووک نزیک بە تەلاری کۆنی پارێزگا) پێشکەش کران، واتە نمایش لە چەند شەقامێکی سەرەکیی شار و نێو گەورە بازاڕەکانی شاردا پێشکەش بە خەڵک کران. نمایشەکانی دووەمین ڕۆژی فیستیڤاڵ لە کاژێر ١٠ی بەیانییەوە دەستیان پێ کرد و لە ٨ی ئێوارە کۆتاییان هات. ئەو ڕۆژە زێڕین ڕۆژی شانۆ بوو لە نێو شاردا.

● **سێیەمین ڕۆژی فیستیڤاڵ**

چالاکییەکانی سێیەمین و دوایین ڕۆژی فیستیڤاڵ (٢١ی تشرینی دووەم) سەرووی ١٠ کاژێریان خایاند، بریتی بوون لە کۆمەڵێك چالاکیی هەمەجۆر. دانی بەیانی چەند نمایشێك لە زانکۆی کیتاب لە شاری پردێ (٤٠ کیلۆمەتر لە باکووری کەرکووک) پێشکەش کران، نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ زانکۆی کیتاب ڕێزنامە ئاهەنگێکی بۆ کۆمەڵێك هونەرمەند ڕێك خست. ئێوارەی هەمان ڕۆژیش لە سەنتەری ڕۆشنبیریی کەرکووک دوو چالاکی (ناساندن و واژۆ کردنی سێ کتێبی شانۆ کە لە لایەن فیستیڤاڵەوە چاپ کرا بوون و بە دیاری پێشکەش بە میوانان کران) و (مێزگردێکی شانۆیی کە شانۆکارانی کورد «ڕۆژهەڵات و باشوور» و عەرەب و فارس تێیدا بەشدار بوون) پێشکەش کران. دوایین بڕگەی فیستیڤاڵیش ڕێوڕەسمی کۆتایی هاتنی فیستیڤاڵ بوو، کە تێیدا چەند وتەیەك پێشکەش کران، هاوکات خەڵاتەکانی فیستیڤاڵیش ڕاگەیاندران.

● **کێ خەڵاتی بردەوە**

جێی باسە کە ئەکادیمیست و گەورە شانۆکاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان د. قوتبەدین سادقی مامۆستای زانکۆی تاران، سەرۆکی لیژنەی دادوەری فیستیڤاڵ بوو، لەگەڵ هەر یەك لە شارەزایانی شانۆ (د. هەیسەم عەبدولڕەزاق، هێرۆ سەباح، کاردۆ محەمەد، قەدری عوسمان) وەك ئەندامانی لیژنەی دادوەر، خەڵاتەکانی فیستیڤاڵیان بەم جۆرەی دادێت ڕاگەیاند:

خەڵاتی باشترین ئەکتەری ئافرەت بە هاوبەشی بە (نادیە ئیلاهی و نازیلی ئەمینی) بەخشرا، خەڵاتی باشترین ئەکتەری کوڕ (دارا عیزەدین) لە نمایشی (هەززەی نیشتیمانی) بردییەوە، خەڵاتی باشترین بیرۆکە بە (لوقمان عومەر) لە شانۆیی (هەززەی نیشتیمانی) درا، خەڵاتی باشترین دەرهێنان بە هاوبەشی بە (هوشیار قەوامی و فەرەیدوون ئەحمەدی) لە نمایشی (جێژوان) بەخشرا، خەڵاتی باشترین بەرهەمی تەواوکاری فیستیڤاڵ، شانۆیی (جێژوان) بردییەوە، لیژنەی دادوەریش خەڵاتی خۆی بە شانۆیی (سەما) بەخشی.

هەر لە حەوتەمین فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی کەرکووک بۆ شانۆی شەقامدا، خەڵاتەکانی بەشی منداڵان بەم جۆرە دابەش کران، باشترین نمایشی منداڵان پلەی دووەم، کەرکووک بە شانۆیی (ئۆلیڤەری چڵمن) و باشترین نمایشی منداڵان پلەی یەکەم، هەڵەبجە بە شانۆیی (ئەفسوونەکەی کاتی و کالی) بردیانەوە. هەروەها خەڵاتەکانی بەشی زانکۆکان بەم جۆرە دابەش کران، باشترین نمایشی زانکۆکان پلەی دووەم بە شانۆیی (تەپەگوز) و باشترین نمایشی زانکۆکان پلەی یەکەم بە شانۆیی (زەنگ) بەخشران.

هەر لە چوارچێوەی چالاکییەکانی فیستیڤاڵدا، فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی شانۆی سورەی تاران نمایشێکی شانۆیی وەرگرت بە ناونیشانی (موسافیرێك لە غەززەوە)، فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی شانۆی مەریوانیش دوو نمایشی شانۆیی وەرگرت، (زەنگ) لە هەولێرەوە، (هەززەی نیشتیمانی) لە کەرکووکەوە.

لە ڕۆژانی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی شانۆی شەقامی کەرکووکدا، هونەر و شار ئاوێزانی یەك بوون.



### عەبیر سەبری:

# هاوسەرەکەم لە زۆر شتدا ئامۆژگاریم دەکات

لە میانەی چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەنووسیدا، خانمە هونەرمەند عەبیر سەبری باسی لە چەند لایەنێکی تایبەت بە کارە هونەرییەکانی کرد.

سەرەتا دەربارەی دیمەنی سەرنجڕاکێش گوتی: «لەم ڕووەوە زۆر شت دەربارەی من گوتراوە، بەڵام ناتوانم کەس تاوانبار بکەم لەسەر بیرۆکەکانی، پێش هاوسەرگیری، دژی دیمەنی وروژێنەر بووم بە هەموو شێوەیەك، زۆر ڕۆڵ هەبووە، کە ڕەتم کردووەتەوە لەبەر ئەم بابەتە».

عەبیر هەروەها گوتی: «هونەر قەدەغە نییە، بەڵکو جوانی و خەیاڵ و داهێنانە، بۆ من درووست نییە باسی ئەوە بکەم کە ئایا لە ڕووی ئایینییەوە هونەر حەرامە یان ڕێگە پێدراوە، هەموو مرۆڤێك لە پیشەکەیدا ڕووبەڕووی ئەوە دەبێتەوە، ڕێگەپێدراو و حەرام ئەو ڕۆڵەیە کە کەسەکە هەڵیدەبژێرێت».

لە بەشێکی دیکەی چاوپێکەوتنەکەدا عەبیر باسی لە ئیرەیی پێبردن کرد و گوتی: «ئەگەر کەسانێك هەبن ئیرەییشم پێ ببەن، کاردانەوەیەکی توندم نابێت بەرامبەریان و بە هیچ جۆرێك بیر لەوە ناکەمەوە بچمت لای فاڵگرەوە و جادووگەران، هەرچەندە دڵنیام کەسانێك هەن بەچاوی خراپ سەیرم دەکەن و ئیرەییم پێ دەبەن، دڵنیام جادووشم لێ دەکەن، بۆ ئەوەی لە کارەکانمدا پەکم بخەن، چونکە جادوو و ئیرەیی لە قورئانی پیرۆزدا باس کراوە، ئەگەر ڕۆژێك لە ڕۆژان چاو و زاریش لێی دام، ڕوو لە خودا دەکەم بۆ ئەوەی ئەم ئیرەیی و کردەوانە کاریگەرییان لەسەرم نەبێت، چونکە خودای گەورە مرۆڤەکان لە کردەوە زیانبەخشەکان دەپارێزێت».

سەبارەت بە دراما تورکییەکانیش پێچەوانەی زۆربەی ئەکتەرەکانی دیکە، عەبیر دەڵێت: «من بە هیچ شێوەیەك دژیان نیم، بەڵام پاڵپشتی هەڵبژاردنی ئەو بەرهەمە گرنگانە دەکەم کە لە ڕووی ڕۆشنبیری و فۆتۆگرافی و بەهاوە سوودی لێ ببینین، لە هەمان کاتدا ناکرێ پەنا بۆ ژمارەیەکی زۆر زنجیرەی تورکی ببرێت، تەنیا لەبەر ئەوەی هەرزانن و بۆشاییەك لە بەرهەمە میسرییەکان پڕ دەکەنەوە».

عەبیر باسی لە هاوکاریی هاوسەرەکەی کرد و گوتی: «هاوسەرەکەم بەشداریم دەکات لە زۆر شت، بەڵام بۆچوونەکی زیاتر ئامۆژگارییە، پێم خۆشە گوێ لە ئامۆژگارییەکانی بگرم، بەڵام بە هیچ شێوەیەك دەستوەردان لە هەڵبژاردنەکانمدا ناکات، چونکە زۆر باش دەزانێت من کارێك پێشکەش ناکەم پێی خۆش نەبێت، دەزانێت کە من هەمیشە ڕۆڵی ڕووکەش و ناجدی ڕەت دەکەمەوە، چونکە ئەو حەزی لێ نییە».

عەبیر لە کۆتاییدا گوتی: «من هاندەری تەقلید نیم و حەزم لەوە نییە لاسایی کەس بکەمەوە، ئەگەر ئەو کەسە لە هەر ئاستێکیشدا بێت، چونکە قەناعەتی تەواوم هەیە ئەوەی بۆ من گونجاوە، بۆ ئەوانی دیکە ناگونجێت».

**سەرچاوە: الشرق الاسط**



لۆزان فایەق

یاریزانی فوتساڵی یانەی وەرزشیی شهرەبان:

# گەیشتن بە هەڵبژاردەی عێراق یەکێکە لە ئامانجەکانم و هەموو هەوڵێکی بۆ دەدەم

یانەکانی سنووری پارێزگای سلێمانی گرنگیی زۆر بە یارییە جۆراوجۆرەکانی وەرزشیی ئافرەتان دەدەن، یانەی وەرزشیی دوکان یەکێك لەو یانانەی کە گرینگی زۆر بە یاری تۆپی پێی دەدات لە خولەکانی کوردستان، لە قەزای دوکانیش گرینگی زۆر بە وەرزشی ئافرەتان دەدرێت لە پاڵ ئاستی کوڕان، چەندین کچە یاریزانی بەتوانا هەیە لە یارییە جۆراوجۆرەکاندا، کچە یاریزانانی ئەم دەڤەرە دەیانەوێت لە ڕێگەی وەرزشەوە زیاتر ئاستی خۆیان بەرەو پێش ببەن، لە یاریی فوتساڵیشدا شارەکە خاوەنی ژمارەیەك یاریزانی ئاست بەرزە، کە ئێستا بۆ یانەکانی دەرەوەی شارەکەیان یاری دەکەن و خاوەن ئاستێکی بەرزن، جگە لەوەی یاریزانی شارەکەیانن، یەکێك لەم کچە یاریزانانەش کە خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە لە سەر ئاستی کوردستان و عێراق، ئەویش (لۆزان فایەق)ـە، کە وەکو یاریزان یاری بۆ یانەکانی ئەفرۆدێت و دوکان و حدوود و بیلادی و سەناعەی کارەبا یاریی کردووە، ئێستاش لە خولی عێراقی یاری بۆ یانەی شهرەبان دەکات، لۆزان لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٩ قەزای دوکانە و ئێستاش لە خولی نایابی فوتساڵی کوردستان یاری بۆ یانەی دوکان دەکات، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان لێ کرد سەبارەت بەم وەرزشە، ئەویش وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی

*** بۆچی یاریی تۆپی پێت هەڵبژارد؟**

- لەبەر ئەوەی هەر لە منداڵییەوە حەز و خولیایەکی زۆرم هەبووە بۆ تۆپی پێ، وە یەکێك بووە لە خەونەکانم کە ببمە یەکێك لە یاریزانە دیار و باشەکانی کوردستان و عێراق.

*** هەست ناکەی وەرزشێکی قورست هەڵبژاردوە کە زیاتر کێبڕکییە؟**

- ڕاستە یاریی تۆپی پێی وەرزشێکی پڕاوپڕ لە کێبڕکێ و سەرکێشییە، ئەمەش وای کردووە کە بەچێژتر بێت و جوانتر بێت، بە بۆچوونی من قورسیی ئەم وەرزشە دەکەوێتە سەر هەوڵ و ماندووبوونی خۆت و بوونی ڕاهێنەرێکی بە ئەزموون و ئەکادیمی، منیش بێبەش نەبووم لە هەوڵ و تێکۆشان.

*** بۆچی یاریی تۆپی پێ لە ئاستی پێویستدا نییە؟**

- لەبەر نەبوونی یاریگەی تایبەت بە فوتساڵ، هەروەها خراپیی باری دارایی یانەکان، و پشتگیری نەکردنی کچان لەلایەن خانەوادەکانیان.

*** هەست ناکەی ئەم وەرزشە بە شێوەیەکی باش پێشوازیی لێ نەکراوە لە شارەکان، بە تایبەت بۆ کچان؟**

- لە ئێستادا تا ڕادەیەکی باش پێشوازی لێ کراوە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ یانەکان ڕوو لە زیادبوون دەکەن، یاریزانانی کچیش زیاتر دەبن لە چاو پێشتر و زیاتر دەناسرێن.

*** ئاستی یاریی فوتساڵ چۆن دەبینی لە کوردستان؟**

- لە ئاستێکی باشدایە، هەروەها ڕاهێنەر و یاریزانی زۆر باشمان هەیە لە کوردستان کە بەدەر لە کوردستان بەشداری خولە جیاجیاکانی عێراقیش دەکەن.

*** چی بکرێت باشە بۆ هێنانە پێشەوەی ئافرەتی وەرزشکار بۆ نێو ئەم یارییە؟**

- زیاتر گرنگی بدرێت بە تواناکانیان و دەرفەتیان پێ بدرێت و پشتگیری بکرێن.

*** بەرنامەت چییە وەکو کچە یاریزانێك بۆ داهاتوو؟**

- ئامانجم ئەوەیە کە زیاتر گرنگی بە ژیانی وەرزشیم بدەم و خولیا و ئامانجەکانم بەدی بهێنم لەم بوارەدا.

*** لە دوو خولدا یاری دەکەیت، کوردستان و عێراق، کامەی بەهێزترە؟**

- هەردوو خولەکە خاوەن قورسایی خۆیانن و پڕن لە ڕکابەڕی و چێژ.

***خەونی وەرزشیت چییە؟**

-خەونەکانی من وەکو کچە یاریزانێك زۆرن، یەکێك لەوانە گەیشتنە بە هەڵبژاردەی عێراق.

***گرفتی ئەم یارییە زیاتر لە چیدا دەبینیت؟**

- ئێمە کچی زۆر بەتوانامان هەیە زۆربەی کات پێکهاتەی هەڵبژاردەی کچانی عێراق کچانی کوردستانن ئەمەشە ئەوە دەسەلمێنێ کە کچی بەتوانامان هەیە ئەگەر پاڵپشتییان هەبێت، وە گەورەترین گرفت نەبوونی پاڵپشتی ماددییە، ئەگەر بێتو هاوکاریی ماددی یانەکانی کچات بکرێت ئەوا وەرزشی کچان زۆر لە ئێستا بەرەو پێشتر دەچێ.

*** جگە لە یانەی شەهرەبان گرێبەستی دیکەت هەبوو؟**

- گرێبەست هەبووە، بەڵام من شەهرەبانم هەڵبژارد.

*** هەوڵت نەداوە بۆ گەیشتن بە هەڵبژاردەی عێراق؟**

- گەیشتن بە هەڵبژاردەی عێراق یەکێکە لە ئامانجەکانم و هەموو هەوڵێکی بۆ دەدەم.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ ئەو هەموو خزمەتە بەردەوامەی بۆ وەرزشی ناوخۆ ئەنجامی دەدات.





# میسی

# باشترینی ساڵی (٢٠٢٣)یە

ڕۆژنامەی تایمزی ئەمریکی ساڵانە باشترین ١٠٠ وەرزشوان دەستنیشان دەکات، ئەمساڵیش هاوشێوەی ساڵانی دیکە، ئەم ڕاپرسیەی ئەنجامدا و لە کۆتاییدا لیونێل مێسی ئەستێرەی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین و یانەی ئەنتەر مەیامی ئەمریکا توانی خەڵاتی باشترین وەرزشوانی ساڵی ٢٠٢٣ بەدەستبهێنێت.

مێسی ساڵی ڕابردوو لەگەڵ هەڵبژاردەی وڵاتەکەی توانی نازناوی جامی جیهانی ٢٠٢٢ بباتەوە، هەروەها ئەمساڵیش توانی بۆ جاری هەشتەم لە مێژوودا خەڵاتی باڵۆن دۆر بباتەوە.

پێشتر زۆر وەرزشوان ئەم خەڵاتەی بەدەستهێناوە، بەڵام لیونێل مێسی دەبێتە یەکەمین یاریزانی تۆپی پێی ئەم خەڵاتە دەباتەوە، ئەمەش لە کاتێکدایە مێسی لە کاروانی وەرزشی خۆی ٣٨ خەڵاتی تاکەکەسی بردووە، لە نێویاندا ٨ خەڵاتی تۆپی زێڕینی بەدەستهێناوە و ٧ جاریش لە لایەن فیفا وەکو باشترین یاریزانی جیهان دەستنیشان کراوە.



# ڕیال مەدرید هەوڵ دەدات ئەستێرەیەکی بگەڕێنێتەوە

هەواڵەکان باس لەسەر ئەگەری گەڕانەوەی تاکیفوسا کوبۆی یاریزانی ژاپۆنی بۆ ڕیزەکانی ڕیال مەدرید بڵاوبۆتەوە و بە لەبەر چاوگرتنی ئەو ئاستە نایابەی، کە یاریزانە ژاپۆنییەکە لە قۆناخەکانی سەرەتای ئەم وەرزەدا لەگەڵ ڕیال سۆسیداد پێشکەشی کردووە.

ڕیال مەدرید لە هاوینی ٢٠٢٢ نیوەی ئەو یاریزانەی بە ٦,٥ ملیۆن یۆرۆ فرۆشتبوو، واتا ٥٠٪ـی ئەو یاریزانەی هێشتووەتەوە لە بەرامبەر ئەوەی ئەگەر بیەوێتەوە دەتوانێت بە ٣٠ ملیۆن یۆرۆ بکڕێتەوە، کە بەهای مەرجی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی یاریزانەکە ٦٠ ملیۆن یۆرۆیە.

ڕۆژنامەی بێرنابیۆ دیجیتاڵ بڵاویکردەوە، یانەی ڕیال مەدرید گەڕانەوەی کۆبۆ بە کاری لە پێشینەی نابینێت بەتایبەتی، کە تیپەکە ئامانجی دیکەی هەیە بۆ بەهێزکردنی تیپەکە، بەڵام دەشکرێت دۆخەکە وای لێبکات بیگەڕێنێتەوە.

ڕۆژنامە ئیسپانییەکە دووپاتیکردەوە، کە یەکێک لە هۆکارەکان دۆخی سروشتی کۆبۆیە لە دەرەوەی یەکێتی ئەورووپا ئەمە جگە لە درەوشانەوەی برایم دیاز کە دوای پێکانەکەی ڤینیسیۆس ئاستێکی بەرز پێشکەش دەکات.

سەرچاوەکانی نزیک لە یانەی ڕیال مەدرید دووپات لەوە دەکەنەوە، کە یانەی ڕیال مەدرید بیر لە بژاردەی گەڕاندنەوەی ئەو یاریزانە ژاپۆنییە ناکاتەوە بۆ ئەوەی بە نرخێکی گرانتر بیفرۆشێت بەتایبەتی، کە یانەی شاهانە هەرگیز یاریزانانی تۆپی پێ بە بازار ناکات و دڵنیا ڕیال مەدرید ئەگەر پارەی دیاریکراو بداتە ڕیال سۆسیداد ئەوە بۆ ئەوە دەبێت، کە کۆبۆ بتوانێت ببێتە بەشێک لە تیپەکە نەک بۆ ئەوەی پارە پەیدا بکات.




# پاریس لە هەوڵەکانی بۆ مانەوەی ئێمباپێ بەردەوامە




کلیان ئێمباپێ تەنها حەوت مانگ لە گرێبەستەکەی لەگەڵ پاریس سانت جێرمان ماوە، هەروەها کەمتر لە مانگێکی دیکە، دەتوانێت بە ئارەزووی خۆی، گفتوگۆ لەگەڵ هەر یانەیەک بکات، بەڵام یانەی پاریس دوو چانسی لەبەردەمە بۆ هێشتنەوەی گۆڵکاری مێژوویی یانەکەی.

پاریس سانت جێرمان دەیەوێت لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٤، چارەنوسی کلیان ئێمباپێ هێرشبەری یانەکەی یەکلایی بکاتەوە ناسر خلێفی سەرۆکی یانەکەش گەشبینە بە ڕازیبوونی گۆڵکاری مێژوویی یانەکەی بە نوێکردنەوەی گرێبەستەکەی.

ئێمباپێ مانگی حوزەیرانی ساڵی داهاتوو، واتە نزیکەی حەوت مانگی دیکە گرێبەستەکەی لەگەڵ یانەکەی تەواو دەبێت ئەو یاریزانە هەروەها کەمتر لە مانگێکی دیکە سەربەست دەبێت لەوەی گفتوگۆ لەگەڵ هەر یانەیەک بکات بۆ ئەوەی وەرزی داهاتوو پەیوەندیان پێوە بکات، بەڵام یانەکە هەموو هەوڵێک بۆ مانەوەی دەدات.

ڕۆژنامەی لکیپی فەرەنسی بڵاویکردووە ناسر خلێفی سەرۆکی یانە فەرەنسیەکە دوو چانسی گەورەی هەیە بۆ هێشتنەوەی کلیان ئێمباپێ، یەکەمیان ئەوەیە ئەو یاریزانە ئامانجی سەرەکی ببێتە گۆڵکاری مێژوویی خولی وڵاتەکەی بۆیە بە مانەوەی لە یانەکەی ئەو چانسەی زیاتر دەبێت.

ئێمباپێ خاوەنی ١٧٩ گۆڵە لە خولی فەرەنسا جیاوازی ئەو لەگەڵ باشترین گۆڵکاری خولەکە زیاتر لە ١٠٠ گۆڵە واتە ئێمباپێ تەنها بە مانەوە لە خولی فەرەنسا ڕەنگە بتوانێت ئەو ڕیکۆردە بە ناوی خۆیەوە بکات بە پێچەوانەوە ئەستەمە بتوانێت ئەو خەونەی بکاتە ڕاستی.

چانسی دووەمی پاریس سانت جێرمان بۆ ڕازیکردنی کلیان ئێمباپێ لەسەر نوێکردنەوەی گرێبەستەکەی بەشداریکردنی ئەو یاریزانەیە لە یارییەکانی ئۆڵۆمپیادی ٢٠٢٤ـی پاریس، ئەو یاریزانە بە جێهێشتنی ڕیزەکانی یانەکەی ئەستەمە بتوانێت بەشداری ئەو پاڵەوانێتیە بکات بەپێچەوانەوە بە مانەوە لە یانەکەی چانسێکی زۆری هەیە بۆ بەشداری کردن لە ئۆڵۆمپیادی داهاتوو.

# هەولێر بەڵێنی چارەسەرکردنی گرفتەکانی پێ دراوە

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشی هەولێر لە شەش یاریی ڕابردووی خولی ئەستێرەکانی عێراقیدا ئاست و ئەنجامی وەکو پێویست نەبووە، ئەم ئەنجامەش هاندەرانی یانەکەی دڵگران کردووە، کە یانەکە تووشی چوار شکست بووە، لەم بارەشەوە دیدار حامید ئەندامی دەستەی کارگێڕیی یانەی وەرزشی هەولێر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «دەمەوێ لە ڕێگەی گۆڤاری گوڵانەوە ئەوە ئاشکرا بکەم، کە یانەی هەولێر تەنیا تیپی خولی عێراقی نییە، لە سەرجەم کار و چالاکییەکاندا ئەنجامی زۆر باشمان هەیە، بگرە زۆربەیان هەر یەکەمین، بەڵام بەداخەوە یانەی هەولێر لە یەك شوێنەوە سەیر دەکرێت، ئەویش خولی عێراقییە، ڕاستە خولی عێراقی سەرتاسەرییە و گەورەیە، بەڵام لە سەرجەم چالاکییەکانماندا ئەنجامی زۆر باشمان هەیە، ئێمە وەکو دەستەی کارگێڕیی یانەکە هەموو گرفتەکانمان بەرزکردووەتەوە بۆ سەرووی خۆمان، کە مانگانە یانەکەمان چەندی پێویستە و چەندیش داهاتمانە و خەرجیشمان دیاری کردووە، بەڵێنی هاوکاریمان پێ دراوە، ئێمە لە زۆربەی یارییەکاندا ئاستی باشمان پێشکەش کردووە، بەڵام چانس یاوەری تیپەکە نەبووە لە گۆڵ تۆمارکردندا، دڵنیایی بە هەموو هاندەرانی یانەی وەرزشی هەولێر دەدەین کە یانەکەمان دەگەڕێتەوە ئاستی جارانی خۆی، پارساڵیش لە ئاستێکی خراپدا بووین لە سەرەتادا، دواتر چووینە ڕیزەکانی پێشەوەی ڕیزبەندی یانەکان».





# ئاکرێ ڕاهێنەری دەستنیشان کرد

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی ئاکرێ ئەم ساڵ لە یارییەکانی خولی نایابی یانەکانی کوردستان، لە دوای ئەنجامدانی حەوت یاری لە خولەکە، تەنیا خاوەنی هەشت خاڵە، یانەکە بۆ ئەم وەرزە بە فەرمی گرێبەستی لەگەڵ (یونس سلێمان)ی ڕاهێنەری سووری واژوو کردبوو، بە ئامانجی بەرەوپێشبردنی ئاستی یانەکە لە خولی نایاب، بەڵام ناوبراو دەستی لە مەشقی یانەکە کێشایەوە، دەستەی کارگێڕیی یانەی وەرزشیی ئاکرێش بە شێوەیەکی کاتی (هەژار سابیر)ی بە یاریدەدەری یانەکەی دیاری کرد، دەستەی کارگێڕیی یانەکەش لە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆیدا لە بەر بەرژەوەندیی یانەکە، بڕیاری دا بە دەستنیشانکردنی هەژار سابیر بە ڕاهێنەر هەمیشەیی یانەکە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێنەوە کە نزیکترین کەسە لە یانەکە بۆ بەڕێوەبردنی یانەکە و پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ یاریزانەکان هەیە، وردو درشتی کێشەکانی یانەکە دەزانێت، کارگێڕیی یانەی ئاکرێ متمانەی زۆر بەم ڕاهێنەرە لاوە هەیە، تا ئاستی تیپەکە بباتە قۆناغێکی باشتر.

# یانەی ڕانیە دەچێتە قۆناغێکی باشتر

یانەی وەرزشیی ڕانیە ئەم وەرزە بۆ یەکەم جار لە مێژووی یانەکەدا بەشداریی خولی نایابی یانەکانی کوردستانی کردووە، بەڵام لە حەوت یاریی ڕابردوودا تەنیا خاوەنی حەوت خاڵە، ژمارەی خاڵەکانیشی نزیك لە یانەکانی دیکە، بۆیە ئەم وەرزە یانەکە بە سەرپەرشتی مامۆستا ڕەفیق سەعید دەیەوێت کێبڕکێ بکات لە سەر بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە، لەم بارشەوە مامۆستا ڕەفیق سەعید ڕاهێنەری یانەی ڕانیە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێمە لە خولەکەدا حەوت یاریمان ئەنجام داوە و دوو براوە بووین و یەك یاری یەکسان بووین، چوار یارییش دۆڕاوین، بەڵام دۆڕانەکانمان بە جیاوازیی یەك گۆڵ بووە، ئاستیشمان لە زۆربەی یارییەکاندا باش بووە، بە هەڵەی بچووك دۆڕاوین، لە ڕووی گرفتەکانیشەوە گوتی: «گرفتی گەورەمان ئەوەیە کە تیپەکەمان تیپێکی تازەیە لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان، دەمانەوێ تیپەکە بەهێزتر بکەین لە ڕووی کەسایەتیی ناویاریگا و گۆڵکردن و بەرگریکردن، پێویستە تیپەکە لەم ڕوانگەیەوە بەرەوپێش بچێت، بۆ یارییەکانیش لە هەموو یارییەکاندا ئەدامان زۆر باش بووە، یاریزانەکانیشمان تێگەیشتنیان بۆ بیرۆکەکانی من زۆر باشە، تەنیا گرفتی ئێمە لە پێشەوەی یاریگایە لە ١٥خولەکی کۆتاییدا ناتوانین باڵا دەستیی خۆمان بنوێنین و گۆڵ تۆمار بکەین، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ کوالێتی یاریزانانمان، سەرەتا دەبێت تیپەکە بەرەوپێشتر ببرێت».





# پەستی هۆکارە بۆ پێنج گرفتی کۆئەندامی هەرس

تووشبوون بە پەستی Anxiety گرفت لە کۆئەندامی هەرسدا پەیدا دەکات لە وشکبوونی دەمەوە بگرە تا دەگاتە سکچوون. لەکاتی پەستیدا، لەش بە چەند نیشانەیەك کاردانەوەی دەبێت، کۆئەندامی هەرس و مێشك بەیەکەوە بەندن، تەندرووستیی مێشك کاریگەریی ڕاستەوخۆ دەکاتە سەر تەندرووستیی کۆئەندامی هەرس، بۆنموونە هەستکردن بە ناڕەحەتی و گرژبوونی گەدە، کەمبوونەوەی ئارەزووی خواردن، کۆبوونەوەی گاز لە ڕیخۆڵەدا، ئەم نیشانانە هەموویان نیشانەی نەخوازراون کە هاوکات لەکاتی نیگەرانیدا سەرهەڵ دەدەن. بەهەرحاڵ، پسپۆڕان کۆکن لەسەر ئەوەی کە پەستی پەیوەندیی ڕاستەوخۆی هەیە بە پێنج نیشانەی دیار و سەرەکییەوە لە کۆئەندامی هەرسدا، کە بریتین لە:
سکچوون لە ئەنجامی ورووژانی کرداری جووڵەی ڕیخۆڵەی گەورە(کۆڵۆن)، بەردەهەرسی Indigestion لەبەر لەسەرخۆبوونەوەی گرژ و خاوبوونەوەی ماسوولکەکانی گەدە، هێڵنج لەبەر ئازار و ناڕەحەتیی سك، وشکبوونی دەم لە ئەنجامی چالاکبوونی سیستمی دەماری سیمپەتاوی Sympathetic کە دەبێتە ئەگەری کەمبوونەوەی دەردانی لیك، هەروەها ئازار و کۆبوونەوەی گاز لە ڕیخۆڵەدا.



# ئەگەر ڕۆژانە ٣٠٠ کالۆری لە خۆراک کەم بکەیتەوە!

لە نوێترین لێکۆڵینەوەی زانکۆی دوك Duke لە ویلایەتی (کارۆلاینا) ی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا هاتووە، ڕۆژانە کەمکردنەوەی تەنیا ٣٠٠ کالۆری لە خۆراکی جیاوازدا، سوودی بەرچاوی بۆ تەندروستی دەبێت. لە لێکۆڵینەوەکەدا توێژەران گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە کەمکردنەوەی ٣٠٠ کالۆری لە خۆراکی ڕۆژانە بە بەردەوامی، ئەم سوودە تەندروستییانەی هەیە: کۆنترۆڵکردنی ئاستی کۆلیستیرۆڵی خوێن، کەمبوونەوەی ئاستی چەوریی گلیسریدە سیانییەکان بە ڕێژەی ٢٤٪، هێشتنەوەی پەستانی خوێن لە ئاستی ئاساییدا، باشترکردنی کرداری میتابۆلیزم Metabolism واتە کرداری بەدەستهێنانی وزە لە خۆراکەوە، ڕێکخستنی ئاستی شەکری خوێن، هەروەها کەمکردنەوەی ئاستی هەوکردن لە لەشدا، ئەمانە هەموویان هەنگاوی زۆر گرنگن بۆ خۆپاراستن لەم حاڵەت و نەخۆشییانە: زیادبوونی کێش و قەڵەوی، نەخۆشیی شەکرەی جۆری دووەم، نەخۆشییەکانی کۆئەندامی دڵ و سووڕان، هەروەها جەڵتەی مێشك. لە لێکۆڵنەوەکەدا ئاماژە بەمەش کراوە کە کەمکردنەوەی ٣٠٠ کالۆری ڕۆژانە بۆ ماوەی دوو ساڵ لە کەسانی خاوەن کێشی زیاد و قەڵەودا، هاندەر دەبێت بۆ کەمکردنەوەی کێشی لەش بە ڕێژەی ١٠٪. پێویستی ڕۆژانەی کالۆری یان وزە جیاوازی هەیە بە پێی ڕەگەز، تەمەن، درێژی باڵا، کێشی لەش، هەروەها ئاستی جووڵە و چالاکیی فیزیکی، بەڵام بە تێکڕایی پێویستی ڕۆژانەی وزە بۆ پیاو بریتییە لە ٢،٥٠٠ کالۆری، بۆ ئافرەتیش ٢،٠٠٠ کالۆری.





# هەوکردنی پێست لە منداڵدا

هەوکردنی پێست Impetigo بریتییە لە هەوکردن بە بەکتریا، کە زۆر باوە لە منداڵاندا تەمەن ٢-٥ ساڵیدا و، زۆر بە خێرایی دەگوازرێتەوە. هەوکردنی پێست لەوانەیە کە لە هەر بەشێکی پێستی لەشدا ڕوو بدات، بەڵام زیاتر لە دەوری لووت و دەم وباسك و قاچدا دەبینرێت، سەرەتا بە پەڵەیەکی سووری بە ئازار سەرهەڵ دەدات، کە هاوکاتە لەگەڵ خورشتدا، پاشان بۆ چەند ڕۆژێك شلەیەکی ڕوون، یان زەردی لێ دەتکێت، ئینجا قەتماخێکی زەرد دەگرێت، پاشان چاك دەبێتەوە بێ ئەوەی هیچ ئاسەوارێك جێ بهێڵێت. پاش گەیشتنی بەکتریا بە پێست بە ١٠ ڕۆژ ئینجا پنتی هەوکردنەکان دەردەکەون و تووشبوو بەکتریا بۆ کەسانی دیکە دەگوازرێتەوە، تا ئەو کاتەی کە شوێنە هەوکردووەکان بە تەواوی چاك دەبنەوە. ڕێگەکانی چارەسەرکردن: بەکارهێنانی دەرمانی دژەژەی بە شێوەی دەنك و مەرهەم. هەنگاوەکانی خۆپاراستن: گرنگیدان بە پاکوخاوێنی برینەکانی هەوکردن، پابەندبوون بە پاکوخاوێنیی کەسی، بەتایبەتی دەستەکان و زوو شووشتنی جلوبەرگ، کورتکردنی نینۆکەکان، گرنگیدان بە خۆراکی هاوسەنگ و تەندرووست بۆ بەهێزکردنی سیستمی بەرگریی لەش، هەروەها بەکارهێنانی دەنکی دژەژەی بۆ خۆپاراستن تەنیا بە ڕێنمایی دکتۆر.






# گرنگیی ڕێژەی چەوریی لەش

ڕێژەیەکی دیاریکراوی چەوریی لەش زۆر گرنگە بۆ تەندرووستی، کە بە پێی تەمەن و ڕەگەز جیاوازی هەیە، بۆنموونە ئافرەت پێویستی بە ڕێژەیەکی چەوریی زیاتر لە پیاو هەیە. چەوریی لەش گرنگە بۆ پاراستنی ئەندامەکانی ناوەوە، خەزنکردنی وزە، پاراستنی پلەی گەرمیی لەش، خەزنکردنی ڤیتامین، ڕێکخستنی ئاستی شەکر و کۆلیستیرۆڵی خوێن، هەروەها ڕێکخستنی ئاستی هۆرمۆنەکان، بەتایبەتی لە ئافرەت لە کاتی دووگیانیدا. ڕێژەی چەوریی لەش ئەگەر لە ئاستی ئاسایی زیاتر بێت، ئەوا ئەگەری تووشبوون بەم نەخۆشییانە زیاد دەکات وەکو: نەخۆشیی شەکرە، بەرزبوونەوەی ئاستی کۆلیستیرۆڵی خوێن، بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، نەخۆشییەکانی کۆئەندامی دڵ و سووڕان، بەردی زراو، داڕووشانی جومگە (سەوەفان)، گرفتەکانی هەناسە، بەتایبەتی هەناسەتەنگی لەکاتی خەودا Sleep apnea، چەند جۆرێکی شێرپەنجە، لەگەڵ چەند حاڵەتێکی تەندرووستی دیکەی نەخوازراودا.

لە لایەکی دیکەوە، ڕێژەی کەمی چەوریی لەش کە لە ئاستی ئاسایی کەمتر بێت، دەبێتە ئەگەری چەند گرفتێکی تەندرووستی وەکو: پووکانەوەی ئێسک Osteoporosis و کەمبوونەوەی چڕیی کانزاکانی ئێسک، زیادبوونی ئەگەری تووشبوون بە هەوکردنە میکرۆبییەکان، دواکەوتنی چاکبوونەوەی برین، هەروەها نەخۆشیی لە کۆئەندامی دڵ و سووڕاندا بە شێوەی نەخۆشیی خوێنبەرەکانی دڵ و نۆرەی دڵ و جەڵتەی مێشک. گەلێک ڕێگە هەیە بۆ پێوانەکردنی ڕێژەی چەوریی لەش کە باوترینیان بریتییە لە پێوانەی تێکڕای بارستایی لەش BMI.



# مادده کیمیاییەکانی پلاستیک ئەگەری نەخۆشیی دڵ زیاد دەکەن



بەرکەوتن بە مادده کیمیاییەکانی پلاستیکی ژینگە و ئەو پلاستیکانەی کە ڕۆژانە بۆ مەبەستی جیاواز بەکاردیان دەهێنین، ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ زیاد دەکەن لە گەورە و منداڵدا، کە بە هۆکاری یەکەمی مردن دادەنرێت لە سەرتاسەری جیهاندا. زانایانی زانکۆی کالیفۆرنیا لە لێکۆڵینەوەکانیاندا جەختیان لە پەیوەندیی نێوان ئەم مادده کیمیاییانە و نەخۆشیی دڵ کردووەتەوە. زاناکان ئەمەیان ڕوون کردووەتەوە کە ئەم مادده کیمیاییانەی پلاستیك هۆکارن بۆ تێکدانی فرمانی گلاندە کوێرەکان، یان سیستمی هۆرمۆنەکان، تێکدانی ناوپۆشی خوێنبەرەکان و نیشتنی چەوری و کۆلیستیرۆڵ یان ڕەقبوونی خوێنەرەکان Atherosclerosis کە هۆکارە بۆ نەخۆشیی دڵ، هەروەها سیستمی بەرگریی لەش و کۆئەندامی دەمار، هەندێکیشیان ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجە زیاد دەکەن. لە لایەکی دی، پسپۆڕان ئاماژەیان بەمە کردووە کە مادده کیمیاییەکانی پلاستیکی وەکو بیسفینۆل Bisphenol A و فتالەیتەکان Phalates دەبنە ئەگەری تێکدانی هاوسەنگیی هۆرمۆنەکان، هەندێکی دیکە دەبنە هۆی زیادبوونی ئەگەری نەخۆشیی شەکرە و گرفت لە پەرەسەندنی کۆرپە لە ئافرەتی دووگیاندا. لە کۆئەندامی هەناسەشدا، هەڵمژینی وردە پلاستیك هاندەرە بۆ پەیدابوونی فشاری ئۆکسان لە ناو بۆڕییەکانی هەناسە و سییەکاندا، کە هۆکارە بۆ کۆکە، پژمین، هەناسەتەنگی هاوکات لەگەڵ سەرسووڕان و هەستکردن بە ماندووبوون لەبەر کەمبوونەوەی ڕێژەی ئۆکسجینی خوێندا.

# سوودەکانی کانزای مەنگەنیز بۆ تەندرووستی



کانزای مەنگەنیز Manganese بە بڕی کەم پێویستە و گرنگە بۆ: تەندرووستیی ئێسك، شانە بەستەرەکان، کرداری مەیینی خوێن، فرمانی دەمارەکان و باشترکردنی فرمانەکانی مێشك، بەهێزکردنی سیستمی بەرگریی لەش، هاندانی زوو چاکبوونەوەی برین لە ڕێگەی یارمەتیدانی دروستبوونی پرۆتینی کۆلاجین، هاندانی کرداری بەدەستهێنانی وزە لە خۆراك، هەروەها ڕۆڵی هەیە بۆ کەمکردنەوەی ئاستی هەوکردن لە لەشدا، واتە خۆپاراستن لە ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشییە درێژخایەنەکان. مەنگەنیز لە لەشدا خەزن دەکرێت لە ئێسك، مێشك، گورچیلە، جگەر، هەروەها پەنکریاس.

پێویستیی ڕۆژانەی مەنگەنیز بۆ کەسانی پێگەیشتوو بریتییە لە ١,٨-٢,٣ ملگم. سەرچاوە خۆراکییەکانی کانزای مەنگەنیز: سەوزە گەڵا تاریکەکانی وەکو سپێناغ، پاقلەمەنییەکانی وەکو نۆك، پاقلە، نیسك، پاقلەی سۆیا، کاکڵەکانی وەکو بندق، چای، مەحار Oys?ter، دانەوێڵەی تەواو وکو نانی گەنمی تەواو، برنجی قاوەیی، لەگەڵ شوفان. کەمیی کانزای مەنگەنیز زۆر بە کەمی ڕوو دەدات و نیشانەکانی بریتین لە: لاوازبوونی ئێسك یان کەمبوونەوەی کانزاکانی ئێسك، کزبوونی گەشە لە منداڵاندا، پەیدابوونی پەڵەی پێست، کاڵبوونی ڕەنگی قژ، گۆڕانی مەزاج، هەروەها زیادبوونی ئازارەکانی پەیوەست بە سووڕی مانگانەی ئافرەت.

## له ماوسێک س

**ماوس ئەگەر گرنگترین ئامرازی لاوەکی کۆمپیوتەریش نەبێت، دەکرێ بڵێین لە ریزی بژاردەکان دێت. بەبێ ماوس وەك ئەوە وایە بچی بۆ وڵاتێك و زمانی ئەو وڵاتە**



## ماوسێک چەند ئەرکێک ئەنجام دەدات

ماوسی کۆمپیوتەر بۆ کردنەوەی پرۆگرامەکانی کۆمپیوتەر و دەست گەیشتن بە فەرمانەکان کارئاسانییەکی زۆر دەکات. لە سەردەمی ژیری دەستکرد و ChatGPT ماوسی کۆمپیوتەریش زیرەك بووە. بۆ نموونە ماوسی جۆری Cheerdots 2 لەیەك کاتدا دەتوانێ چەندین ئەرك ئەنجام دات. وەك هەر ماوسێکی ئاسایی سوودی لێوەردەگیردرێت، دەکرێت وەك تۆچ پاد واتە ماوسی لەمسی سوودی لێببیندرێ و هەروەها دەکرێت وەك ئامێری لەیزەری بۆ دەستنیشانکردن و نیشاندان لەسەر وایت بۆرد کەڵکی لێوەردەگیردرێت.

خاڵی جێگای سەرنج ئەوەیە دەکرێت وەك ئامێری دەنگ تۆمارکردن سوودی لێوەربگیردرێت و ڕاستەوخۆ دەنگەکە بۆ کۆمپیوتەر بگوازێتەوەو لەوێدا بیکاتەوە دەق و بۆ ChatGPT بنێرێ. بۆ نموونە کاتێك پرسیارێکت لە زیرەکی دەستکرد هەیە ڕاستەوخۆ بە دەنگی خۆت لە ڕێگای ماوسەکەوە دەکرێت پرسیارەکە بنێری. ماوسەکە شەحن دەبێتەوەو هەرکاتێك شەحن بۆوە هەتا ٢٠ ڕۆژ دەکرێت سوودی لێببیندرێ.

## چەند ئامێرێک لەیەک ئامێردا

زۆرجاران لە کاتی زۆر پێویستدا، بەتایبەتی لەکاتی فیلم گرتندا، دەبینی میمۆری ناو مۆبایلەکەت پڕ بووە و ناتوانی فیلم هەڵبگری و مۆبایلە زیرەکەکانی ئەم سەردەمەش زۆریان شوێنی دانانی میمۆری دەرەکیان نییە.

جار هەیە لە گەشت و گەڕاندای و لەکاتی زۆر هەستیاردا شەحنی مۆبایلەکەت تەواو دەبێت و دەستیشت بە هیچ شوێنێك ڕاناگات تا مۆبایلەکەت بارگاوی بکەیەوە. لە کاتی گەڕان و مانەوە لە شوێنە تاریکەکاندا پێویستت بە لایتێکە. ئامێری profan هەموو ئەو گرفتانە و گرفتی دیکەشت لەکۆڵ دەکاتەوە. ئامێرێکی بچووکە وەك پاوەربانك سوودی لێوەردەگیرێت و هێزی ٥٠٠٠ میلی ئامپێری هەیە، ئەوەش بۆ بارگاوی کردنی مۆبایلێك بەتەواوی بەسە. خێرایی بارگاویی کردنەکەی زۆرە. هەروەها شوێنی دانانی فلاش میمۆری و کارت میمۆری هەیە و جگە لەوەش ستاندێکە بۆ ڕاگرتنی مۆبایل و هەروەها لایتێکە بۆ کاتی پێویست. بە ئاسانی هەم بە مۆبایل و هەم بە کۆمپیوتەر پەیوەند دەدرێت.



# ـــــــوود وەربگرن بۆ تەندروستی باش

نەزانـی. مـاوس شـاکلیلی کردنـەوەی دەروازەی کۆمپیوتـەرە.
کارکردنی ماوسـەکان هەمـووی وەك یەکە ئەویش جوڵاندنی هێمـای ماوسـە لەسـەر کۆمپیوتـەر و جێبەجێکردنی فەرمانەکانە، بەڵام چونکە زۆر سـوودی لێوەردەگیردرێـت وا باشـە ماوسـێکی ئۆرگۆنۆمیـك بـەکار بێنـن، لێـرەدا چەنـد نموونەیەکـی باسـکراون.





## بۆ تەندروستی خۆت ماوسی ئۆرگۆنۆمیک بەکار بێنە

دەسـتەواژەی (ergonomic) واتاکـەی ئەوەیـە ئامرازێـك بـەکار بێنـی بـێ ئـەوەی کێشـەی بـۆ تەندروسـتیت هەبـێ. لـەم هەرێمـەدا زیاتـر ئـەم وشـەیە بـە (طبـی) وەرگێـڕدراوە کـە ئەمـەش هەڵەیـە.

ئەگـەر ئێـوە زۆر کۆمپیوتـەر بەکاردێنـن و سـوود لـە مـاوس وەردەگـرن، وا باشـە ماوسێکی ئۆرگۆنۆمیك بەکار بێنن. ماوسی جۆری r-go twister تـەواو ماوسێکی ئۆرگۆنۆمیکـە. بـۆ هـەردوو لایەنـی چـەپ دەسـتەکان و ڕاسـت دەسـتەکانە. کاتێـك بـەکاری بێنـی و گلۆپێکـی سـەو هەڵدەبـێ و لەگـەڵ ئەوەشـدا وا دەکات سووڕانی خوێـن لـە پەنجەکانتـدا بـە باشـی بڕوات، ئەگـەر هەسـتی بـەوەی کـرد پەنجەکانـت مانـدوون و سـووڕانی خوێـن بـە گوێـرەی پێویسـت نییـە، گلۆپێکـی زەرد هەڵدەبێـت واتـە ئێسـتا پێویسـتت بـە پشـوودانە. ئەگـەر بـەو حاڵـەش هـەر بـەردەوام بـووی لەسـەرکارکردن ئـەوکات گلۆپێکـی سـوور هەڵدەبێت واتـە مەترسـی لەسـەر پەنجەکانـت هەیـە. دواتـر ماوسـەکە دەچێتـەوە پاڵیـەك هەتـا پشـوو نـەدەی و خوێـن بـە پەنجەکانتـدا بەگوێـرەی پێویسـت نەسـووڕێت ناتوانـی سـوودی لێوەربگـری.



## ماوسێک لە یەک کاتدا بۆ سێ ئامێر

یەکێـك لـە بـژاردەی ماوسـە باشـەکانی ئۆرگۆنۆمیـك، ماوسـی جـۆری protoarc em11. ماوسـێکی پڕ بەدەسـتانە و واتـە لـە پەنجەکانـدا جێگـەی دەبێتـەوە. ئەمـەش وا دەکات حاڵەتێکـی سروشـتی بـۆ ئـەوەی پەنجـەکان مانـدوو نەبـن دروسـت بـکات. شـەحن دەبێتـەوە و بـێ وایـەرە. تەنیا لە ماوەی پێنج خولەکدا شەحن دەبێتەوە و دەتوانرێ هەتا ٢٤ کاتژمێر کاری پێبکرێ. کاتێك شەحنی کەم دەبێتەوە بەهۆی گلۆپێکی سوورەوە بەکارهێنەرەکەی ئاگادار دەکرێتەوە.

خاڵـی جێگای سـەرنج لـە ماوسـەکەدا ئەوەیـە بـە هـەر چـوار دەوری ماوسـەکەدا گلۆپـی ڕەنگاورەنگـی LED هەیـە و بەویسـتی بەکارهێنەرەکـەی ڕەنگەکانـی دەگـۆڕدرێـن. ماوسـەکە لـە یـەك کاتـدا لەگـەڵ سـێ ئامێـری پەیوەنـد دەدرێـت بـۆ سـێ سیسـتەمی وینـدزۆ و ئـای ئـۆ ئێـس و ئەندرۆیـد دەگونجێـت. خێرایـی ماوسـەکە بـە ویسـتی بەکارهێنەرەکـەی کـەم و زیـاد دەکرێـت.




# لە ڕێگای دوورەوە ئامێرەکانی گەرمی و ساردی کۆنترۆڵ بکە

زۆربەی وزەی کارەبا لە هەر وڵاتێکی جیهاندا بێت، بەتایبەتی لەو وڵاتانەی غاز نەبۆتە سیستەمی ماڵان، بەشی هەرە زۆری وزەی کارەبا بەر ئامێرەکانی گەرمی و ساردی وەك: سپلێت و گیزەر دەکەوێت.

گەر حەز دەکەی لە ڕێگای دوورەوە ئامێرەکانی گەرمی و ساردی کۆنترۆڵ بکەی، ئەوە ئامێری Netatmo بەکار بێنە. ئەم ئامێرە زیرەکە بەپێی چۆنییەتی کەش و هەوا ئامێرەکانی ساردی و گەرمی پێدەکات، بۆ نموونە ئەگەر هەست بەوەی بکا ژوورەکە زۆر ساردە خۆکار ئامێری گەرم کردنەوە پێدەکات و پێچەوانەش. ئەو کاتانەی کە هیچ کەس لە ماڵەوە نییە خۆکار ئامێرەکانی ساردی و گەرمی دەکوژێنێتەوە. هەروەها دەکرێت لە ڕێگای دوورەوەش کۆنترۆڵی ئامێرەکان بکەی. بۆ نموونە ئەگەر حەزدەکەی هەتا دەگەڕێیەوە ماڵەوە ژوورەکە گەرم یا سارد بێ، ئەوە هەر بە مۆبایلەکەی خۆت ئامێرەکان داگیرسێنە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک


**بەڕێزێك دەپرسێت مۆبایلەکەم دوو سیم کارتی لەسەرە، چون دەکرێت لەسەر هەر کام لە سیمکارتەکان واتساپی بە جیا دابنێم؟**

بەڕێز دانانی دوو واتساپ لەسەر مۆبایلی دوو سیم کارتە، تەنانەت مۆبایلێکت هەیە یەك سیمکارتیش دەخوێنێتەوە بەڵام نیازت هەیە دوو واتساپی لەسەر دابنێی زۆر ئاسانە، واتساپەکەت بکەوە، سێ خاڵ لە گۆشەی لای چەپە دابگرە، دواتر setting دابگرە و دوای ئەوە account دابگرە، دواتر Add accountدابگرە و دوای ئەوە ئەو ژمارەیەی کە نیازتە واتساپی لەسەر دابنێ بینووسە، دوای نووسینی ژمارەکە Con-tinue لێبدە، دواتر کۆدێك بۆ ژمارەکەت دێتەوە، چ لەسەر ئەو مۆبایلە بێت یا لەسەر مۆبایلێکی دیکە و کۆدەکە بنووسە و ئیدی تەواو دەبێت.

# پرۆگرامێکی زیرەکی دەستکرد بۆ زۆربەی ئەرکەکان

زیرەکی دەستکرد لەگەڵ ئەوەیدا هاوکارێکی باشە و کارئاسانییەکی زۆر دەکات، بەڵام وا دەکات مرۆڤەکان کەمتر پشت بە خۆیان ببەستن و زیرەکی دەستکرد هەموو ئەرکەکانیان بۆ ئەنجام بدات.

پرۆگرامی Lensa یەکێکە لەو پرۆگرامانە، هەرچەندە مێژوویەکەی بۆ ساڵی ٢٠١٨ دەگەڕێتەوە، بەڵام لەم دوو ساڵە بەهۆی زیرەکی دەستکردەوە زیاتر پەرەی پێدراوە. ئەو وێنانەی بەو پرۆگرامە دەکێشرێنەوە زیاتر ڕیالیستین و هەست بەوە دەکەی وێنەیەکی واقیعین تا ئەوەی وێنەیەك بن لە جیهانی دیجیتالیدا. لەو پرۆگرامەدا دەتوانی وێنەکانی خۆت بکەی بە وێنەی ئاڤاتاری زۆر سەرنج ڕاکێش. لەو پرۆگرامەدا بۆ گۆڕینی دەق بە وێنە بە ڕستەی زۆر ساکار جوانترین وێنە دەکێشێتەوە. هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لە هەردەقێك بۆی دەنووسرێ لە یادگەی خۆیدا تۆماری دەکات و پاشان بۆ جارەکانی دواتر سوودی لێوەردەگرێتەوە. جگە لەوەی پرۆگرامەکە وەك پرۆگرامێکی سەربەخۆ هەیە دەکرێت لە ئینتەرنێتدا بەشێوەی ئۆنلاینیش سوودی لێوەربگری و هەروەها ئاپی مۆبایلیش هەیە.









# چاویلکەیەکی زیرەک بۆ پایسکل سواری

دونیای زیرەکی دەستکرد هەموو کون و کەلەبەرێکی ژیانی گرتۆتەوە، تەنانەت پایسکل و پایسکل سواریش! چاویلکەی زیرەکی جۆری LAWK ONE تایبەتە بەوانەی پایسکل لێدەخورن. چاویلکە زیرەکەکە بەهۆی ئەو شاشەکانی زانیاری جیهانی مەجازی دەگوازێتەوە. پایسکل سوار دەتوانێت زانیارییەکانی وەك: خێرایی، مەودا کات لەسەر شاشەکە ببینێ. جگە لەوەی دەتوانی وێنە بگری و گوێ لە مۆسیقاش بگری.

بەکارهێنەری چاویلکەکە لە ماوەی رێگا رۆیشتندا پێویستی بە مۆبایل نابێ، چونکە مۆبایلەکەش لەگەڵ چاویلکەکە پەیوەند دەدرێت و هەر لەسەر چاویلکەکە دەتوانی وەڵامی پەیوەندییەکانیش بدەیەوە. کامێراکەی ٨ میگاپیکسلە و دەتوانی لە مەودای رێگا رۆیشتنت فیلم یا وێنە هەڵبگریەوە. چونکە پایسکل سوار ناتوانێت دەست لە کاتی رۆیشتندا دەست لە دوگمە بدات، بۆیە گشت فەرمانەکان بە دەنگ جێبەجێ دەبن. لە هەمووی گرنگتر لە زیرەکی دەستکرد سوود وەردەگرێ و دەکرێت لە مەودای رۆیشتندا پرسیاری تایبەت بە کەش و هەوا و رێگاوبانی لێبکرێت. کێشی چاویلکەکە تەنیا ٨٠ گرامە.



## ماڵپەڕێکی مەترسیدار بناسن

لە ناو کورددا دەڵێن ئەوەی بە چاوی خۆت نەیبینێ بڕوای پێمەکە، بەڵام لەسەردەمی دیجیتالیدا بە دڵنیاییەوە دەڵێم ئەوەی بە چاوی خۆشت دەیبنی بڕوای پێمەکە. ئەگەر ڕۆژێك لە ڕۆژان، تاوانبار کرای بەوەی لە واتساپ یا فەیسبوك یا تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی دیکە نامە و پەیامت لەگەڵ کەسی دیکە گۆڕیوەتەوە و بەهەمان وێنە و هەژماری خۆت ئەگەر بۆخۆت نەتکربێ، گومان بە کەسانی نزیکت نەبێ کە بە مۆبایلەکەی تۆ ئەو کارەیان کردبێ. ماڵپەڕی https://fakedetail.com/ ماڵپەڕێکی زۆر مەترسیدارە، چونکە لەو ماڵپەڕەدا بە ئاسانی دەتوانی بە هەژماری کەسانی دیکە و تەنانەت بە وێنەی خۆشت، پەیام یا وێنە بۆ کەسانی دیکە بنێری، نەك ناردن بەڵکو سکرین شاتیان لێ هەڵگریەوە و خەڵکانی دیکە تۆ تاوانبار بکەن یا تۆ ئەوان بەوە تاوانبار بکەی.. خۆتان سەر لە ماڵپەڕەکە بدەن.

# فووتەی زیرەک ئاسانکاری بۆ ئەندازیاران

ئەندازیارانی بیناسازی و وەستاکانی دارتاشی و ئاسنگەری و زۆر ئەرك و کاری دیکە پێویستیان بە فووتەیە. فووتە یا مەتر ئامێرێکە بۆ پێوانەی مەودا یا ئامرازەکان. لە سەردەمی ژیری دەستکردا ئەو ئامێرەش زیرەك بووە.

فووتەی زیرەکی جۆری M-Cube هەموو ئەرك و کارەکانی تایبەت بە پێوان بەشێوەی دیجیتالی لەخۆیدا تۆمار دەکات و هەڵدەگرێت. لە ماوەی چەند خولەکێکدا بینایەکی گەورە بە هەموو ژوورەکانییەوە و بە هەموو گۆشە و لایەکانیەوە دەپێوێت بە ملمیش هەڵە ناکات. هەموو ئەو پێوانانەش لەخۆیدا تۆمار دەکات و لەکاتی پێویستدا دەتوانی سەیری بکەی و پێویستی بەوە نییە لە کاغەزێکی تایبەتیدا بینووسی.

ئامێرەکە بچووکە بە ئاسانی هەڵدەگیردرێت، بەهۆی بلوتوسەوە لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێت و لە ئاپێکی مۆبایلدا نەخشەی پێوانەکە بە جوانی بەشێوەیەکی رێك دەبینی.

کارکردی ئامێرەکە بەهۆی تیشکی لەیزەرەوەیە، جگە لە پێوان تەنانەت لاری و نارێکی جێگاکەش دیاری دەکات. خێراییەکی یەکجار زۆری هەیە ٥٠ مەتر لە کەمتر لە چرکەیەکدا دەپێوێ. لە شاشەیەکی ٢ ئینجیدا هەموو زانیارییەکانی تایبەت بە پێوانەکە دەخاتەڕوو. ئامێرەکە شەحن دەبێتەوە و باترییەکی بەهێزی لەسەرە.





# سوود وەرگرتن لە ئاوی بنێشتەتاڵ بۆ پاراستنی پێست

زۆر ڕێگە هەیە بۆ سوودوەرگرتن لەم مادەیە و زەیتەکەی، لەم بابەتەدا سوودی ئاوی بنێشتەتاڵ بۆ توندکردنەوەی پێست باس دەکەین.

چۆنیەتی بەکارهێنان: پارچە لۆکەیەکی پاك لە ئاوی بنێشتەتاڵدا تەڕ بکە و بەیانیان و ئێواران دەموچاوت پێی بسڕەوە، دەبینیت دوای بەکارهێنانی ئاوی بنێشتەتاڵ، گەشانەوە و توندبوونەوەی پێست دەردەکەوێت و ئەنجامێکی باشی دەبێت.

تێکەڵەی بنێشتەتاڵ لەگەڵ نیشاستە و ئاوی گوڵ: ئاوی بنێشتەتاڵەکە لەگەڵ کەمێك نیشاستە لەسەر ئاگرێکی کەم دابنێ، تاوەکو تێکەڵەکە خەست دەبێتەوە، پاشان ئاوی گوڵ و کرێمی شێدارکەرەوی پێست بخەرە ناو تێکەڵەکەوە. دواتر بیخە ناو بەفرگر تا توند دەبێت، پاشان لەسەر دەموچاوتی دابنێ، کاتێك وشك بووەوە، مادەکە لە دەموچاوت بکەرەوە، دواتر بە باشی بیشۆ.





# چەند ئامۆژگارییەک بۆ ئەوەی بۆن لە وەرزی زستاندا بۆ ماوەیەکی زۆرتر بمێنێتەوە

• پێش لێدانی عەتر پێستت شێدار بکەرەوە، زستان پێستمان وشك دەبێتەوە، ئەمەش ڕێگرە لەوەی بۆن بۆ ماوەیەکی زیاتر بمێنێتەوە، لێرەدا شێدارکەرەوە وەك چینێك لە نێوان پێستت و بۆنەکەتدا یارمەتیت دەدات بە مانەوەی بۆن بو کاتێکی زیاتر بمێنێتەوەلەم نێوەندەشدا چەند جۆرێك لە بۆن هەن،وەك.

• EDP یەکێکە لە نهێنییەکانی بۆنێکی درێژخایەن

ئەگەر سەیری پاکەتی بۆنەکان بکەیت، چەند وشەیەك بەدی دەکەیت وەك EDP، EDT، EDC کە هەر یەکەیان واتایەکی هەیە.

کاتێك زستان نزیك دەبێتەوە (EDP Eau de Parfum) هەمیشە باشترین هەڵبژاردنە، چونکە ڕێژەیەکی زیاتری زەیتی سرووشتیی تێدایە، کە وا دەکات بۆ ماوەی ٦-٨ کاتژمێر بۆن بمێنێتەوە، لە کاتێکدا کە EDT Eau de Toilette بۆ ماوەی ٢-٤ کاتژمێر دەمێنێتەوە، EDC Eau de Cologne دوای ٢ کاتژمێر کەم دەبێتەوە.

• خوری بۆ ماوەیەکی زۆر بۆنەکەی دەهێڵێتەوە

خوری بۆن بۆ ماوەیەکی زیاتر دەهێڵێتەوە، بۆیە کاتێك پارچەیەکی خوری لەبەر دەکەیت، بەشێك لە بۆنەکە بپرژێن بەسەر پێستتدا و جلەکانت لەبەر بکە، یان دەتوانیت ڕاستەوخۆ بۆنەکە بپرژێنیت لەسەر خورییەکە.

**ئامادەکردنی: شیلان عەلی**

# پاوەدەری گونجاو بۆ پێستی گەنم ڕەنگ

هەڵبژاردنی پاودەر بەندە بە ڕەنگی پێستەوە، پێستی گەنم ڕەنگ پێویستی بە سێبەری جیاواز هەیە، بۆیە وا باشترە لەبری وەرگرتنی ئامۆژگاریی کەسانی دیکە، خۆت پاودەرەکە تاقی بکەیتەوە.


پێستی گەنم ڕەنگ: پێویستی بە ڕەنگێکە کە کاڵ بێت، هەروەها کەسێك کە پێستی گەنم ڕنگ بێت، پێویستی بە پاودەرێکی کاڵ هەیە بۆ دەموچاوی کە پێست شێدار دەکاتەوە، باشترە بە فۆرمولەی مات بێت لەبری بریقەدار، ئەویش بۆ ڕێگریکردن لە دەرکەوتنی چەوری، بۆ ئەوەی وەك پەڵە دەرنەکەوێت، هەروەها بۆ هەڵمژینی دەردراوەکانی چەوری ئەگەر بتەوێت ڕەنگی پێستت کاڵ بکەیتەوە، بەڵام هەڵبژاردنی پاودەرێکی دەموچاو کە سێبەرەکانی زۆر کاڵتر بێت لە ڕەنگی پێستت، دەبێتە هۆی کاریگەریی نەرێنی، چونکە ئەنجامەکەی بە ئەگەرێکی زۆرەوە پێستێکی خۆڵەمێشی و مات دەبێت، کە ڕەنگێکی زیندووی نییە، چونکە کاڵکردنەوەی پێست بە بەکارهێنانی پرایمەر پێش ئەساس و تەواوکردنی بە پاودەری گونجاو دەست پێدەکات.

سەبارەت بەپێستی ئەسمەریش: ئەوا پێویستی بە سێبەری برۆنزی هەیە، بۆ ئەوەی دیمەنێکی دراماتیك و سەرنجڕاکێش بە پێست ببەخشێت، بەتایبەت لەکاتی دانانی ماکیاژێکی بەهێزدا.



# تابلۆی ڕەخنە لە دار و پەیکەرتایشدا







لە یەکەم نیگادا ڕەنگە وەك وێنەیەکی ئاسایی دەرکەوێت، بەڵام بوونی فرمێسکێك لە چاوی مانگادا پرسیاری زۆر دەوروژێنێت سەبارەت بەو نهێنییەی کە پەیکەرتاشەکە لەم نەخشاندنە زۆر کاریگەرەدا شاردویەتیەوە، لە دیوارێکەوە لە پەرستگای مێنتوهۆتێپی دووەم لە میسر ( ٢٠١٠-٢٠٦٠) پێش زایین. کاتێك کەسێك مانگەیەك دەدۆشێ و مانگەکە فرمێسك بە چاویدا دێتە خوارێ و دەگری و گۆلکەکەی بە قاچێکی بەستراوەتەوە و زۆر زۆر لاواز دیارە، دواجار دەربڕینی ئەو ئازار و دڵتەنگییەی کە مانگاکە هەستی پێدەکات لەکاتی دزینی شیرەکەی کە خۆراك و ڕۆحە بۆ بێچووەکەی، بەڵام بێدەسەڵات وەستاوە و هیچی لە دەست نایە، وێنەیەکی بلیمەتانە کە گوزارشت لەو شتانە دەکات کە لە سەرەتای مێژووەوە تا ئێستا ڕوودەدەن، سەرچاوە و دەستکەوتەکانمان لەلایەن کەسانی نامۆوە دەدزرێن و چێژیان لێ وەردەگیرێت لە کاتێکدا خەڵك بە هەژارییەکی سەختەوە دەناڵێنن.





# ڕەشترین و مانترین ڕەنگی پێستی مرۆڤ

ڕەنگی پێستی مرۆڤ لە تاکێکەوە بۆ کەسێکی دیکە جیاوازە، بەڵام هەندێك کەس هێندە ئەسمەرن، کە بە جیاواز لە نێو خەڵکی ئاساییدا دەردەکەون، وەك ئەو کچە سوودانییە کە بووەتە جێگەی باسی خەڵك و میدیاکاران، پێستی هێندە داڕك و تۆخە لە ڕەشیدا، وەك ئەوەی جەستەی و پێستی بە ڕەنگی ڕەش بۆیە کرابێت، ئەو کچە ناوی (نیاکیم گاتویش)ـە خەڵکی باشووری سودانە، بەڵام هەڵگری ڕەگەزنامەی ئەمریکایە و ئێستا لە ئەمریکا دەژی، کاری نمایشکاری جلوبەرگە، تەمەنی ٢٤ ساڵە وەك خۆی دەڵێت، زۆر شانازی بەو ڕەنگە جیاوازەی پێستییەوە دەکات.

# تاوەری شەیتانی سامناک

تاوەرێکی ئاڵۆزە، بە تاوەری شەیتانەکان ناسراوە، ئەم تاوەرە دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئەمریکا و بەرزییەکەی زیاتر لە ١٢٦٦ پێیە. ئەم بەردە لە ماوەی نزیکەی ٦٥ ملیۆن ساڵ چالاکیی گڕکانەکاندا درووست بووە، یەکێکە لە وروژێنەرترین پێکهاتە سرووشتییەکان و کۆمەڵێکە لە هاوتوخمی گڕکانی، ئەم لووتکەیە زۆر بەرزە، نزیکەی ٣٨٦ مەتر لە سەرووی زەوی دەوروبەری بەرز ترە، لووتکەکەی ١٥٥٨ مەتر لە ئاستی دەریاوە بەرزە، زانایانی جیۆلۆجی پێیان وایە ئەم تاوەرە پاشماوەی وەرینی بارستەیەکی گەورەی بەردی گڕکانە لەسەر چینێکی بەردی نیشتوو، هاوکات باران و بەفر کاریگەریی بەردەوامیان لە پرۆسەی وەرینی ئەو بەردە نیشتووانەی دەوری بنکەی تاوەرەکە داوە، ئەمەش ڕەنگە بەشێکی دیکەی زیادکراو بۆ ئەم تاوەرە ئاشکرا بکات.



# گۆزە و کووپ و کەرەستەی کوردەواری بایەخیان پێ نادرێت

خاتوو مریەم عەلی، کە کاری نمایشکردن و فرۆشتنی گۆزە و کەرەستەی کوردەواری دەکات، لە زۆربەی نمایش و فیستیڤاڵەکاندا بە بەرهەمە شایستەکانیەوە بەشداری دەکات، کە گۆزە و کووپ و کەرەستە نایابەکانی لە خۆڵ و قوڕەسوور و زیخ دروست دەکرێن و پاشان ئەوانیش دەیهێنن و نمایشی دەکەن، جگە لەوەی کەرەستە لە وڵاتانی دیکەش دەهێنن بۆ ئەوانەی کە خواستیان لەسەر کەرەستەکانی دەرەوە هەیە. سەبارەت بە کارەکەی، مریام عەلی لە دیدارێکی گوڵاندا گوتی: «ئەو کەرەستانە لە تەندووردا سوور کراونەتەوە کراون، گرنگیی ئەو گۆزانە لەوەدایە کە ئاو پاك دەکەنەوە، دکتۆرەکانیش وادەڵێن، چونکە دوای مانەوەی ئاو لە نێو بۆرییەکاندا، ئاو هیچ بایەخێکی تەندرووستی نامێنێت، بەڵام بە دانانی لە نێو ئەو گۆزانەدا دەبێتە هۆکاری زیندووبوونەوەی ئاوەکە، کە ئەوەش بە کاریگەریی ماددەکانی پێکهاتەی گۆزە و کووپەکانە لە ئاوەکەدا، کە چەندین جۆر و قەبارەیان هەیە، هەیانە ئەوەندە بەژنی پیاوێکە»، سەبارەت بە نرخ و جۆرەکانیشیان، مریام عەلی گوتی: «ئێستا گۆزەکان نرخیان لە نێوان ٨ تا ٤٥ هەزار دینناردایە، کە بەرگ کراوە و زیاتر دەپارێزێت، دانانی ئەو کەرەستانە جگە لەوەی بەسوودن، هەروەها جوانی و دیکۆرێکی ناوازە بە ناوماڵ دەبەخشن، بەڵام بە داخەوە زۆربەی کەرەستەی کوردەواری کەم بوونەتەوە و ڕێژیەکی کەم هەن، ئێمە سەرەتا بیرۆکەی تەندوورمان دانا، بەڵام دواتر بیرمان لە نمایشی کەرەستەکان کردەوە و سەرکەوتوویش بووین».



# گەوهەرەکانی ژێر دەریا




لە سەردەمی شەڕی وڵاتان لە کۆندا، خەڵك مەبەستیان بووە ئەو گەوهەرانە لە ژێر ئاوی دەریادا بشارنەوە، بەم دواییە تیمەکانی زانستی و گەڕان بەدوای گەوهەرەکانی ژێر ئاو و دەریادا چەندین گەوهەریان دۆزیتەوە، لەوانە: دۆزینەوەی شاری نوقمبووی (هەرقەلییەکان)، کە بەر لە (١٢٠٠) ساڵ ژێر ئاو کەوتووە، ئەو شارە دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی کەناری ئەسکەندەرییە، گەوهەرێکی دیکە لەژێر ئاودا دۆزراوەتەوە بریتییە لە بزوێنەرەکانی کەشتیی ئەبالۆن (١١)، کە لە ساڵی (١٩٦٩) کەوتووەتە ژێر ئاوی دەریاوە، دۆزینەوەی کەشتیی (چەتە سمێڵ ڕەشەکان) کە ناوی کەشتیی (ئێدوارد ئیتش) بووە کە لە ساڵانی (١١٨٠ تا ١٧١٨) ژیاوە، دوا گەوهەر بریتییە لە دۆزینەوەی (٦١) تەن لە زیوو، کە لە کەشتییەکی بەریتانیدا بووە و لەلایەن هێزەکانی ئەڵمانەوە تێك شکێندراوە، دواجار ئەویش دۆزرایەوە.

## کاریکاتێر



ئەم کاریکاتێرە گوزارشت لەو دز و هاککەرانە دەکات کە دەیانەوێت لە ڕێگەی سایبەر و تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە، سامان و پارەی خەڵکی بدزن، ئەویش بە ڕێگەی فۆڕم و فێڵ و تریکی جۆراوجۆر.

## دیمەنە سەیرەکان



دیمەنی ڕاستەقینەی دارستانێکی شاراوەیە کە بەم دواییە لە ژێر زەویدا لە چین دۆزراوەتەوە، هێندە سەرسوڕهێنەرە، ڕەنگە ببێتە یەکێك لە سەیر و سەمەرەکانی جیهان.

## یاسا



**قەرزاریی خانەنیش**

قەرزارەکەم مووچەی خانەنشینی وەردەگرێت، ئەگەر سکاڵای لەسەر تۆمار بکەم بەند (حبس) دەکرێت؟

قەرزار خاوەنی مووچەی خانەنشینییە، کە لە دەوڵەت وەری دەگرێت، بۆیە ناکرێت حەبس بکرێت. خاوەن قەرز داوای حەبسکردنی قەرزاری کردووە، بەڵام دادوەری بەرایی بڕیاری داوە بە ڕەتکردنەوەی داواکارییەکە، لە پاش تەمیز کردنەوە، دادگای تێهەڵچوونەوە بە سیفەتی پێداچوونەوە،بڕیاری داوە بە پەسەندکردنی بڕیاری دادوەری بەرایی.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

سەرنج بخەرە سەر پرۆژە باش و گرنگەکان، بەڵام بەشێوەی ستراتیژی کارەکانت ڕێك بخە، لە لایەنی سۆزدارییەوە واز لە بیرکردنەوەی خراپ بهێنە، چونکە زیانی هەیە، ئەرێنی بە و لاپەڕەی نوێ هەڵ بدەرەوە، باشترە پشت بە خۆت ببەستیت.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

بەرپرسانی کارەکەت ئەرکێکی نوێت پێ دەسپێرن، کە ڕەنگە وەك سەرۆکێك ڕۆڵی تێدا بگێڕیت، ئەمەش چانسێکی زۆرباشە، پەیوەندیت لەگەڵ خۆشەویستەکەت زۆرباش دەبێت، ئەگەر پلانێکت لە مێشکدا هەیە ئێستا باشترین کاتە بۆ ئەنجامدانی.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

بەرپرسانی کارەکەت سەرسام دەبن بە تواناکانت، چونکە بە شێوەیەکی ئاسان کێشەکان چارەسەر دەکەیت، هەرگیز بەڵێنێك مەدە کە ناتوانیت جێبەجێی بکەیت، دووربکەوەرەوە لە ئەنجامدانی هەرکارێك کە بێبیرکردنەوە ئەنجامی بدەیت.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

لە ڕۆژانی داهاتودا پرۆژەی نوێ دەخرێتە بەردەمتدا، هاوکات هەنگاوی باشتر دەنێیت، خۆشەویستیت بۆ خێزان و هاوڕێکانت وادەکات پشتت پێ ببەستن، دڵتەنگ مەبە دەربارەی ئەو هەستانە ناخۆشانەی هەتە، چونکە وات لێ دەکات بەهێزتر ببیت.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

هەست بە ئاسوودەیی و دڵنیایی ناکەیت، بەهۆی ئەو بەربەستانەی ڕووبەڕووت دەبێتەوە، بەڵام دەبێت بەهێز بیت، لە ناو خێزانەکەتدا هەست بە تەنیایی دەکەیت، ئەمەش هەڵەیە، چونکە گۆڕانکاری ڕوودەدات، پێش ئەوەی هەر کارێك ئەنجام بدەیت ڕاوێژ بە کەسانی چوار دەورت بکە.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

هێندە بەربەستەکانی بەردەم کارەکەت بە گران وەرمەگرە، بەڵکو ڕووبەڕوویان ببەرەوە و بایەخیا پێ بدە، تا چارەسەریان دەکەیت، هەمیشە لە کاتی بوونی ناکۆکیدا بە ئارامی ڕەفتار بکە و، لەخۆتەوە بڕیار مەدە، ئێستا کاتێکی گونجاوە بۆ جێبەجێکردنی چالاکییەکانت.

## بۆ زانیاریت

# بۆچی لە زستاندا پلەی گەرما نزم دەبێتەوە

هەرچەندە زەوی لە نزیکترین دووریی خۆیدایە لە خۆرەوە، تیشکی ژێر سوور کە لە زەویەوە دەردەچێت، هۆکاری ئەو گەرمایەیە کە لە هاویندا، یان زستاندا هەستی پێ دەکەیت. زەوی تیشکی خۆر بەدەست دەهێنێت و وەك وزەی گەرمی هەڵیدەگرێت، چریی ئەو تیشکانە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە دەگۆڕێت بەپێی گۆشەی ڕوودانی تیشکەکە و جۆری خاکەکە، پاشان ڕووی زەوی دووبارە ئەم وزەیە بە شێوەیەکی دیکە دەرددەدات. بۆ نموونە ئاو گەرمی زیاتر لە خاك بەدەست دەهێنێت، خۆڵیش گەرمیی زیاتر لە خاکی گڵین بەدەست دەهێنێت. کاتێك لە ڕووی زەوی دوور دەکەوینەوە بەرەو لووتکەی شاخەکان، وەك ئەوەیە لە سەرچاوەی گەرما دوور دەکەوینەوە، بەو پێیەش پلەی گەرمی کەم دەبێتەوە. نزیکبوونەوەی زەوی لە خۆر هیچ پەیوەندییەکی بە بەرزبوونەوە یان دابەزینی پلەی گەرمییەوە نییە، چونکە دوورکەوتنەوە یان نزیکبوونەوە لە مەودای نزیکەی سێ ملیۆن کم، هیچ نییە بەراورد بەو مەودای گەورەیەی نێوان خۆر و زەوی، کە ١٥٠ ملیۆن کیلۆمەترە. بەڵکو میحوەرەکەی زەوی لە وەرزی زستاندا بە گۆشەی ٢٣,٥ لە خۆر دوور دەکەوێتەوە، لە نیوەگۆی باکووردا ئەمە دەبێتە هۆی مایلبوونی کەوتنی تیشکی خۆر، و بەم شێوەیە بڵاوبوونەوەی بەسەر ڕووبەرێکی فراوانی زەویدا، بەجۆرێك کە کەوتنەکە لە ناوچەیەکی دیاریکراو یان بچووکدا چڕ نابێتەوە، وەك ئەوەی لە هاویندا ڕوو دەدات، کاتێك ڕۆژەکان درێژن و تیشکەکان بە شێوەیەکی ڕاست دێنە خوارەوە، بۆیە ڕەنگدانەوەی کەم دەبێتەوە و زەوی زۆرترین تیشکی خۆر بەدەست دەهێنێت.

## فیلم

### خۆشەویستی لەبیرکراو - Forgotten Love




فیلمێکی ڕۆمانسی و کۆمەڵایەتییە، باس لە گەنجێك دەکات کە خێزانەکەی لە دەستداوە، ئەوەش وای لێ دەکات کە زووزوو بیر لە خێزانەکەی بکاتەوە، ئەویش بە بیرەوەری لەگەڵ کەسێکی خۆشەویستی کە دەگەڕێتەوە بۆلای، دەتوانێت بیرەوەرییەکانی بۆ بگەڕێنێتەوە و وەڵامی ئەو پرسیارانەی بداتەوە کە دەویست، ماوەی فیلمەکە دوو کاتژمێر و ٢٠ خولەکە، لە مانگی ٩ی ئەمساڵ فیلمەکە تەواو بووە و لە ئێستادا نمایش دەکرێت، لە دەرهێنانی میشاڵ گازدا، لە نووسینی تاماسز ئوگوستنیك، لە نواندنی: لیسیزك لۆچۆتا، ئانا سزیمانسیزك، لگانسی لیس، مالقۆرزاتا میکولۆنزاك، ئیزابیلا کونا.



## پەند و وتە

جواناسان سویفت، قسەخۆش و نووسەری ئیرلەندی، لە ساڵی ١٦٦٧ لە دبلن لە ئیرلەندا لەدایکبووە، لە ساڵی ١٧٤٥ هەر لە ئیرلەندا کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی یاسا دەڵێت: «یاساکان هاوشێوەی تۆڕەکانی جاڵجاڵۆکەن، کە هەمیشە مێشوولە بچووکەکان دەگرێت، بەڵام ڕێگە دەدا مارمێلکەیەك بەناویدا تێپەڕێت».



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا کەسێك دانیشتووە و سەری نییە، دەستیشی لەسەر سەرێك داناوە لە تەنیشت خۆی، هەوڵ بدە فێڵکاریی وێنەکە لە ماوەی ٣٠ چرکەدا بدۆزیتەوە.

**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

ئەمڕۆ بە پەرۆشەوە کاردەکەیت و هەست بە بوونی وزەیەکی زۆری ئەرێنی دەکەیت، ئەمەش کاریگەریی باشی لەسەر کارەکەت هەیە و بەرپرسانی کارەکەت متمانەی زیاتر پێ دەکەن، لەلایەنی کۆمەڵایەتییەوە توانات هەیە بە ئاسانی بەسەر بەربەست و قورساییەکاندا زاڵ بیت، هاوکات پەیوەندییەکانت لەگەڵ هاوڕێکانتدا چالاکتر بکە.

**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

هەوڵ بدە واز لە ڕۆتینی ڕۆژانە بهێنە و داهێنان بکە، بۆ ئەوەی گۆڕانکاری لە بەرهەمی کارەکانتدا درووست ببێت، لەلایەنی سۆزدارییەوە جیاواز لە تاقیکردنەوەکانی ڕابردوو، متمانەبەخۆبون یارمەتیت دەدات بۆ ئەوەی بچیتە قۆناغێکی نوێیەوە، پێش بڕیاردان لەسەر هەر شتێك وردەکارییەکان بزانە، با نەکەویتە هەڵەوە.

**شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

وازبهێنە لە گفتوگۆی بێ سوود، چونکە زیانی هەیە و تووشی کێشە دەبیت، کاتێك هەست بە تووڕەیی دەکەیت، خۆت لە خۆشەویستەکەت دوورمەخەرەوە و ڕاستگۆیانە هەستەکانت دەربڕە، بۆ ئەوەی لەدەستی نەدەیت.

**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**


پێویستە لە کاتی پێویستدا ئامادەبیت هاوکاری هاوپیشەکانت بکەیت و ئاگاداری کارەکانیشت بیت و ورد بیت، نەرمی نواندن و بە سۆزەوە ڕەفتارکردن، کاریگەری لەسەر چواردەورەکەت هەیە و زیاتر لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە نزیك دەبیتەوە لە ئازیزانت، بۆیە وریای هەڵسوکەوتەکانت بە.

**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

بڕیاری نوێ دەدەیت و هەنگاوی باشتر دەنێیت بەرەو داهاتوو، بە شێوەیەکی لۆژیکی بیر بکەرەوە، چونکە کەسانێك دەیانەوێت سوود لە ناکۆکییەکانی نێوان تۆ و خۆشەویستەکەت وەربگرن، باشترە گەشێك بکەیت و بحەوێیتەوە.

**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**


پێداچونەوە بە تەواوی پلان و کارەکانتدا بکە، چونکە بوونی هەڵەیەك کاریگەریی نەرێنیی دەبێت لەسەر کارەکەت، هەوڵ بدە لەلایەنی سۆزدارییەوە ڕووبەڕووی قورساییەکان ببیتەوە، پێش ئەوەی ببێتەهۆی گەورەکردنی کێشەکان، ئەم ماوەیە واز لە دڵت بهێنە و بە مێشك بڕیارەکان بدە.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone

# ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

Gulan Weekly

December 11, 2023 Issue,No.1393

# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:

Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
.............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و رێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە رێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez District 240/1/626